

حیزبی دێموکراتی کوردستان

[ نوێنەرایەتی بریتانیا ]

# کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا

## پێشکەش بە کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات



ئامادەکردنی:

**مەولوود سوارە**

کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا
ئامادەکردنی: مەولوود سوارە

# کار و تێکۆشانی
# حیزبی دێموکراتی کوردستان
# لە بریتانیا

## پێشکەش بە کۆنگرەی شەهیدانی
## ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات

ئامادەکردنی:
**مەولوود سوارە**

ناوی بڵاوكراوه:
كار و تێكۆشانی
حیزبی دێموكراتی كوردستان له بریتانیا

ژماره:
ڕاپۆرتی ژماره ٧
كۆنگرەی ١٦ بۆ ١٧
ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٩

ئامادەكردنی:
مەولوود سواره

گرافیك:
مراد بەهرامیان

چاپ و بڵاوكردنەوه:
ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموكراتی كوردستان له دەرەوەی وڵات

ئیمەیل:
info@kdppress.org
kdpeu@yahoo.com

وێبسایتەكان:
www.kurdistanukurd.com
www.kdpmedia.org
www.kdppress.org
www.kurdch.tv
www.shehid.com
www.lawan.com
www.xoragri.com
www.chawnews.com
www.rabari.org

# کار و
# تێکۆشانی
# حیزبی دێموکراتی
# کوردستان
# لە بریتانیا
# ٢٠١٦

# ڕێوڕەسمی نەورۆز لە پارلمانی بریتانیا

١٥ی مارسی **٢٠١٦** هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەڕێزان دوکتۆر سەعید شەمس و مەولوود سوارە بەشدری نەورۆزیان لە پارلمانی بریتانیا کرد.

ئەم بەرنامەی بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردان و دۆستانی بیانی نوێنەری حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستانی و هەروەها بەڕێز جێرمی کۆربین سەرۆکی حیزبی کارگەری بریتانیا

**بەڕێز ئانگس مەکیی کۆنسولی بریتانیا لە کوردستان (هەولیری پایتەخت)**

**بەڕێز کاک کاروان جەمال تاهیر نوینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا**

**یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان**

**خاتو بارونێس نیکسۆن نوێنەری بازرگانی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە عێراق.**

**بەڕێز جان لۆبۆک ڕۆژنامەنووس و فیلم ساز یادگارەکەی لۆرد ئیفبیری دۆستی کوردان و زۆر کەسایەتی تری کورد و بیانی ئامادەی مەراسمەکە بوون.**

لەم میانەی ئەم بەرنامەیەدا دیدار تازەکردنەوەمان لەگەل بەشێکی بەرچاو لەدۆستان کرد.

**نوێنەرایەتی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا**














# نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان



له ١٦ی مارسی ٢٠١٦ پارلمانی بریتانیا به بەشداری بەڕێز نەدیم زەهاوی ئەندامی پارلمانی بریتانیا ئیل یۆد تۆبایس وەزیر بۆ کاروباری خۆرهەلاتی نێوەراست هەروەها هێلری بێن وەزیری دەرەوەی (لەسایە) لیبەر پارتی هەروەها ڕەوەندی کوردی یادی ٢٨ ساڵەی کیمیابارانی هەڵبجە کرایەوە.

لەم کۆڕیادە بەدرێژە لەسەر ئەم کارەساتەو هەروەها بریندارەکانی ئەم ڕووداوە قسە و لێدوان کراو فیلم و دۆکیمەنت لەوپیوەندیەدا نیشان درا.

بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**



# کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست

**لە کۆبوونەوەی نێوان خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیتدا بابەتەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی جیهانیو ڕۆڵو نەخشی ئەو ڕێکخراوەیە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.**

ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ ی خاکەلێوە ( ٢٤ی مارسی ٢٠١٦ ی زایینی) سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لەندەنو لە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیت چاوی بە لوئیس ئەیالا، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە نێودەوڵەتییە کەوت.



لە سەرەتای ئەو دیدارەدا خالید عەزیزی سەبارەت بە وەرگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیت، سپاسو قەدرزانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە گەیاند. دواتر دوو لایەن لە سەر بابەتە ڕۆژەڤەکانی سیاسەتی جیهانی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەو دیدارەو لەو پێوەندییەدا لوئیس ئەیالا باسێکی گشتیی لە کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسانەدا کردو، لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەی داهاتووی شورای ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستو هەروەها ئامادەکارییەکان بۆ گرتنی کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیە لە مانگی نۆڤامبری ئەمساڵدا، کۆمەڵە بابەتێکی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنایە بەرباس. هەروەها سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە پێوەندی لەگەڵ کاراتر کردنی گرووپی کاری کوردان لە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیتدا کۆمەڵە پێشنیارێکی بە لوئیس ئەیالا دا کە لەلایەن بەڕێزیانەوە گرینگیی تایبەتیی پێدرا.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنەدا کاک خالید عەزیزی باسێکی گشتیی لە دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پرسی کورد لە ناوچەو گۆڕانکارییەکانی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێنایە گۆڕێ. لەو بەشەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە لوئیس ئەیالا کرد کە وەک خۆیو هەروەها ڕێبەرانی حیزبەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیت کە دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکانیان بە دەستە یان لە دەسەڵاتدا بەشدارن، فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی تا کۆتایی بە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ئێران بێنێو، مل بۆ چارەسەری سیاسیی پرسی کورد ڕاکێشێ.

پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد بابەتێکی دیکە بوو کە کاک خالید عەزیزی لەگەڵ لوئیس ئەیالا هێنایە گۆڕێ. لەو پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە لوئیس ئەیالا کرد کە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیت دەبێ ڕۆڵی زیاترو چالاکتر لە پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت پرسی کوردو دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕێو ئەندامەکانی بۆ شوێندانانی زیاتر لە سەر ئەو گۆڕانکارییانە هان بدا.

شایانی باسە لە کۆبوونەوەیەدا خاتوو لەتیفە پیری، کارگێڕو بەڕێوەبەری ئیداریی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیتو؛ مەلوود سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری SI بەشداری کۆبوونەوەکەو باسەکانی بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**

# بەڕێوەچوونی ئێوارەخوانێك بۆ سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە نوێنەرایەتی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە فەرانسە



**ناوەندی هەواڵ- فەڕانسە: ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٥ی مارسی ٢٠١٦ (٦ی خاكەلێوەی ١٣٩٥) نوێنەرایەتی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە فەرانسە، ئێوارەخوانێكی بۆ كاک خالید عەزیزی، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان پێک‌هێنا. لەم ئێوارەخوانەدا كە بە بەشداریی ژمارەیەكی بەرچاو لە كەسایەتی و چالاكانی سیاسیی هەر چوارپارچەری كوردستان بەڕێوەچوو كاک خالید عەزیزی چەند وتەیەكی پێشكەش كرد.**

سەرەتا بەرێز دارا ئەبوبەكر نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان لە فەرانسە میوانانی بەخێرهاتن كرد هەروەها بەریزیان ئاماژەی بە گرینگی دانی نوێنەرایەتیەكەیان بەم كۆرو كۆبونەوانەو لێک نیزیێک كردنەوەی هێزو لایەنە كوردستانیەكان دا .

دواتر كاک خالید عەزیزی وێڕای سوپاس و پێزانین لە نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم و بەخێرهاتنی میوانانی بەشدار وتەكانی پێش كەش كرد

كاک خالید لە وتەكانی‌دا تیشكی خستە سەر هەلومەرجی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەراست و مەسەلەی كورد بە گشتی و







ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و ڕۆڵی ئێران لەم کێشانەدا. هەروەها شیکردنەوەیەکی وردی لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دواتر هێزە سیاسییە کوردییەکان پێشکەش کرد و گرنگیی یەکگرتوویی و هاوپێووەندیی حیزبە کوردییەکان و بە تایبەت یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکراتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە شی کردەوە.

لە پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا کاک خالید تەئکیدی لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان کردەوە.

لە درێژەی قسەکانی‌دا کاک خالید ئاماژەی بە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوازەکانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لەم چوارچێوەیەدا خەباتی مەدەنی و پشتگیری کردنی چالاکانی مەدەنیی بە گرنگ هەڵسەنگاند و ڕایگەیاند کە پێویستە بە ئەزموون وەرگرتن لەو شێوازانەی کە سی‌و چەند ساڵی ڕابردوودا تاقیکراونەتەوە، بیر لە شێوازی گونجاو بۆ ئەم سەردەمە بکرێتەوە و، خەڵک هان‌بدرێ بەرامبەر بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەریان کەمتەرخەم و بێ تەوفاوت نەبن و هەوڵ بدەن تەنانەت لە بچووکترین دەرفەتەکانیش بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی سیاسیی و خەباتکارانەی خۆیان کەلک وەرگرن.

دوابەدوای قسەکانی کاک خالید، بەشدارانی کۆبوونەوەکە پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان لەپێوەندی لەگەڵ بابەتە باسکراوەکان‌دا خستەڕوو و کاک خالید وڵامی پرسیار و تێبینییەکانی دایەوە. لە کۆتاییدا بەرنامەکەدا بە پەزیرایی لە میوان و بەشدارانی ئێوارەخوانەکە کۆتایی پێ‌هات.



























# لۆرد ئێڤیبێری، ئەو دۆستە بە نرخەی، لە بیر حیزبی دیموکراتی کوردستان ناچێتەوە

**لە ١٤ی فیوریەی ئەمساڵ، لۆرد ئێڤیبیری لە تەمەنی ٨٧ ساڵی دا ماڵاوایی لە ژیان کرد.**



**لۆرد ئێڤیبێری کێ بوو؟**

لۆرد ئێڤیبیری، کەسایەتییەکی سیاسیو مرۆڤدۆستی بریتانیایی بوو.

لۆرد ئێریك ئێڤیبیری (Eric Reginald Lubbock) سیاسەتوانێکی لیبراڵ دێمۆکرات بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢-١٩٧٠ وەک ئەندامی پارلمان، لە ساڵی١٩٩٩یشەوە تا کاتی مەرگی لە پارڵمانی لۆردەکان خزمە تی کردوە.

ساڵانی منداڵیو قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی لە کانادا و بریتانیا تێپەڕ کرد. پاشان لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆی ئۆکسفۆرد وەرگیرا. پاش خزمەت کردن لە هێزی گاردی وێڵز لە کۆمپانیای ڕۆلز ڕۆیس دامە زراو، تا ساڵی ١٩٦٠ لە سەر ئەم کارەی بەردەوام بوو.

ئێریک، دواتر بوو بە ئەندامی حیزبی لیبراڵ دێمۆکراتو ساڵی ١٩٦٠ بوو بە نوێنەری هەڵبژێردراوی حیزبەکەی بۆ ناوچەی ئۆرپیبگتۆن. ساڵی ١٩٧٠ بوو بە یەکێک لە سێ کاندیدی سەرۆکایەتیی حیزبی لیبراڵ دیموکرات، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنایەوە. ئەو دوایی بوو بە وتەبێژی

لیبراڵەکان لە کۆمیسیۆنی پارلمان بۆ کاروباری پە نابەرانو پێوەندیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان. بەم جۆرە ئێریک پێی نایە مەیدانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤو هەر بەو مەبەستەش گرووپێکی پارلمانیی تایبەت بە مافی مرۆڤی دامەزراند کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ سەرۆکایەتیی ئەم گرووپەی کرد. ئێریک هەر وەها ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارڵمان بوو.

بەستێنی بایەخدانی لۆرد ئێڤیبێری بە مافی مرۆڤ هەر تەنیا نێوخۆی بریتانیا نەبوو. ئەو، بارودۆخی مافی مرۆڤ لە نێو نەتەوەو وڵاتانی دیکەو کاریگەریی پێوەندییەکانو سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهاندای بە پرسی خۆی دەزانی. کورد یەک لەو نەتەوە بندەستانە بوو کە لۆرد ئێڤیبێری ڕوانینو هەڵوێستی لایەنگرانەی بەرامبەریان هەبوو، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووداوە سیاسییەکانی پێوەندیداربە کوردستانو نەتەوەی کوردی خستبووە نێو چەقی سەرنجو بە دواداچوونەکانی.

بوارێکی دیاری تێکۆشانی لۆرد ئێڤیبێری، چڕبوونەوە لە

سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی و لەقاودانی تیرۆرو تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە لە دژی خەڵکی ئێران بوو. لە پێوەندی لە گەڵ سەرکوت و تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دا کۆمەڵێک کتێبی بە نرخ، پڕ لە بەڵگەو زانیاریی سەلمێندراوی ئامادەو بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٩٤ کتێبی «ماشێنی مرۆڤکوشتن لە تاران»، ساڵی١٩٩٦ کتێبی »ئێران: حکوومەتی تیرۆر»، ساڵی ١٩٩٥ کتێبی «فتوای مردن»، پاییزی ١٩٩٨ کتێبی »قەتڵە زنجیرەییەکان»، هەر لە دەیەی ٩٠ دا کتێبێکیشی لە بارەی بێمافییەکانی ژنان لە ئێران، بڵاو کردەوە.

هۆگریی لۆرد ئێڤیبێری بە پرسی کورد بە گشتیو پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتو ڕێزدانانی بۆ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕادەیەک بوو کە لە سمینارو کۆڕو یادەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ڕێبەرانی شەهید، دکتۆر قاسملووو دوکتۆر شەرەفکەندیدا بە شێوەیەکی شوێندانەر ئامادە دەبوو. لۆرد ئێڤیبێری لەو وتارانەی لەم کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتانەدا پێشکەشی دەکردن، لەو پەیامانەدا کە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەناردن، لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لە گەڵ بەرپرسانو نوێنەرانی حیزبی دیموکراتدا هەمیشەو بە ڕاشکاوی پشتیوانیی لە خەباتی ڕەواو مافخوازانەی گەلی کورد دژی ڕێژیمی ئێران دەکرد، دژی تیرۆرو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە خەڵکی کوردستانو حیزبی دیموکرات، هەڵوێستی دەگرت. ئێعدامو بەندکردنی تێکۆشەرانی کورد،کوشتنی کۆڵبەرانو هەوڵی سەرکوتکەرانەی ئەو ڕێژیمە بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانی کوردستانی مەحکووم دەکرد. هەوڵە بەنرخەکانی لە پارلمانو لە کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیاو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی چارەنووسی ٦تێکۆشەری حیزبی دیموکرات کە لە لایەن «بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان»ەوە تەحویلی













ڕێژیمی ئێران درانەوە، هەر وەها بەشداریی پێشەنگانەی لە کەمپەینی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوو لە ڤییەن، نموونەیەک لە پشتیوانیو هاوسۆزیی ئەو کەسایەتییە مرۆڤدۆستە لە گەڵ خەڵکی کوردستانو حیزبی دیموکرات بوون. هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردو بەردەوامبوون لە سەر پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، ببوون بە بەشێکی هەمیشەیی لە ئەرکی مرۆڤدۆستانەی ئێڤبیبێری. کەم کارەساتو تاوان دژی خەڵکی کوردستان هەبوون کە ئێریک لە ئاستیان بێدەنگو بێهەڵویست بووبێ. تەنانەت لەم یەک دوو ساڵەی دواییش دا کە لە گەڵ نەخۆشیەکی سەخت لە ململانێ دابوو، لەم ئەرکەی هەرغافڵ نەبوو، وەک نموونە کاتێک کارەساتی سووتانی منداڵانی گوندی شیناوێ ڕووی دا، ئێریک دژی کەمتەرخەمیو بێتەفاوەتییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران دەنگی هەڵبڕیو هەوڵی دا گوشار بخاتە سەر بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان لە ئاست قوربانییەکانی ئەو ڕووداوە، جێبەجێ بکەن.

لۆرد ئێریک ئێڤبیبێری، لە پارلمانو لە کۆمیتەی مافی مرۆڤو لە ژیانو تێکۆشانی ڕۆژانەی خۆیدا، دەنگی بوێری ویژدانی مرۆڤدۆستانو هاواری ڕاشکاوانەی زۆرلێکراوانو بێبەشان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان، بوو. خەڵکی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆچی دوایی لۆرد ئێریک ئێڤبیبێری، دۆستو پشتیوانێکی بە توانا و بە نرخیان لە دەست دا.

فێوریەی ئەم ساڵ، لۆرد ئێڤبیبێری لە کاتێک‌دا کۆچی دوایی کرد کە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرگەرمی گرتنی شازدەیەمین کۆنگرەی خۆی بوو. سەرقاڵبوونی ئەم حیزبە بە کاروباری کۆنگرە، بە داخەوە وای کرد نەتوانین بەو جۆرە کە شایانی ئەو گەورە پیاوە بوو، لە کاتی خۆیدا بەداخبوونی خۆمان لە مەرگی ڕابگەیەنینو ئەمەگناسانەو بە تیرو تەسەلی باسی خزمەتەکانی بە گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین.

ڕۆژی سێ شەمە ١٢ی ئاپریلی ٢٠١٦، وەک وەفایەک بۆ ئەم هەمووە هاوسۆزی، پشتیوانیو هاوخەمییەی لۆرد ئێڤبیبێری لە گەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات، هەیئەتێکی ئەم حیزبە پێکهاتوو لە بەڕێزان مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزبو فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات چوونە سەر گڵکۆی بەڕێز لۆرد ئێریکو چەپکە گوڵی ڕێزو وەفاداریان لەسەر دانا. هەیئەتی حیزب وێڕای بە جێهێنانی ڕێوڕەسمی ڕێزدانان بۆ کەسایەتییە مرۆڤدۆستە، گیانی ئەو دۆستە گەورەیان دڵنیا کردەوە کە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانیو خزمەتە بە نرخەکانی بەم حیزبەو گەلی کوردو خەڵکی ئێران، لە بیر ناکەنو هەموو کات بە ئەمەگناسییەوە، یادی دەکەنەوە.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٢ی ئاپریلی ٢٠١٦**



# بانگێشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یادکردنەوەی شۆڕشی گوڵان



٢١ی مەی ٢٠١٦ بە بۆنەی تێپەڕبونی ٤٠ ساڵ بەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ناوچەی بێرمیینگهام و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لقی شەشی پارتی بۆنەیەکیان سازدەکات لە کاتژمێر ٢-٥ ئێوارە.

بۆ ئەم مەبەستە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگێشتی ئەم مەراسمە کرابوو، کە بەڕێزان مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا و کاک مەحمەد میراوەیی بەشداریان کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا**



# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی مەی ٢٠١٦ی زایینی کۆنفڕانسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا و لە شاری بیرمینگهام بەڕێوە چوو. کۆنفڕانس کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە بریتانیا و چاوەدێری هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب، بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد و بەرنامەو کاری کۆنفرانسی بۆ ئەندامانی ئامادە بوو خوێندرایەوە. پاشان ڕزگار قادرزادە بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی بریتانیا ڕاپۆرتی سیاسی- تەشکیلاتی کۆمیتەی بریتانیای پێشکەش کرد و بە دوای ئەویشدا فەرزاد حیکمەت بەرپرسی بەشی دارایی کۆمیتە، بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێکی ماڵی، کۆتایی بە بەشی یەکەمی کارەکانی کۆنفڕانس هێنا.

بەشی دووەمی کارەکانی کۆنفڕانس تەرخان کرابوو بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کاری کۆمیتە و بۆ بیروڕ ئاڵوگۆڕ کردن و ڕەخنەو پێشنیار کە ئەندامانی حیزب بەبەشداری زۆر چالاکانە باسەکانیان دەوڵەمەند کرد و پرسیارەکان لە لایەن هاوڕێیانی بەرپرسەوە وەڵام درانەوە. بەشی کۆتای کۆنفرانسەکە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژادنی ئەندامانی کۆمیتەیەکی نوێ، بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری حیزب لە وڵاتی بریتانیا، کە لە پرۆسەیەکی دێموکراتیکدا ئەندامانی بەشدار، نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەندامەتی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی بریتانیا هەڵبژارد و ئەندامانی کۆمیتەش بەرپرسی تازەی کۆمیتەیان بە تێکڕای دەنگ هەڵبژارد . کۆنفڕانس کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ بە سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا .

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**







# کۆبونەوەی گروپی پارلمانتەرانی بریتانیا بۆ باشووری کوردستان

ڕێکەوتی ٢٣ی مەی ٢٠١٦ گروپی پارلمانتەرانی بریتانیا کۆبونەوەیەکیان بۆ دوو پارلمانتەری کورد لە کوردستانی باشوور رێکخست.
سەرەتا بەرێز کاروان جەمال نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبریتانیا وتەیەکی پێشکەش کرد.
ئەم کۆبونەوەیە بۆ باس لەسەر وەزعی کوردستان و مافی مرۆڤ،ژنان و رفاندن ژنان و کچانی یەزیدی لەلایەن داعش وە قسە و باسی لێکرا و دوای یارمەتی و پشگیری لە پارلمانی بریتانیا کرا بۆ نەجات دان و پێ راگەیشتن بەو ژنان و کچانەی کەلەدەست داعش نەجات دراون و باری رەوانیان لەمەترسی و پێ راگەیشتن دایە.
بەشێکی بەرچاو لە رەوەندی کورد و بیانیەکان بەشداری ئەم کۆبونەوە بوون و دوای پانێلەکە چەندین پرسیار ئاراستەی ئەندام پارلمانتەرانی کورد کرا.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتایا ئامادەی ئەم کۆبونەوەی بوو.
بەرێوەبەری پانێلەکە بەرێز گاری کێنت سکرتێری گروپی پارلمانتەرانی پارلمانی بریتانیا بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**







# کۆبوونەوەی ئەندامانی ڕێبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات



ناوەندی هەواڵ- سوید: ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی ٤ جونی ٢٠١٦ی زایینی، بەرامبەر بە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٧٥ی هەتاوی، کۆبوونەوەی ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی ولاتی سوید بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوە بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد بە تایبەت کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەپرسی یەکەمی حیزب لە دەرەوەی وڵات، باسێکی کورتی لە سەر گرینگی ئەو ئۆرگان و کومیتانەی کە لە دەرەوەی وڵات ئەرک و کارەکانی حیزب ڕیک دەخەن و بەڕێوە دەبن پێشکەش کرد. دوای قسەکانی بەڕیز شەڵماشی، هاوڕێیانی بەشدار، باسێکی تێروتەسەلیان سەبارەت بە تەشکیلات و باقی





ئۆرگانەکانی حیزب و هەروها کاروچالاکی کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد. ئینجا بەرپرسی هەرکام لەو ئۆرگانانە جیا لە پێشکەش کردنی راوبووچوون و پێشنیاری بە جێ، تێبینی و سەرنجەکانی خۆشیان بۆ هەرچی باشتر بەڕێوە بردنی کارەکان هێنایە بەرباس.

بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ سەر لە نوێ دابەش کردنەوەی بەرپرسایەتی و داڕشتنەوە هەیکەلی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کومیتەی دەرەوەی وڵات**



# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٤١ی ساڵەی دامەزرانی ی ن ک لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: وەفدێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کومیتەی ڕێکخستنی بریتانیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ٤مین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەدا کرد. ڕۆژی یەکشەممە ٥جونی ٢٠١٦ی زایینی، وەفدێکی حیزبی دیموکرات پێکهاتوو لە «ڕزگار قادرزادە»، بەرپرسی کومیتەی بریتانیای «حدک» و «مادح ئەحمەدی»، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزب لە بریتانیا بەشدارییان لە ڕێوەڕەسمی یادی ٤ ساڵەی دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کرد. ڕێوەڕەسمەکە بە بەشداریی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە لە شاری لەندەن،ی پایتەختی بریتانیا بەڕێوە چوو. ئەم ڕێوڕەسمە بە وتاری کومیتەی ڕێکخستنی بریتانیا و کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەستی پێ کرد و لە درێژەدا پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان خوێندرانەوە. لەم بۆنەیەدا «ڕزگار قادرزادە»، پەیامی کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان،ی خوێندەوە. بەرێزیان لە پەیامەکەدا بە ئاماژە بە ڕۆڵی یەکێتیی نیستمانی کوردستان، پیرۆزبایی یادی دامەزرانی یەکێتیی لە کومیتەی بریتانیای ئەو حیزبە و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانیان کرد.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**



# دیداری نێوان نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٦ جونی ٢٠١٦ی زایینی، هاوڕێ مەولوود سوارە، ئەندامی ڕیبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیای کرد و لەگەڵ بەڕێز کاروان جەمال تاهیر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە چاوپێکەوتنێکی ساز کرد. لەو دیدارە دا وێڕای بە خێرهینان و پیرۆزبایی لە بەڕێزیان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە نوێیە، باسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە دۆزی ئەمڕۆی کورد و ئەو گرفت و کێشانەی بەرەوڕووی بزووتنەوەی کورد بە گشتی دەبنەوە کرا. هەردووک لا هاوڕا بوون لە سەر ئەوەی کە دەبی هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و پێک هێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ نوێنەرایەتی کردنی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و کوڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکان. لە تەوەرێکی دیکە ئەو دیدارە دا باسێکی دوور و درێژ لە سەر بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان و پەیوەندی نێوان حیزب و ڕیکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان و هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ درووست کردنەوەی متمانە لە نێوانیان دا کرا. هاوکات باس لە مەسەلەی ڕیفرادۆمی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان هاتە ئاراوە کە لەو بەشەش دا بەڕێز مەولوود سوارە ڕاوبۆچی حیزبی، سەبارەت بە مافی بێ ئەم لاو لای خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی لە باشوور کوردستان ڕوون کردەوە، ئەوە جگە لەوەی کە پشتگیری حیزب دیموکراتی کوردستانیشی بۆ هەرچەشنە هەنگاوێک کە ببێتە هۆی قاییمتر کردنی پێگەی کورد دووپات کردەوە. سەبارەت بە باسی هاوکاری و هاوئاهەنگی حیزب و رێکخراوەکان لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەت لە بریتانیا، بەڕێز مەولوود سوارە ئاماژەی بە ڕۆڵی گرینگ و کاریگەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە کرد کە وەک باڵوێزخانەی حکومەتی کوردستان سەیری دەکرێ و داوای لە بەڕیز کاروان جەمال تاهیر و ئەو نوێنەرایەتیە کرد کە هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ یەکڕیزی زیاتر و یەکخستنیماڵی کورد لەو وڵاتە. بەڕێزیشیان بەڵێنی دا ئەوەی کە بەوان و بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ درێغی ناکەن.

جێگەی ئاماژە کە بەڕێز جەلال شوانی کارگێڕی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی ئەو دانیشتنە بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە کۆڕیادی لۆرد ئەیڤبێری، دۆستی لە مێژینەی گەل کورد و تێکۆشەری مافی مرۆڤ




**ناوەندی هەواڵ- بریتانیا:** دوانیوەڕۆی ڕۆژی پینج شەممە ڕێکەوتی ٣٠ جونی ٢٠١٦ کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ بە کاتی لە ندەن کۆڕیادێک بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و بیروەری ئێریک ڕێجینالد لوبک ناسراو بە لۆڕد ئە یڤبێری دۆستی لە مێژینەی گەلی کورد ،ئەندامی پێشووی پەرلەمانی بریتانیا وئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکان لە سەر لیستی پارتی لیبڕاڵ دێموکرات لە ناوەندی ڕۆیال ئەنیستیتوی شاری لەندەن بەڕێوە چوو. شایانی باسە ئەو کۆریادە لە لایەن بنەماڵە و دوستانی لۆڕد ئە یڤبێری ڕێکخرابوو بۆ یادکردنەوە ی ناوبراو دوای چوار مانگ لە کۆچی دوایی لە ١٤ فێبریوێری ٢٠١٦ لە تەمەنی ٨٧ سالیدا. دۆستانی لۆڕد ئەیڤبێری لە وڵاتانی جیاوازەوە بەشداری ئەو کۆڕیادە بوون بۆ دربرینی وەفا و ئەمەگناسی بەرامبەر بە تێکۆشان و خەباتی بێ وچانی ئەو کەسایەتییە مەزنە، لە پێناو گەشە پێدانی مافی مرۆڤ، یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە بریتانیا و وڵاتانی جیهانی سێهەم دا. کۆریادەکە بە پێشکەش کردنی وتار لە سەر کەسایەتی و خەباتی لۆڕد ئەیڤبێری لە لایەن هەڤاڵانی ناوبراو و هەروەها خاتوو ئان کلود، جێڕمی کۆربین سەرۆکی پارتی کرێکاری بریتانیا و چەندین کەسایەتی تری وڵاتانی جۆراوجۆر دەستییپێکرد و هەروەها بە لێدانی مۆسیقا لە ناوئاخنی وتارەکاندا، ناو و یادی ئەو تێکۆشەرەی مافی مرۆڤ بەرز ڕاگیرا. جێگای ئاماژە هەیئەتێک بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان یونس موکری ئەندامی بەڕێوەبەری کومیتەی بریتانیا، یوسف عەباسزادە و هەتوان مێدی ئەندامی حیزب لە وڵاتی بریتانیا بەشداری کۆریادەکە بوون و ڕێز و پیزانینی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان،یان بەرامبەر بە خزمەتەکانی ئەو دۆستە خەمخۆرەی گەلی کورد بە کچی بەڕیز ئەیڤبێری، « خاتوو ڤیکتۆریا لوبک» ڕاگەیاند.

پێویس بە ئاماژەیە کە کاک یونس موکری بەنوێنەرایەتی حیزب، دەفتەری یادوارەی لۆرد ئێریک ئیفبری ئیمزا کرد و ریزو وەفاداری گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی بۆ خەبات و تێکۆشانیان بەرز نرخاند. کۆریادەکە کاتژمێری ٥ی ئێوارە کۆتای پێهات.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**









No photography or
mobile phones

# بەشداریی هەیئەتێکی پایە بەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شۆڕای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست ڕۆژانی ١ و ٢ ی جولای ٢٠١٦ لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێڤ



نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست ئاگاداری کردینەوە کە هەیئەتێکی پلە بەرزی حیزب بە سەرۆکایەتی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی شۆڕای ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست گەشتووە شاری ژنیف،ی پایتەختی سویس. ئەو هەیئەتە کە چەندین کەس لە ئەندامانی ڕیبەری و بەرپرسانی پەیوەندی حیزب هاوڕێیەتی دەکەن، وا بڕیارە کە بە درێژایی ڕۆژانی کۆبووەوەی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لە کۆڕ و سمینار و پانێلەکان دا بەشداری بکات ودەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بێت و داوا ڕەواکانی گەلەکەمان بگەیەنەتە گوێی نوێنەرانی حیزبە سوسیالیسەکان و گەل و وڵاتانی جیهان.

ئێمە لە ڕۆژانی داهاتوو دا لە هەواڵی کاروچالاکی و دیدارەکانی هەیئەتی حیزبی ئاگادارتان دەکەینەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە ژنێف









ناوەندی هەواڵ- سویس: ڕێکەوتی ١ی جولای ٢٠١٦ لە بنکەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێف کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بە بەشداریی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لەبەرێزان کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی، گوڵالە شەرەفکەندی و مەولوود سوارە ئەندامانی ڕێبەری حیزب و بە هاوڕێیەتی زاهید شاعیری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە سویس، خسرو مستەفا نەژاد بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزب لە سویس، ڕێبوار موسەوی بەرپرسی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلات (سویس) خاتوو پەروین شەکوری بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان (سویس) و خاتوو سانا فەتحی، بەرێوە چوو.

کۆبۆنەوەکە کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی لەلایەن بەرێز جۆرج پاپاندرۆف سەرۆکی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی هێرشەکەی فرۆکەخانەی ئاتا تورک لە ئیستانبول دەستی پێکرد، هەر لەو پەیوەندیەدا وەک حەرەکەتێکی سەمبولیک هەموو بەشدارانی سالۆن بەهەڵێنانی کارتێک بەدژی تیرۆریسم و هاوسۆزی خۆیان نیشان دا.

پاپاندرۆ لە قسەکانیدا ڕاوەستەیەکی لەسەر مەسەلەی چونە دەری بریتانیا لە یەکیەتی ئەورووپا کردو وتی: لە دونیایەکی کە ڕۆژ بەرۆژ بە جیهانی تر دەبێت ولاتانێک هەن کە چیدی نایانهەوێت قورسای و بەرپرسایەتی زیاتر بخەنە سەر شانیان ئەوەش دژایەتی هەیە لەگەڵ بیرۆکەی ڕێکخراوەکانی وەک سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال کە تێدا هەموو جیهانی بیردەکەینەوە لەکردوەش دا لە کاتی پێویستدا دەتوانی جیهانی یان لۆکاڵی هەڵوێست بگرێ.

پاشان بەرێز لویس ئەیالا سکرتیری ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست ئیشارەیەکی کورتی بە وەزعیەتی ئەحزابی ئەندام لە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال کرد و وتەکانی بە مەسەلەی قەیرانی ئابووری جیهان و هەروەها تێکچوونی

ژینگە درێژە دا و گووتی: هەڵوێستە کردن لە سەر نابەرامبەری یەکێک لە گرینگترین باسەکانی کاری ئێمە لە سالانی رابردوو دا بووە.

لە درێژەدا مایکل مولێر لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاماژەی بە گرینگی دەوری ریکخراوە نێودەولەتییەکان کرد و گووتی بۆ دەستە بەر کردنی ئامانجەکانی گەشەی پایدار وەک دەزانن دەبی هەر سێ خالی ئاشتی، گەشە و مافی مرۆڤ وەک یەک بایەخی پێبدرێ و هەموومان ئەرکدارین و دەبێ دەوری خۆمان بگێرین.
جێگای ئاماژەیە کە لە پانێل و دانیشتنی سەر لەبەیانی دا نوێنەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان چالاکانە بەشداری باسەکانیان کرد و هەریەکە لە بەرێزان: کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی دەفتەری سیاسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ، کاک هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کودستان، کاک سالح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتی دێموکرات پەیەدە، بەرێز عبدالحمید درویش سکرتێری پارتی پێشرەوی کورد لە سوریە و بەرێز بابان ئەلیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتاریان پێشکەش کرد.

بەرێز کاک مستەفا شەلماشی بە ئاماژە بە دەور و کاریگەری کورد لە ناوچەکە دا گووتی: کورد تەنیا هێزێکی نیزامی لەمیدانی شەر دژی تیرۆریزمە, لە راستییدا پارێزگاری لە هەموو جیهان دەکا لە بەرامبەر تێرۆریزمدا و دوای لە هەموو وڵاتانی جیهان و بە تایبەت حیزب و حکومەتە سوسیال دێموکراتەکان کرد کە پشتگیری لە کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن. لەپیوەندی لەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها سەرکوت و لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی و نەبوونی هیچ ئازادەیەک لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئێراندا، بەرێز مەحمەد سەدیق کەبودوەندی وەک نموونە هێنایەوە و هەروەها سەبارەت بە وتوێژ و داواکردنی مافەکانمان بە شێوەی ئاشتیانە و دانوستان، ئاماژەی بە تێرۆری دوکتور قاسملوو کرد و داوای پشتیوانی لە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال کرد بۆ کردنەوەی پروەندەی دوکتور قاسملوو تێرۆری وییەن .
هەروەها بەرێز هەورامی ئیشارەی بەوەکرد کە کورد لە حالی حازردا باشترین هاویەیمانە بۆ دونیای دەرەوە و تەنیا












هێزێکە کە دژی تیرۆریسمی داعش ڕاوەستاوە و بەرگری دەکات و لە پێناوە دا زۆری قوربانی داوە. بەڕێزیان بە ئاماژە بە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق گووتی: ئەوەی لە بەغدا دەیبینین حکومەتێکی خاوەن دەسەڵات و یاسا نیە و هاوکات ئەو حکومەتە تەنیا بۆ توێژێکی تایبەتی عێراقە نەک بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە، هەر بۆیە پێویستە کورد ریفراندۆم بکات و مافی خۆیەتی سەربەخۆ بژیت.

باسەکەنی دوانیوەڕۆ تەرخان کرا بوو بۆ فەلەستین و ئیسرائیل و لەو پێوەندیە دا بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە قسەکانی عەمر موسا بکەین کە داوای دەکرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێ لەجیاتی دیتنەوەی ڕێگا چارە تەنیا چاوەدێری و ڕێکخستنی دانیشتنە کانی لە ئەستۆ بێت.
ئێوارە خوانێک کاتژمێر شەش ونیوی پاشنیوەڕۆ لەیەکێك لە سالۆنەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕێکخراو بوو، کە هەم لەو ئێوارە خوانەوە دا و هەم لە پەراوێزی دانیشتنەکانی یەکەمین ڕۆژی کۆبوونەوەی شۆڕای ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست دا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندام لە کۆبونەوەیەدا کرد.
جێگای ئاماژەیە کە مێزێکی تایبەت بەنوسراوەو پەیام و وێنەی زیندانیانی سیاسی، ئیعدام و کۆڵبەرانی کورد ئامادە کرابوو کە سەرنجی بەشێکی زۆر لە بەشدارانی بۆلای خۆی ڕاکێشا.
پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم کۆبونەوەیە ٢ ڕۆژ دەخایەنێت.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال**













# وتاری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە بنکەی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێڤ

**بەرێز سەرۆکی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال**
**بەرێز سکرتێری گشتی**
**بەڕێزان ئامادەبووانی کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئینترناسیونال**
**هاورییانی بەرێز**

وەک نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئارەزووی کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو و پر دەسکەوت بۆ هەمووومان دەخوازم.

لەلایەن ڕێبەرایەتی،ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە گەرمترین سلاوتان پێشکەش دەکەم.

ئێمە سەربەرز و شادمانین کە بووینە ئەندامی تەواو وەختی بنەماڵەی سۆسیالیست ئینترناسیونال کە ڕێکخراوێکی گرینگ و ناسراوی کۆمەڵگای نێو نەتەوەییە. خەڵکی کورد، ئەندامان و پێشمەرگەکانی ئێمە چاوەروانی ئەوە دەکەن کە سۆسیالیست ئینتێر ناسیۆنال دەورێکی بەرچاو بگێری لە ناساندنی پرسی کوردو و هێنانە بەرباسی ئەو مەسئەلەیە لە کۆرو کۆمەلە نێونەتەوەیەکاندا.

ئێمە پایبەند و وەفادارین بە بلاوکردنەوەی ئامانجە کانی سۆسیالیست ئینتێر ناسیۆنال لە ناوچەکەماندا واتە رۆژهەڵاتی ناوەراست کە ئێستا تووشی زۆر کێشە و گرفت و قەیرانە.

بۆ هەمووتان روون و ئاشکرایە کە کورد لە لایەن دراوسێکانیەوە وەك رێژیمی جمهوری ئیسلامی ئێران، حکومەتی ناسیونالیستی تورکیا، رێژیمی ئەسەد لە سوریە و هەروەها داعێش لە ئێراق و سوریە دەکەوێتە بەر پەلامار و چەوساندنەوە. داعێش لە راستی دا پلانی هەبوو بۆ جینوساید کردنی کورد و خاپوور کردنی هەرێمی کوردستان لە عێراق.

سەرەرای هەموو گرفتانەی کە کورد لە ناوچەدا دەست و پەنجەی لەگەل نەرم دەکا، پێشمەرگەکانی کورد هێزی سەرەکین لە مەیدانی بەرەنگارە بوونەوە لە گەڵ داعێش و تێرۆریزم لە ناوچەدا. بە واتایەکی دیکە کچان و کورانی پێشمەرگەی کورد بەرگری دەکەن لە هەموو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی لە بەرامبەر داعێش و تێرۆریزم لە عێراق و سوریە و تەنانەت لە ئێرانیش.

ئەو تێکۆشەرانە نیشانیان داوە کە شەر دەکەن بۆ وەدیهێنانی سەقامگیری، ئاشتی، پلورالیزم و دامەزراندنی سیستێمێکی دێمۆکراتیک لە ناوچەدا.

**هاورێیانی بەرێز**

ئەمن لە رۆژهەڵاتی کوردستان را هاتووم، ئەو بەشەی کە دەکەوێتە ئێران و لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی دایە. رێژیمێک کە هیچ بایەخێک بۆ مافی مرۆڤ و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئێران دانانێ.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ماوەی ٧١ ساڵ خەباتی خۆیدا بەردەوام حەولی داوە لە رێگای وتوویژەوە بۆ دیتنەوەی رێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ چارە سەرکردنی مەسئلەی کورد لە ئێراندا. حیزبەکەی ئێمە تەنانەت سکرتێری گشتی خۆی واتە دوکتوری قاسملوی لە سەر میزی وتوویژ لەلایەن دیپلمات تیرۆریستەکانی ئێرانەوە لە وییەن پایتەختی ئۆتریش بەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەولەتیەوە لە ١٣ی مانگی جولای ١٩٨٩ شەهید کراوە.

سەرەرای هەبوونی بەڵگەی بەرچاو لە مەر بەشداری نێردراوانی دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی رژیمی ئیسلامی ئێران لەو رووداوە تراژیدیەدا ، حکومەتی ئۆتریش دادپەروەری فیدای پاراستنی قازانجی ئابووری و سیاسی خۆی کرد و ئیزنی دا تێرۆریستەکان کە لە سەفارەتی ئێران خۆیان حەشار دابوو، بە بێ لێپرسینەوە برۆنەوە ئێران.

گەلی کورد، ئەندامان و لایەنگرانی ئێمە هیچ کات ئەو تێرۆرە لە یاد ناکەن و هێشتا چاوەروانی جێ بەجێ کردنی دادپەروەرین لە کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملودا. ئێمە هیچ کات دەست هەڵناگرین بۆ زیندوکردنەوەی ئەو کەیسە و چاوەروانین کە سۆسیالیست ئینتێر ناسیۆنال لەو پیوەندیەدا هاوکاریمان بکات.

لە ئێران بەردەوام و رۆژانە رۆژنامەنوسان، داکۆکی کاران







VICE-PRESIDENT





له مافی مرۆڤ و چالاکان دەستبەسەر دەکرێن، حوکمی زیندانی قورسیان بە سەر دادەسەپێ، حوکمی ئێعدامیان بۆ دەردەچێ یان لە بەر چاوی خەڵک لە سێدارە دەدرێن بە بێ ئەوەی ئیمکانی دیفاع یان مەحکەمەیەکی عادڵانە یان هەبێ. هەر ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی کورد لە زیندانن، یان مەترسی ئێعدامیان لە سەرە و وا وێدەچێ کۆمەڵگای نێودەولەتی لەبیری کردبن.

وەک نمونەیەکی بەرچاو دەکرێ ئاماژە بە وەزعی ئەسەفباری دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان واتە محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بکرێ کە ١٠ ساڵە لە زیندان دایە تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ئامادە کردنی ڕاپۆرتێك لە سەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان.

ئێمە هیواداریـن سۆسیالیست ئینتێر ناسیۆنال بتوانی ببێتە سەکۆیەک بۆ گواستنەوەی دەنگی کورد ، دەنگی قوربانیانی بومبارانی شیمیایی هەڵەبجە و سەردەشت، جینو سایدی کورد، ئاوارەیی و کۆرەو، بەردەیی جینسی، تێرۆر و زیندان و ئێعدام.

هومێدمان هەیە ئێس ئای ئاوڕێك لە گرویی کاری کوردی بداتەوە و هەیئەتێک بۆ هاوکاری ئەو گرویە دەست نیشان بکات.

کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەند و بە پیتە و شیاوی سەربەخۆییە، بەڵام پێویستی بە پشتگیری نێو دەولەتییە. هومێدم هەیە هاوکاری ئێمە لێرە بتوانێ بە هێزمان بکات بۆ بەرەنگارە بوونەوەی تێرۆریزم و پشتیوانانی تێرۆریزم لە ڕادەی نێو نەتەوەیی دا.

ئێمە دەتوانین ببینە دەنگی هەموو ئەوانەی خەبات دەکەن بۆ دەستە بەر کردنی مافەکانیان، ئاشتی، دادپەروەری، دێمۆکراسی و ڕێزگرتن لە ماڤی هەموو ئینسانەکان.

ئێمە هەروەها چاوەڕوان و ئاواتەخوازی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووین بۆ ئێس ئای کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا دەگیرێت و پێمان وایە ئێس ئای دەتوانێ دەورێکی کاریگەرتر لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا بگێڕێ و پشتیوانی کوردان بکا لە خەبات دژی تیرۆریزم.

ئارەزووی سەرکەوتوویی بۆ هەموو ئێوە بەرێزان دەکەین لە خەبات بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و دادپەروەری لە ناوچە جۆر بەجۆرەکانی دنیادا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**ی جولای ٢٠١٦**












KDP - IRAN


KDP - IRAN




BURKINA FASO





















UDPS



# کۆبوونەوەی شورای سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال

## ڕۆژی ٢ی جولای ٢٠١٦ دوای دوو ڕۆژ باس و لێکدانەوە، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لە دووهەمین ڕۆژی کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دا پێداچوونەوە بەسەر داوای ئەندامەتیی ٢٦ حیزب کرا کە داوای ئەندامەتیان لەو ڕێکخراوەدا کردبوو. لەو بارەوە کۆمیتەی هەڵسەنگاندن ڕوونکردنەوەیەکی کورتی دا سەبارەت بەو حیزبانەی کە داواکاریەکان پەسەند کرابوو یان ئەوانەی داوانامەکانیان لە ژێر هەڵسەنگاندن دان. بۆ نمونە داوای پارتەکانی مۆلدۆوا و سودان بۆ ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەدا ڕەد کرانەوە.

هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و فەلەستینەوە گلەیی کرا کە بۆچی داواکەیان جواب نەدراوەتەوە لە وڵامدا گوترا کە داواکەیان وەک داوای ٣٠ حیزبی دیکە لە ژێر پێداچوونەوەدایە.

بەشی دووهەمی کاریی ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال بۆ پێشکەش کردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی مالی تەرخان کرابوو و ناوی ئەو حیزب و لایەنانەی کە هیشتا ئەندامەتیان نەداوە، باسی لەسەر کرا.

بابەتی سەرەکیی ڕۆژی دووهەم سەبارەت بە نابەرابەری و نایەکسانی و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم کێشەیە بوو کە لە گۆشە نیگای جۆراجۆرەوە قسەی لە سەر کرا و پێشنیار و هەڵسەنگاندن بۆ مەسەلەی گەشەی بەردەوام و وەدیهێنانی یەکسانی چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری ڕەگەزی و چ لە بواری مافی کەمایەتییەکاندا کرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین بریارنامە پەسەند کران کە لە ناویاندا بریارنامەیەک تایبەت بە چوار پارچەی کوردستان بوو. لە سەر ڕاوێژ و پێشنیاری حیزبەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە، ڕەشنوسێک ئامادە کراو و بە لە بەر چاو گرتنی ڕاستکردنەوەیەکی سەرۆکی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال بەڕێز جۆرج پاپاندریۆ، ڕەشنوسەکە وەک بریارنامەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە سەر مەسەلەی کورد پەسەند کرا.

جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە سکرتێرو بەرپرس، نوێنەر، ئەندامانی ئەسلی، چاوەدێر و موشاویرانی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دیدارو چاوپێکەوتن کرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال**
**٢ی جولای ٢٠١٦**

# بڕیارنامە؛ کۆبوونەوەی شورای سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە مەقەری نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنێڤ، ١ و ٢ی ژوئیە ی ٢٠١٦



## بڕیارنامە سەبارەت بە کوردستان

شورای سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە سەر ئەو بڕوایە یە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە باردۆخێکی نالەبار و حە ساس دا تێدەپەڕێ. تایفە گەری، شۆوێنیزمی نیژادپەرەستانە، تێرۆریزم، نەبوونی حکومەتی بڕیاردەر و باردۆخی نالەباری ئابووری ئەوناوچە یەی ئالۆز کردووە.

سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال مەسەلەی کورد لە ناوچە دا بە ڕەسمی دەناسێ و دەوری هێزە کوردییە کان و بە تایبەت پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ تێرۆریزم بەرز دەنرخێنێ و ئاگادارە کە کوردستان باوەشی بۆ ئاوارە و لێقەوماوان کردۆتەوە و پەنای داون.

لە ئێراق, حکومەتی هەرێم، دەوری سەرەکی و بەرچاوی هەیە لە شەری دژی داعش و شکەست دانی.

ئێمە دەور وهەڵوێستی ئازایانە و باوەر مەندی حکومەتی هەرێم لە بەرەو ڕوو بوونەوە لە گەڵ کۆمەڵێک کێشە لە ناوچە دا بەرز دەنرخێنین.بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەقبەستوییەکی کۆنی نەگۆڕ لە عەقلیەت و شێوازی بیرکردنەوە دا لە سوڕانەوەیەکی بێ برانەوە لەو ناوچەیەدا هەر دوویات دەبێتەوە،

پێداگری و وڕەی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاشتی، دیالۆگ و دیتنەوەی ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانە لە ئێران، ئێراق، تورکیە و سوریە شایانی پێزانینە و شایانی پشتگیری یە لە لایەن سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنالەوە.هەربۆیە سۆسیالیست ئینتێر ناسیۆنال پشتگیری دەکا لە ڕەوشی دێمۆکراتیکی کوردەکان.

**شورای سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال:**

- هەموو لایەنەکان هان دەدا بۆ خۆراگری، خۆپاراستن لە بە

کار هێنانی توند و تیژی و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەی سیاسی لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا.

• پێشوازی دەکا لە دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕێگای لێک حالی بوونێکی دوو لایەنە لە نێوان حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی ناوەندی دا وەک فورمولێکی نوێ.

• داوای بە کار هێنانی قەتعنامە ی شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەت بریارنامەی ٢٢٥٤ ی سالی ٢٠١٥لە سوریا دا دەکا.

• هەر جۆرە هەوڵێک بە ڕەسمی دەناسێ سەبارەت بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی سیاسی کە بتوانێ فێدرالیزم، دێمۆکراسی، فێدرالیزمی دێمۆکراتیک، لامەرکەزی یان هەرشێوازێکی حکومەتی کە پەسەندی خەڵکی سوریا بێ، لە خۆ بگرێ.

• سۆسیالیست ئێنتێرناسیۆنال هەموو ئەو هێزانەی بە دژی داعش لە سوریا شەر دەکەن و بە تایبەت هێزی دێمۆکراتیکی سوریا (یە پە گە) و باقی هێزەکانی کورد کە لە گەڵ هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی هاوکاری دەکەن، بە ڕەسمی دەناسێ.

• لە کۆتاییدا داوا لە هەموو لایەنە نێو نەتەوەییەکان و بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە یارمەتی پەنابەران بدەن و کەش و هەوایەکی شیاو لە ناوچە بەدی بێنن هەتا ئاوارە و پەنابەران بتوانن بگەرێنەوە سەر ماڵ و وڵاتی خۆیان و چیدیکە پێویست نەبێ ئاوارە بن.
جێگای ئاماژەیە کە بەراوێژ و هاوفکری و پێشنیاری ئەم حیزب و لایەنانەی خوارەوە ئەو بریارنامەیە ئامادە کراو لەلایەن شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیستەوە بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان**
**پارتی دێموکراتی کوردستان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**پارتی یەکیەتی دێموکراتی - سوریە**
**پارتی ئاشتی و دموکراسی - ترکیە**
**کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**




BRAZIL


















PARAGUAY
PDP







KDP - IRAN







# فیلم سکرینی پێشمەرگە

ڕێکەوتی ١٢ی جولای ٢٠١٦ لە لەندەن فیلمی سکرینی پێشمەرگە کە فیلمێکە لەلایەن پروفیسۆر برنارد هێنری لیفین ئامادە و سەرپەرستی کراوە پێشکەش کرا. کۆتای فیلمەکە جوابی پرسیارو وەلام و توزیعاتی لازمی لەسەر فیلمەکە پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

ئەم فیلمە باس لەهێرشی داعش بۆ سەرکوردستان و قارەمانەتی پێشمەرگە و بەرگری پێشمەرگە لە خاکی کوردستان دەکات.

بەڕێز هێنری لیفین دۆستی کوردەو لەو ماوەیەدا چەندین وتارو لێدوان و سمیناری لەپیوەندی لەگەل کێشەی کوردو هەروەها هێرشی داعش بۆ سەرکوردستان گرتوەو لە نەتەوەیەکگرتوەکان لە نیویورك ئەو فیلمی سکرینی پێشمەرگەی نیشان دا.



هەر بەم بۆنەیەوە دوای فیلمەکە بەشێك لەدۆستانی پریفیسۆر برنارد هێنری لیفین و هەروەها فیلم بەردارو هاوکارانی لە زیافەتێك دا میوانداریان لێ کرا.

بەڕێز مەولود سوارە نوێنەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا ئامادە زیافەتەکە بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**






# خۆپیێشاندانی شەقامی کوردی لە بریتانیا بۆ مەحکوم کردنی هێرشی داعش بۆ قامیشلو

ڕێکەوتی ٣٠ی جولای ٢٠١٦ لە ترافالگار سکوێر لە لەندەن کاتژمێری ٤ بۆ ٧ی ئێوارە خۆپیێشاندانێك لەلایەن کوردانی تاراوگە بۆ معکوم کردنی هێرشی داعش بۆ سەر شاری قامیشلو بەریوەچوو.

لەم خۆپیێشاندانەدا بەشێکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و لایەنەکانی کوردستانی و هەروەها کوردانی تاراوگە بەشداری ئەم خۆپیێشاندانە بوون.

خۆپیێشاندانەکە بە شوعار و وێنە و ئالای کوردستان رازیندارابۆوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا ئامادەی ئەم خۆپیێشاندانە بوون و پشتیوانی و ئامادەی خۆیان لەگەل بەشدار بووان دەربری بۆ هەرچەشنە هاوکاریەك.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی بریتانیا**





# دوهەمین ساڵوەگەری ژینۆسایدی ژنانی یەزیدی لە ترافلگار سکوێری لەندەن بەرێوەچوو




ڕێکەوتی ٣ی ئۆگوستی ٢٠١٦ لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردان لە لەندەن بۆ یاد کردنەوەی ٢ساڵەی جنوسایدی ژنانی یەزیدی بەتراکت و وێنەکانیان خۆپێشاندانێکی هێمنانەیان بەم بۆنەوە بەرێوە برد.

لەم خۆپێشاندانەدا دا شعارو وتارو پەخشان پێشکەش کران و بەمۆم و گوڵ لە وێنەکانیان ڕێز گیرا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**











# Stop Genocide
# Stop Yazidi Genocide






Stop Yazidi Genocide



# کوردەکان چالاکیە سەربازییەکانیان دژ بە سوپای پاسداران زیاتر دەکەن

کوتەکە ئەستوورەکەی ئێران دژ بە کەمینەی کورد لەو وڵاتە ڕێگری لە بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنەکانی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان نەگرت، ئەوەش بەپێی چاودێران وەکو ئاماژەیەکی بەهێز لەسەر ئومێد بڕانی کوردەکان کە سەردەمانێکە بۆ گەیشتن بە حوکمی خۆبەڕێوەبەری خەبات دەکەن بە گەیشتن بە هیچ لێکتێگەیشتنێك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران کە بەتوندی دەیانچەوسێنێتەوە.

ڕۆژنامەی عەرەب-لەندەن

ئێران لە هەموو کاتێکدا کە پێکدادان لە نێوان هێزە چەکدارە کوردەکان لە باکووری ڕۆژئاوای وڵات ڕوودەدات، وەک هەمیشە بێدەنگی بەرانبەر ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای پاسداران هەڵدەبژێرێت، ئەوەش مەترسیی گەورەی لە فراوانبوونی بازنەی شەڕ دژی حکومەتەکەی لەو ناوچەیە نیشان دەدات.

لەم دواییانەدا، هێزە کوردییەکان چالاکییەکانیان لە ناوچە کوردنشینەکان زیاترکردووە و حەوتووی ڕابردوو لە پێکدادانێکی هێزێکی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران و سوپای پاسداران لە سەردەشت ژمارەیەک کوژراو بریندار لە نێو هێزەکانی سوپا لێکەوتەوە و تارانیشی ڕەتی کردەوە.

ئاژانسی هەواڵی ڕەسمی ئێرانیش تەنیا ئاماژەی بە کوژرانی هەشت چەکداری کوردی ئێران کە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانن لە سنوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە.

ئاژانسەکە لە زاری عەزیز حوسێنی بەرپرسی ناوچەی سەردەشت گواستوویەوە کە «هەشت کەس لە ئەندامانی هێزێکی بچووکی دژبە شۆڕش لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان کوژراون». ڕوونیشیکردووەتەوە کە تێکهەڵچوونەکان لەسەر سنوور ڕوویداوە و هیچ ئەندامێکی سوپای پاسداران نەکوژراوە و هەروەها تێکهەڵچوونەکان ڕاوەستاون.

واپێدەچێت کە گێرانەوەی کوردەکان تەواو پێچەوانەی گێڕانەوەی ڕەسمی ئێران بێت، دوای ئەوەی کە سەرچاوەیەکی تایبەت لە کوردەکان جەختی کردەوە کە ژمارەی شەهیدە کوردەکان دوو کەسن، هەروەها ڕۆژنامەکەمان وێنەی هەردوو شەهیدەکەی لە هێزە کوردییەکانەوە لەبەردەستدایە.

مەولوود سوارە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی عەرەب گوتی:» تێکهەڵچوون لە نیوان هێزەکانمان (هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان) لەگەڵ سوپای پاسداران ڕوویداوە و هەروەها زیانی گیانی و مادی لە سوپای پاسداران داوە و لە هەمان کاتدا دوو لە پێشمەرگەکانی ئێمەش شەهید بوون.»

ئەو بەرپرسە کوردە بە دیاریکراوی ئاماژەی بە ژمارەی کوژراو بریندارەکان لە سوپای پاسداران نەکرد کە واپێدەچێت لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە گەل سنووری عێراق زۆر زەحمەتی ببینیت.

لە ناوەڕاستی ژوئەنی ڕابردووەوە چەندین تێکهەڵچوون لە نیوان هێزە کوردییەکان و هێزەکانی سوپادا لەو ناوچەیە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردنشینن، ڕوویداوە کە ٣٩ کوژراوی لێکەوتوەتەوە کە ٣٣ کەسیان لە هێزە کوردییەکان و شەش سەربازی ئێرانی.

شارەزایان لە بارودۆخی کوردەکانی ڕۆژهەلات وای دەبینن کە زۆربەی هێزە کوردییەکان لەسەر ئەوە کۆکن چالاکی چەکداری دژ بە ڕژێمی ئێران درێژە پێ بدەن، ئەوەش بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەباتی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

بەرپرسە کوردەکە بۆ عەرەبی ئاشکراکرد کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە حزبە کوردییەکان بە شێوەیەکی قوڵ و بەرنامە بۆ داڕێژراو دەستیان بە جوڵەی چەکداری لە نێوخۆی ئێران

کردووە بەتایبەت لەو چەند مانگەی رابردوودا کە چەندین تێکهەڵچوون هەر لە شاری ماکۆوە تا دەگاتە ئیلام، روویداوە.

مەولوود سوارە دەڵێ: چاوەڕواندەکرێت هەموو هێزە کوردییەکان پێکەوە «ژووری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش» پێکبهێنن، بێ ئەوەی کاتەکەی دیاری بکات.

ئەو بەرپرسە کوردە لە درێژەدا گوتی:» ئێمە وەک گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) زۆرترین ئازارای مرۆیی لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی ئێران لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەبینین.

لە کاتی هاتنە سەرکاری رژێمی ئێران بۆ سەر دەسەڵات، دۆزی کوردەکان بوەتە دۆزێکی ئەمنی و سەربازیی کە پەیوەستە بە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی ڕێبەرانی تارانەوە.

ئەو بەرپرسە کوردە لەوبارەوە بۆچوونی خۆی گوت: «بۆیە مامەڵەی سەربازییان لەگەڵ دۆزەکە لە چارەسەری سیاسی پێ باشترە، ئێمە وەک حزبی دیموکرات لە سەرەتای شۆرشی ئێرانەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت وازمان لە خەباتی چەکداری نەهێناوە لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەیەک بە هۆی ئەو دۆخەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، سڕمانکرد.»

دەسەڵاتدارانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە و دوای شۆرشی ئێران چالاکی لەو حیزبە کوردییە قەدەغەکرد، هەروەها حزب چالاکیە سەربازییەکانی پێش چەند ساڵیک راگرت، بەڵام لە چەند مانگی رابرووداد دەستی پێکردەوە، هەروەها بنکەی لە پشتەوە لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەربەخۆیە لە باکووری عێراق.

هەروەها ئەو بەرپرسە کوردە جەختی کردەوە کە دەسەڵاتی ئێران پارادۆکس لە هەڵویستەکانیدا هەیە، لە کاتێکدا کە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی دژی کامایەتیەکان پیادە دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بە بیانووی بەرگری لە زولملێکراوان دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە دەکات.

لەگەڵ ئەو دۆخەدا، کوردەکان چاوەڕوانی گۆڕانی ریشەیی لە پێکهاتەی سیستەمی هەرێمی دەکەن، سوارە دەڵێت:»کوردەکان لە ئێراندا بە شێوەیەکی بەرچاو ئامانجی رژێمی فاشیشتین، رژێمیش دەیهەوێ پێکهاتەی دۆزەکە لە کوردستاندا بکاتە سیاسی و سەربازی ئەوەش لە ژێر رۆشنایی ئەو گۆرانکارییانەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێدەپەرێت.

چاودێران تێبینیان کردووە کە جوڵانەوە چەکدارییەکانی کوردەکان لەو دواییانەدا بووەتە جێگەی  نیگەرانی رژێمی ئێران، دەترسێ ئەو چالاکی چەکدارییانە بۆ نێو هەموو کەمایەتیەکانی دیکەی ئێران وەک عەرەب، ئازەری و بەلوچ تەشەنە بکات نەک تەنیا لە نێو حزبە کوردییەکاندا.

هەرکاتێک ئەو کەمایەتیە زوڵملێکراوانە جوڵانەوە، جا جوڵانەوەی سەربازی یان سیاسی دژی رژێم بێت، دەسەڵاتدارانی تاران وڵاتانی ناوچەکە تۆمەتبار دەکەن کە ئەوان بەرپرسی ئەو جوڵانەوانەن ئەوەش بە ئامانجی بە لێداینی شەرعیەت ومافی کەمایەتیەکان ببۆ بەرگری لە خود، وەک کەرەستەیەک بۆ تۆمەتبارکردنی ئەو پێکهاتانە بە دەستی دەرەکی، بە قسەی ئەو بەرپرسە کوردە،هەروەها سوارە بەردەوامی چالاکی چەکداری کوردەکان دژی رژێمی بە بەردەوامی سیاسیەتی ئێران دژیان دەبەستێتەوە.

هەروەها جەختی کردەوە کە حیزبی دیموکرات پەنا بۆ هێزی سەربازی دژی رژێم دەبات لە هەر کوێیەک کە بە پێویستی بزانێت. لەو پیوەندیەدا گوتی:» ئێمە ئاگربەستمان لەگەڵ رژێمی ئێران رانەگەیاندووە تا بڵێن کە ئەو جوڵانەوانەی ئەم دواییەی گۆرەپانەکە کاتییە. نەخێر، ئێمە رووبەرووی سیاسەتەکانی رژێم بە هەموو شێوەکانی دەبینەوە و لە بەرکارهێنانی هێز تا گەیشتن بە مافە رەواکانمان بەردەوام دەبین.

رۆژنامەی عەرەب، یەکەم رۆژنامەی عەرەبی رۆژانەیە کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە لەندەن دامەزراوە.

# بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ جاری یەکەم لە کۆنفرانسی پارتی لیبرال دێموکرات لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بۆ یەکەم جار حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی لیبرال دێموکرات دەکات لەشاری برایتۆن.

کۆنفرانسی پارتی لیبرال دیموکراتی بریتانیا، بە بەشداری نوینەرانی هەڵبژیردراو، ڕێبەری ئەو پارتەو هەروەها کۆمەڵێکی بەرچاو لە دیپلۆمات، کۆنسووڵ و نوێنەری ولاتان و حیزبە دەستە خوشکەکانی، لە شاری برایتۆن،ی وڵاتی بریتانیا دەستی بەکارەکانی کرد. ئەم کۆنفرانسە رۆژانی ١٨ و ١٩ی سپتامبری ٢٠١٦ واتە دوو رۆژی کۆنفڕانسەکە بۆ دیپلۆمات و بەشی نێونەتەوەی تەرخان کراوە. لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری حیزب لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆنفرانسەیە. ئێمە لە هەواڵەکانی داهاتوو دا زانیاری زیاتر بە خوێنەرانی ئازیز دەگەیەنین.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا**




# بۆ یەکەم جار حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەشداریی کنفرانسی ساڵانەی لیبرال دێموکرات دەکات لە شاری برایتۆن

کنفرانسی سالانەی لیبرال دێموکرات لە شاری برایتۆن دەستی بەکارەکانی کرد، ڕێکەوتی ١٧ی سپتامبری ٢٠١٦ تا ٢٠ی سپتامبری ٢٠١٦ ئەم کنفرانسە کارەکانی جێ بەجێ دەکات.

یەکەم کۆبونەوەی ئەم کنفرانسە بۆ بەشی نێونەتەوەی تەرخان کرابوو لەسەر:

برێکسێت و تەسیر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەورووپا

کاتژمێری ١١ی سەرلەبەیانی بۆ ١٢ و نیو

پانێلەکە ئەم بەرێزانە بەرێوەیان دەبرد:

بەرێوەبەر: ڕۆبێرت ود تۆرپ برۆن سەرۆکی پیوەندیە نێو نەتەوەیەکان

کاترین بیاردەر ئەندام لەپارلمانی ئەورووپا

بارۆنێس سارا لووت فۆرد قسەکەری پارلمانی ئەورووپا لە بەشی لۆردەکان

لۆرد پادی ئاش داون سەرۆکی پێشووی لیبرال دێموکرات، ئێستاش سەرۆکی حەرەکەتی ئەورووپا

لۆرد ویلیام والیێس قسەکەری وەزارەتی دەرەوە لە دیوی لۆردەکان

سەرجەمی باسەکان و لێکدانەوەکان لەوپیوەندیەدا و زیان و زەرەرو خالە موسبەت و مەنفیەکانی باس کران و هەروەها














لەو پیوەندیەدا بەشێکی بەرچاو راوبۆچونی خۆیانیان هێنا بەرباس و لەلایەن بەریوەبەرانی ئەم بەشە جواب درانەوە.
لەمیانەی کۆبونەوەکەدا نوێنەری حیزب بەرێز مەولوود سوارە توانی لەگەل بەرپرسی یەکەمی پیوەندیەنێونەتەوەیەکان بەرێز رۆبێرت ود تۆرپ برۆن و هەروەها خاتوو هاریەت شۆنی بەرپرسی ئۆفیسی نێونەتەوەی هەروەها سەرۆکی بنیادی دمکراسی پرۆگرام لە پارلمانی بریتانیا و هەروەها بەرێز فیل بێنیۆن بەرپرسی لیبرال ئینتەر ناشیونال بلۆکی بریتانیا دیدار و چاوپێکەوتن بکات.

زیاتر لە ٥١ دیپلمات و سەفیری وڵاتەکانی بیانی و نوێنەری و کەسی یەکەمی بەشێك لە حیزبەکان بەشدار بوون.
جێگای ئاماژەیە کە تەنیا دوو حیزبی کوردی لە رۆژهەلات حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە باشوور کوردستان پارتی دێموکراتی کوردستان بەشداری ئەم کنفرانسە بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**



# ئێوارە خوانێك
# بۆ میوانانی نێونەتەوەیی



ڕێکەوتی ١٩ی سپتامبری ٢٠١٦ کاتژمێری ٦ی ئێوارە بۆ ٧و پانزدە دەقیقە لە هوتێل هیلتۆن ڕێکخرا.

ئەوم ئێوارە خوانە بە بەشداری سەرجەم میوانانی نێونەتەوەیی و هەروەها کۆمیتەی پیوەندیەکانی دەرەوەی لیبرال دێموکرات و بەشێکی زۆر لە ئەندام پارلمانی ئەم حیزبە و سەرۆکی ئەم حیزبە بەڕێز تیم فارۆن ئەندامی پارلمان بەشدار بوون.

سەرەتا لەلایەن خاتوو هاریەت شۆنی بەرپرسی ئۆفیسی نێونەتەوەی هەروەها سەرۆکی بنیادی دمکراسی پرۆگرام لە پارلمانی بریتانیا منیان بە بەڕێز تیم فارۆن ناساند و منیش بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لۆحەی لیبرال دێموکرات م پێش کەشی بەرێزیان کرد کە زۆر بەسوپاس و پێزانین لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەریان گرت و قەدردانیان کرد و پشتیوانی خۆیان لەدۆزی رەوای کورد دوپات کردەوە.

هەروەها لەمیانەی قسەکانیدا بەرێزیان لەپیوەندی لەگەل پرسیاری نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان لەسەر پرۆسەی راپرسی وتیان کە ئێمە پشتیوانی تەواو دەکەین و کورد مافی خۆیەتی کە ئازاد و سەربەست بژیت.

چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەل بەشێك لەبەشدار بووان:

بەرێز ئێریك بوش جاپ –حکومەتی جەزیرەکانی کیمەن

بەرێز لۆرد ویلام والێس کە لەگەل بەرێزیان باس و یادێکمان لە هاورێی بەرێزمان لۆرد ئیریک ئیفبیری کردەوە کە پشتیوان و دۆستێکی گەورەی کورد بوو بەریز لۆرد














ئیریک ش ئەندامی لیبرال دێموکرات بوو و دۆستی زۆر خۆشەویستی حیزبی دێموکرات بوو.

بەڕێز خاتوو بارۆنێس نۆرتوفەر نوێنەری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری تجارت لە ئانگۆلا.

بەڕێز جاناتۆن فریەر نوسەر و مامۆستا و جێگری بەرپرسی دەنگ بۆ ئەورووپا

خاتوو ڕۆس سکۆت جێگری سەرۆك لەلیبرال دێموکرات بۆ یەکیەتی ئەورووپا

خاتوو وێندی کیرلی پۆپی ئەندامی ژووری پیوەندیە نێونەتەوەیەکان.

لەمیانەی ئەم ئێوارە خوانەدا لەگەل بەشێک لەبەشدار بووان قسە و گفتوگۆ کرا لەسەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەتایبەت پشێلکاریەکانی مافی مرۆف لەئێران و حزوری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ و ڕێگری ڕژیم لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و شەهید کرانی سەرکردەکانی کورد لەدەرەوەی وڵات، بێ بەری کردنی خەلکی کوردستان لە ویست و داخوازیەکانیان لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تەوەرێکی تری باس و لێدوانەکان بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**











# دیدار و چاوپێکەوتن و پانێلی ڕۆژی دووهەمی کنفرانسی لیبرال دێموکرات لە شاری برایتۆن

دیدار لەگەل بەشی ژنان لە لیبرال دێموکرات

سەر لەبەیانی ١٩ سپتامبری ٢٠١٦ دیدار لەگەل خاتوو کەیلا ماری سکرتێری ژنان لە لیبرال دێموکرات و خاتوو ئێمی جۆردن بەرپرسی ژنان لە وێلس، لەو دیدارەدا باسێکی کورت لەسەر ناساندنی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەروەها داوای پیوەندی و دیداری لەگەل ئەو ڕێکخراوەیەمان کرد، کەبەخۆشیەوە پێشوایان لەو داوایە کرد..

**پیوەندیە نێونەتەوەییەکان**

پانێلی کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی بۆ ١٢ و نیو

خاتوو هاریەت شۆنی بەرپرسی ئۆفیسی نێونەتەوەی هەروەها سەرۆکی بنیادی دمکراسی پرۆگرام لە پارلمانی بریتانیا

بەرێز ویلیام ڕێنیی سەرۆکی لیبرال دێموکراتەکانی سکۆتلەند

بەرێز تیم دۆلی تید وتە بێژی پیوەندی گرتن و لێکۆلەر و جێگری سەرۆک

خاتوو کارۆلاین پیدگیۆن کاندیدی پێشووی لیبرال دێموکرات بۆ شهرداری لەندن و ئەندامی شورای لەندن

ئاغای فینس کابیل سکرتێری پێشووی تجارەت و ئەندامی پارلمان لەلیستی لیبرال دێموکرات

سەرەتا لەگەل بەخێر هاتنی میوانان باسێکی کورتی دووبارە لەسەر زیان و زەرەرەکان و ڕەنگدانەوەی و هەروەها ریفراندۆم هەروەها لەو پیوەندیەدا لەلایەن بەشداربووانەوە چەندین پرسیار ئاراستەی پانێلەکە کرا

هەروەها بەشێکی تری باسەکان لەسەر ریفراندۆم لە سکۆتلەند تەوەرێکی تری باسەکان بوو.

لەپیوەندی لەگەل هەلەکانی لیبەرپارتی و هەرورها حیزبی محافزەکار لە ریفراندۆم و هەر لەوپیوەندیەدا. بەشی پەنابەری باسێکی خەستو خۆلی لەسەر کرا، ئەوەی ئێمە زیاتر چاوەروانیمان لێ دەکرد باسی ڕۆژهەلات نێوەراست بوو، بەلام بەداخەوە یەکجار زۆر کەمی بەلای دا ڕۆیشتن و زیاتری باسەکان لە پارلمانی ئەوروپا و ... باسەکانی نێوی خۆی دەخولانەوە.













دەسکەوتی ئێمە لەو کۆبونەوە ناسینی هەیئەت و دیپلۆماتەکانی بەشدار بوو لەو کۆبوونەوە چاو پێکەوتن بە بەشێک لەبەشداربووان، بۆ باس لەسەر حیزب و رۆژهەلاتی کوردستان و هەروەها دوایین چالاکیەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێوخۆی وڵات

بەرێز خاتوو کارۆلین خاتوو کارۆلاین پیدگیۆن کاندیدی پێشووی لیبرال دێموکرات بۆ شهرداری لەندن و ئەندامی شورای لەندەن

بەرێز جۆسێپ تایلۆر سکرتێری دووهەمی بەشی سیاسی لەسەفارەتی ئەمریکا لە لەندەن

بەرێز ئۆسکان دومان کونسولی ترکیە لە لەندەن

دیدار لەگەل بەشی یەکیەتی لاوانی لیبەرال دێموکرات و باسێك لەسەر یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و داوای پیوەندی و دیدار کرا، کەزۆر بەخۆشحالیەوە ئەو داوایەیان قەبول کرد.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتانیا

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**






# دیدار لەگەڵ بەرێز مەحمود ئەحمەد ئەحوازی سەرۆکی شوورای نەتەوەی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز




ڕێکەوتی ٢٦ی سپتامبری ٢٠١٦ بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب لەبریتانیا لەدیدارێکی دۆستانەدا لەگەڵ بەرێز مەحمود ئەحمەد سەرۆکی شوورای نەتەوەی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز باسێکی گشتی ئێران و نەتەوەکانی ئێران بەتایبەتی کورد و عەرەبەکانی ئەحواز و کارو تێکۆشانی خەباتکارانی ئەحوازی باس و لێدوانیان کرد.

ئەم دانیشتنە زیاتر لەسەر توندو تۆلکردنی پیوەندیەکانی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب و هەروەها هاوکاری و هاوفکری لە خەباتی رۆژانەی هەردوو حیزب دا جەختی لەسەر کرایەوە. جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران پیوەندی و هاوکاری دۆستانەی زۆر باشی هەیە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**




# حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیا بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢٧ی سپتامبری بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب بەشداری کنفرانسی سالانەی لەیبەر پارتی بەشی نێونەتەوەی کرد.

کنفرانسی ئەم سال جیاوازی زۆری بوو لەگەل کنفرانسی سالانی پێشوو

ئەم کنفرانسە لەسەر هەلبژاردنەوەی بەرێز جێرمی کۆربین بە دەنگی ٣١٣.٢٠٩ واتە ٨٠٪ ٦٠ درسە بۆ جارێکی دیکە بووە بەسەرۆکی ئەم حیزبەو ئەوەش نارەزایەتی زۆری لەنێوی بەشێکی بەرچاو لە ئەندام پارلمانتەر و ئەندامانی ئەم حیزبە لێکەوتەوە.

سەرلەبەیانی ئەم رۆژە یەکەم دیدار لەگەل بەرێز جێرمی کۆربین سەرۆکی لیبەر پارتی و لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایم لێ کردن بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە.

ئەم کنفرانسە لەچەندین پانێل پێک هاتبوو: کە ئەوەی زیاتر پیوەندی بە بەشی نێونەتەوەیەوە هەبوو چالاکانە بەشداریمان کرد.

پانێلی بەشی وەزارەتی دەرەوەی لەسێبەر

بەشی پرسیار و وەڵام

لەم بەشەدا بەرێز خاتوو ئەمیلی تۆنبێری ئەندامی پارلمان و وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە پارتی کارگەر (لەسایە) ئامادە بەشی پرسیار و وەلام بوو

ئەم کۆبونەوە لەبەشی رۆژهەلاتی نێوەراست تەنیا ئیشارەیان بەوە کرد کە ناکرێت ئێمە لەهەوارا بۆم بەسەر خەلک دا بەردینەوەو لەزەویش باسی دێموکراسی بکەین، ئێمە لە عێراق و لیبا سەرکەوتوو نەبووین و یارمەتیە مرۆیەکانمان بۆ سوریە پەرەپێ دەدەین.

لەپیوەندی لەگەل ئێران نوێنەری حیزب مەولوود سوارە





پرسیاری لەسەر ئێران ئاراستەی بەرێزیان کرد کە لە ئێران مافەکانی مرۆڤ پێ شێل دەکرێن و بەهەزاران زیندانی ئێرانی و کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دان زۆر لە کوردانی زیندانی چاوەروانی لەسێدارەدانن، کۆلبەرانی کورد کە بۆ بژێوی مال و مندالیان لە سنورەکان کاسبی دەکەن دەکەونە بەر تەک تیرندازانی قەناسە بەدەستی کۆماری ئیسلامی و بە دەیان تا ئیستا کە لەگەل ئێوە قسە دەکەم کوژراون، ئایا ئێوە کە لەدەستەلات بن و ئیستا لەوپیوەندیەدا هەلوێستان چیە و چۆن دەبێت؟

بەرێزیان لەوەلام دا تەنیا وتی کە لە ئیران گۆران کاری دەکرێت و خەریکن وردە وردە گۆران کاری بکەن، بەلام من دوای بەتایبەتی لەو بارەوە قسەتان لەگەل دەکەم. بەداخەوە بەرێزیان نەیانتوانی بەراشکاوی وەلام بدەنەوە و لە میانەی کۆبونەوەکەش دا بە تایبەت قسەم لەگەل کرد و بەلێنیان دا

















لەو پیوەندیەدا لەداهاتوو پێکەوە قسەبکەین.

بەشی دیدار وچاوپێکەوتنەکان:

نوێنەری حیزب لەکنفرانسە چاوی بەبەشێکی بەرچاو لە میوانان و بەشدار بووان و ئەندامانی پارلمان کەوت و بەشێکی لەو دیدارانە تەنیا دیدار تازە کردنەوە تحارفات و بەشێکی تریش دۆستی تازە و پیوەندیە دیپلوماسیەکانی حیزبیمان لەگەل دۆستانی تازە پێک هێنا .

بەشی پیوەندیەنێونەوتەوەیەکانی لیبەر پارتی بەرێز خاتوو جۆ گرینینگ بەرپرسی پیوەندیە نێونەتوەیەکانی لیبەر پارتی

بەرێز کریستۆفەر باتس یاریدەری پرۆژەکانی نێونەتەوەی لەبەشی پیوەندیە نێونەتەوەیەکان

خاتوو نەبیلە ستار بەرپرسی پرۆژە نێونەتەوەیەکانی لیبەر پارتی

















خاتوو سارا رۆنی ڕێکخەری پرۆژە نێونەتەوەیەکان.
بەڕێز جۆن سنۆ  موفەسیر و شیکارو پێش کەش کاری بەرنامەی سیاسی تایبەت لە تەلەفزیونی هەوالی نێو دەولەتی بەریزیان سەردانی ئێران و کوردستانی کردووە لە شاری سنە بەرنامەی تایبەتی هەبووە لە دەسپێکی شۆرشی گەلانی ئێران، لەو پیوەندیەدا زۆر بە دلفراوانەیەوە پێشوازی کرد لە دانیشتن و دیدار لەگەل ئێمە و هەروەها دانی زانیاری لەسەر کوردستان
خاتوو لەتیفە پێری یاریدەدەر و بەرێوەبەری نوسینگەی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست کە بەدرێژە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و هەروەها گرتنی کۆنگرەی ئیس ئای و زۆر بابەتی تر لەو پیوەندیەدا قسەو باسمان لێکرد.
بەرێز ئین لیکۆز ئەندامی پارلمانی بریتانیا
بەرێز ئەندی لۆف ئەندامی پارلمانی بریتانیا
بەرێز مێکی برادی ئەندامی شین فەین ئەندامی پارلمانی ئیرلەندا
بەرێز جۆ دەویار لەبەشی سیاسی شین فەین
دۆمیلەنک سەلاشاندۆ لە حیزبی کۆنگریسی بۆستوانا
سەیفەدین الدراجی بەشی سیاسی لە بالویزخانەی عێراق لە بریتانیا
بەرێز کۆفی ئەتۆر بەرپرسی پیوندیە نێونەتەوەیەکان لەولاتی گانە ئەفریقا
دکتۆر کاترین دینی جێگری کۆمیتەی ژنان لەولاتی گانە لە ئەفریقا

هەروەها دیدارو چاوپێکەوتن لەگەل هەیئەتی حیزبەکانی کوردی بەشدار لەم کنفرانسەدا.
پارتی دێموکراتی کوردستان
یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
پارتی دێموکراتی گەلان
خاتوو فەلەک ناس ئاجودە ئەندامی پارلمانی ترکیە لەسەر لیستی هادپ
هەروەها ئێوارەخوانێك لەلایەن حیزبی خانەخوێ بۆ میوانانی بەشدار ڕێکخرا کە لەو ئێوارە خوانەشدا دیدار و چاوپێکەوتن لەگەل بەشێکی بەرچاو کرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**











# کنفرانسی سالانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیا کۆتای بەکارەکانی هێنا




ڕێکەوتی ٢٨ی سپتامبری ٢٠١٦ کنفرانسی سالانەی لیبەر پارتی بە وتەکانی بەڕێز جێرمی کۆربین سەرۆکی دووبارە هەلبژێردراوی ئەم حیزبە کۆتای بەکارەکانی هێنا.

لەمیانەی کۆبونەوە و دیدار لەگەل بەشێکی دیکە لە حیزب و لایەنەکانی بەشدار لە کنفرانسی لیبەر بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب چاوی بەبەشێکی تر لە میوانەکای بیانی کەوت. بەڕێز ئین مەک نیکۆل سەرۆکی لیبەرپارتی

بەڕێز کارل بێلەنگەر (سەرۆکی پێشووی نەتەوەی) پارتی دێموکراتیکی تازە، کانادا

بەشی نێو نەتەوەی لیبەرپارتی و چەند پرسێك،

لەدیدار و چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز جێرمی کۆربین وتە بەنرخەکەی:









**هەر چیاکانی کوردستان دۆستانن؟**
**نەخێر تۆش دۆستمانی**
**بۆ من چیام!**
**بەڵێ تۆ لەچیاش گەورەتری**
**بەڵێ منیش دۆستتانم و کوردم خۆش دەوێ و هاوکارو پشتیوانتانم.**




ئەم کنفرانسەش دەسکەوتەکانی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان پێك هێنانی دۆستایەتی و پەیدا کردنی دۆستی تر بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان و هەروەها پشتیوانی زیاتر لەکێشەی کورد لێ کەوتەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا**






# بەرێوەچوونی دیدارێکی هاوبەش
# بۆ پێنج سکرتێری حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان




رۆژی سێشەممە ٤ی ڕەزبەر ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ لە شاری هەولێر سێیەمین دیداری ئینیستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە واتە "میری" ، بە بەشداری ٥ سکرتێری ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. هەیئەتێك لەدەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات کوردستان لە هەولێر پێك هاتوو لە بەڕێزان کاک ئیبراهیم زێوەیی و مەولوود سوارە ئەندامانی ڕێبەری حیزب و کاك حەسەن کاکیلی هاورێیەتی سکرتێری حیزبیان کرد.

لەودیدارەدا هەرکام لە بەڕێزان ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لقی کوردستان- کۆمەلە؛ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ عومەر ئێلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و عەبدوڵلای موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە پانێلێکدا ڕاوبۆچوونی خویان و حیزبەکەیان سەبارەت بە پرسە گرینگەکانی ئێران و کوردستان خستە بەرباس.

بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە پانێلی دووەمی ئەو دیدارەدا بە هەڵسەنگاندنێکی کورت لەسەر دۆخی ناوچەکە بەتایبەتی وڵاتی ئێران و هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆچوون وسیاسەتی حیزبەکەی بە وردی خستەڕوو، خالید عەزیزی بە لەبەرچاوگرتنی ململانێی مەزهەبی کە لە ناوچە هاتۆتە ئاراوە لەم بارەوە گوتی: "وڵاتانی عێراق، سوریە و تەنانەت تورکیەش بەرهەم و دەرەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانین، بەڵام ئێران پاشخانێکی دوور و درێژی لە وڵاتداری و حکومەتداری هەیە. لەم دواییانەشدا فاکتەری ئایینی شیعە بووە بە بەشێک لە کێشەی دەسەڵات و قانوون و تەنانەت بەشێک لە شوناسی ئێرانی. واتە لە گەڵ دەسەڵات و وڵاتێک بەرەوڕووین کە لە سەر شوناسێکی دوو لا خۆی گرتووە. یەکەمیان پانئێرانیزم و ناسیونالیزمی ئێرانی، دووهەمیان ئایینی شیعە. بەڵام لە ئێراندا ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر هەیە. لە کوردستانیش هەم شیعە هەیە و هەم سوننەش هەیە. ئێمە هەوڵمان نەداوە لە ئایین بۆ کێشە لە گەڵ تاران کەڵک وەرگرین. بەڵکوو هەوڵمان داوە بە سازکردنی پردی پێوەندیی جۆراوجۆر لە نێوان ڕەنگاوڕەنگیەکان بچینە ناو پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان."

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاوڕدانەوەیەک لە خەباتی سیاسیی حیزب و دۆخی ئێستاکەی کوردستان، جمۆجۆڵە مەدەنیەکانی بەرز نرخاند، بە پێداگریی لەسەر












خەباتی فرەرەهەندیی و شێوازەکانی سیاسەتی حیزب، رووبە ناوخۆی وڵات ڕایگەیاند؛ وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵمان داوە مادام ناتوانین وەک حیزبێکی قانوونی لە ناوخۆ چالاک بین و کۆماری ئیسلامی ئەو دەرفەتەی نەداوە، بایەخی زۆر بدەین بە خەباتی مەدەنی و جموجۆڵ لە ناوخۆی کوردستان.
ئێمە لەو باوەڕە داین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە گەڵ سەدان هەزار و میلیۆنان خەڵک بەرەوڕوو بێتەوە، ئەو کاتەیە کە کێشەی کورد لە ناوخۆی ئێران دەتوانێ وا بکا کە حیسابی تایبەتی بۆ بکرێ.

لە روانگەی ئێمەوە هەموو جموجۆڵە نەتەوەیی و مەدەنییەکان لە کوردستان، کە خەڵک لە هەر دەرفەتێک بۆ دەرخستنی ئەم هەستە نەتەوەییە کەڵک وەردەگرێ، لە دایکبوونێکی دیکەیە. بەو جۆرە خەڵک بە شێوەیەکی گشتگیر و بە تێچوویەکی کەم ئەم پرۆسەی نەتەوەسازیە بەرەو پێش دەبا.

بە باوەڕی من کۆماری ئیسلامی زۆر لەو خەباتە مەدەنیە نیگەرانە کە شوێنە گشتیەکان و چین‌وتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستانی گرتۆتەوە و سەرئێشەی بۆ دروست دەکا، هەتا جموجۆڵێکی چەکداری کە ئێمە لە رابردووشدا لەم بارەوە کەممان نەهێناوە.

ئێمە زەمانێک دەتوانین لە مەیدانی سەربازیدا کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا بێنین و لەو ڕێگایەوە ناچاری بکەین گوێ لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان بگرێ کە خەبات و تێکۆشانی چەکداریی ئێمە تێکەڵ بە خەباتی مەدەنی و جەماوەریمان لە ناوخۆی وڵات بێ.



















MERI


MERI
FORUM 2016
Konrad
Adenauer
Stiftung
www.meri-k.org

Middle East Research Institute
www.meri-k.org
MERI

MERI



# سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بۆ بنکەی سەرەکی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی نوامبری ٢٠١٦ کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ بەرێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست سەردانی بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەی کردو لەلایەن بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری ئێس ئای،ەوە پێشوازی لێکرا.

سەرەتای دیدارەکە بەرێز لویس باسی لە دواین کاروچالاکی و هەلوێستەکانی ئێس ئای و هەروەها دوایین ڕووداوەکانی دونیا و بەتایبەت دەنگ نەهێنانی هێلێری کلینتۆن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئەمریکا کرد.

گرتنی کۆنگرەی ٢٥ی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست کە لە چەند مانگی داهاتوو دا دەبەسترێت و پرس و راوێژ و ئامادەکاری بۆ ئەو کۆنگرەیە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنەی پێک هێنا.

باسی کورد بەگشتی و دواین رووداوەکانی تورکیە و دەستبەسەر کرانی بەرێز سەلاحەدین دیمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) و هاورێیانی، کەوتە بەر باس و ڕاوێژ، کە هەردووک لا هاودەنگ ئەو کردەوەی حکومەتی تورکیان سەرکۆنە کرد و بە پێشێلکاری ئاشکرای مافی مرۆڤ و ئازادی ئەحزاب لەو وڵاتە دا دانایە قەڵەم.

جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٨ی نوامبری ٢٠١٥ لە لواندای پایتەختی ئەنگۆلا وەک یەکەم حیزبی رۆژهەلاتی کوردستان بوو بە ئەندامی تەواو وەختی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**

# کۆبونەوەیەك لە پارلمانی بریتانیا لەسەر شەری موسل



ڕێکەوتی ۲۹ی نوامبری ۲۰۱٦ بەڕێز مەولوود سوارە لەپارلمانی بریتانیا بەشداری لە کۆبونەوەی بەڕێز کاروان جەمال تاهیر نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبریتانیا و هەروەها دوکتۆر ڕێناد مەنسور لێکۆلەرو شارەزا بۆ بەشی ڕۆژهەلاتی نێوەراست و شمالی ئەفریقا لە چاتام هاوس. سمینارەکە لەلایەن خاتوو ناتالی مەکگاری ئەندامی پارلمانی بریتانیاوە سەرپەرستی دەکرا.

ناوەندی پێشکەوتنی کورد لە لەندەن ئەو سمینارەی بۆ باس لەسەر شەری موسل و دەرئەنجامەکانی ئەو شەرە هەروەها موسل دوای ئازاد کردنی لەدەست داعش وگیرو گرفتەکانی نێوخوی عێراق و کوردستان و دەخالەتی ترکیە و ئێران و ناوچەکە بەگشتی باسی لێکرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**









# خۆپیشاندانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەمرۆ ڕێکەوتی ٣٠ی نوامبری ٢٠١٦ لەپێش پارلمانی بریتانیا، بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریمان کرد لەبانگەوازی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبریتانیا بۆ پشتگیری و ڕێزلێنان لەپێشمەرگەی کوردستان و شەهیدانی سەربەرزمان کە بەخوێنی خۆیان توانیان کورد و کوردستان بپارێزن لە هێرشی تیرۆریستانی داعش، هەروەها لە ڕووی نێونەتەوەیشەوە بۆ سەقامگیری و ئاسایش و دێموکراسی دونیا شەریان کرد و گیانی خۆیان پێشکەش و خوێنی خۆیان لەو پێناوەدا کردە سەنگەری بەرگری.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**





# ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان پیرۆز بێت
# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێك لە بریتانیا بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان




ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لیژنەی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن بەهاوکاری حیزب و لایەنەکانی هەرچوارپارچەی کوردسان خۆپیشاندانێك یان لەبەردەم ژمارە ١٠ی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ڕێکخست.

ئەم خۆپێشاندانە سەرەتا بەسرووی ئەی رەقیب دەستی پێکرد. لەو خۆپێشاندەران کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا و پێشمەرگە کوردستان، لە









پایتەختی زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی بەڕێوە چوو و کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕیزی یەکگرتوو دا و هەموو هاودەنگ داوای سەربەخۆیی،یان بۆ باشووری کوردستان کرد، کە ئەوە زیاتر لە ٢٥ ساڵە خاوەن دەسەلاتێکی سەربەخۆیە.
هەرلەو پیوەندیەدا نامەیەك ئاراستەی ژمارە ١٠ سەرۆک وەزیرانی بریتانیا کرا.
لەو خۆپیشاندانە دا سرودی شۆڕشگێڕانە و دەیان درووشمی جۆراوجۆر بۆ گوترانەوە. پێویست بە ئاماژەیە کە لە کۆتایی دا بەشداران بە هەڵپەڕکێی کوردی گڕوتینێکی زیاتر دا بە ڕیزی خۆپیشاندەران.
کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی حیزب لەبریتانیا چالاکانە بەشداری ئەم خۆپێشاندانە بوون.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**

**١٧ی دسامبری ٢٠١٦**



# ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیت هێرشی تیرۆریستی دژی حیزبی ئەندام حیزبی دێموکراتی کورستان ئیدانە دەکات

INTERNACIONAL SOCIALISTA

ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بەتووندی هێرشی تیرۆریستی دژی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیت، کە ٢٠ی دێسامبر لە هەولێر رووی دا، ئیدانە دەکات. هێرشەکە کاتێک بوو کە ئەندامانی حیزب لە شوێنی مەراسمی رێز گرتن لە رێبەری پێشووی حیزب، عبدالرەحمان قاسملو کە لە ڤییەن لە سالی ١٩٨٩ تیرۆر کرا، دەهاتنە دەر. چوار ئەندامی حیزب و ئەندامێکی یەکیەتی لاوان و هەروەها کەسێکی ئاسایش کوژران و چەند کەسێکیش بەتووندی بریندار بوون.

ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست سەرەخۆشی لە بنەماڵەکان و هاورێیانی کوژراوەکان دەکات. ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لەم کاتە دژوارەدا پشتیوانیی بەهێزی خۆی لە گشت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات دەکاتەوە.

**ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**

**٢١ی دسامبری ٢٠١٦**

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێك دژ بە ڕژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بەمەبەستی ڕیسوا کردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی ١ی بەفرانبار کە کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبەکەمان کرد کردە ئامانج و بووە هۆی شەهید بوونی ٥ پێشمەرگە و ٢ کەس لە ئەندامانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا خۆپیشاندان و ئاکسیۆنێکی بەرینیان ڕێکخست.

لەو خۆپیشاندانە دا نوێنەری بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا و دەیان کەس لە کوردانی خاوەن هەڵوێستی نیشتەجێی ئەو وڵاتە تێیدا بەشدار بوون.

ئەو خۆپیشاندان کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە کاتی لەندەن، لە بەردەم جاسوسخانەی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری لەندەن، بە سروودی دوژمن شکێنی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی سووورخەڵاتی گەلەکەمان، بە تایبەتی ٧ شەهیدی تەقینەوەکانی شەوی ١ی بەفرانبار دەستی پێکرد. پاشان کاک کەیوان شێرزاد ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب لە بریتانیا لە وتەیەک دا ڕیزی بەرنامەکان و مەبەستی خۆپیشاندانەکەی بۆ ئامادە بووان باس کرد. پاشان دەیان درووشمی جۆراوجۆر بە زمانەکانی ئینگلیسی، کوردی و فارسی دژ بە ڕژیمی تێرۆریستی پەروەری ئیسلامی ئێران بە دەنگی بەرز گوترانەوە و چەندین سروودی شۆڕشگێرانەش بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە خوێندران.

بە دوای ئەوانە دا هاوڕێ یونس موکری، ئەندامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بڕیارنامەی خۆپیشاندەران کە لە پێنج خاڵ پێکهاتبوو بۆ بەشداران خوێندەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی کوردی



و خاریجی ڕێپۆرتاژیان لەو خۆپیشاندانە ئامادە کرد و تەلەفزیۆنی ڕووداو بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ڕیپۆرتاژێکی تێروتەسەلی لەو خۆپیشاندانە بڵاو کردەوە.
جێگەی ئاماژەیە کە سەدان لاپەڕە لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە وەرگێڕدرابووەوە سەر زمانی ئینگلیسی بە سەر ڕێبوارانی ئەو شەقامە دا بڵاو کرایەوە و هاوکات دەقی هەمان بەیاننامە بە زمانی کوردیش بە سەر خۆپیشاندەراندا بڵاو کرایەوە.
ئەو ئاکسیوون و نارەزایەتییە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێهات.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**

















**ئەوەی خوارەوە دەقی بڕیاریارنامەیە کە هاوئاهەنگ لە هەموو وڵاتانی دەرەوە ڕادەستی کاربەدەستان و داودەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵاتان دەکرێ.**

داواکاریی خۆپیشاندەران سەبارەت بە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدای حیزبی دێموکراتی کوردستان دا

ئێمە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی بەشدار لە خۆپیشاندانی ڕۆژی شەممە لە وڵاتی بریتانیاو شاری لەندەن کە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین کۆ بوینەوە لە بەرامبەر کردەوە تیرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە شاری کۆیەی باشوری کوردستان، ، دەنگی ناڕەزایەتی خۆمان بەرز دەکەینەوە لە دژی تیرۆڕ، ئیعدام، زیندانی کردن و ڕاوەدونانی چالاکانی سیاسی کورد و ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامی تیرۆریست پەروەری ئێرانەوە.

هەر وەها بۆ کۆتایی هێنان بە کردەوە دژی مرۆڤیەکان و سیاسەتە دژی کوردستانیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو داوا کاریانە دەخەینە بەردەم حیزب و ڕێکراوە کوردستانیەکان، حیزب و ڕیخراوە ئێرانیەکان، حیزب وڕیکخراوە جیهانیەکان و دام ودەزگا نیو نەتەوەیی و نیو دەوڵەتیەکان.

١ . داوا لە هەموو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، لە هەموو دام و دەزگا نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و لە هەمو دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین، ئەو کردەوە تیرۆڕیستیەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم بکەن و سنورێک دانێن بۆ دەست دریژیەکان و گێرە شێوێنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆردستان دا.

٢ . داوا لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە هەرچی زووتر یەکبگرن بۆ ئەوەی بە هێزێکی کاریگەرترەوە لە بەرامبەر پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی دا ڕاوەستن ، بەرگری بکەن و پاریزگاری لە خۆیان و هەمو تیکۆشەرانی نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات بکەن.

٣ . داوا لە هەمو حیزب و ڕیکخراوە کوردستانیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان دەکەین کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان و پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا وەدەست هاتون و بۆ پیشگرتن لە ئاژاوەگێڕیەکانی کۆماری ئیسلامی و نەیارەکانی دیکەی نەتەوەی کورد، هەرچی زووتر یەکبگرن و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان پێک بێنن.

٤ . داوا لە ناوەندە حقوقی و مافی مرۆڤیەکانی نێونەتەوەیی



وەکو دادگای لاهای، دادگای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان و دام ودەزگا نێو نەتەوەییەکانی دیکە دەکەین کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران پەلکێش بکەن بۆ داگایەکی نێونەتەوەیی، بۆ لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری دەیان ڕێبەری سیاسی وەک دوکتور قاسملو و سەدان تێکۆشەری دیکەی کورد و ئێرانی، ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، کوشتنی کۆڵبەرانی کورد و دەیان جینایەتی دیکە کە بە دەستوری ڕاستەوخۆی ئەوان ئەنجام دراون.

٥ . داوا لە هێز و لایەنە نێو نەتەوەیی و ناوچەییەکان دەکەین چیدی ڕێگا نەدەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان دا، بەکە یفی خۆی تیرۆر بکا و ئاژاوە بنێتەوەو لە کار و باری وڵاتەکان دا دەستێوەردان بکا.
































Demonstration against terrorism
We hereby invite the people of Britain to attend in a demonstration against terror.
On December 20th, an explosion classified as an act of terror occurred close to the headquarter
of the Kurdistan Democratic Party, where seven people were killed and four injured. In this
regard, we would like to encourage the people with the same fundamental views on democracy
and freedom as us to join a demonstration where we condemn the act of terror done by the Islam-
ic Republic of Iran.
Kurdistan Democratic Party in Britain invites those whom supports the central concept of
Human Rights that the Islamic Republic of Iran clearly has disregarded on several occasions.
We turn to those who indorse this idea in order to make the rest of the world aware of how the Is-
lamic Republic of Iran once again has ill-treated the Kurdish people.
Kurdistan Democratic Party in Britain
Saturday 24th December 2016
Time:12 - 14 pm
Address: 16 Princes Gardens, Knightsbridge, London SW7 1PT
حیزبی دێموکراتی کوردستان
KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY
PESHMARGA
KURDISH FREEDOM FIGHTERS

# کار و
# تێکۆشانی
# حیزبی دێموکراتی
# کوردستان
# لە بریتانیا
# ٢٠١٧


پیرۆزبێت ٢ی ڕێبەندان
کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان به هاوکاری
یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان
لەبریتانیا سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان جێژن دەگرێت
به هاوکاری هونەرمەندان : خالید جەمال ، کۆژین جاف ، بنار عەلی
3:00pm -9:00pm
Sunday_ 29\01\2017
PMc Pakistan centre
Woodbourn Road
Sheffield
S9 3LQ



# یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بریتانیا بەرز ڕاگیرا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا بە هاوکاریی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری «شەفێلد»ی ئەو وڵاتە ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سرودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» لە لایان کۆڕی هونەری یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد . پاشان لە لایان کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ڕاگەیاندرا و دواتر وتاری کومیتەی حیزبی دیموکرات لە بریتانیا لە لایەن هاوڕێ «مادح ئەحمەدی»، ئەندامی کومیتەی حیزب لە بریتانیا پێشکەش کرا.

کاک مادح ئەحمەدی لە وتەکانیدا بە ئاماژە بەوەی کە کۆماری کوردستان قوتابخانەیەکی مۆدێڕنی بیری نەتەوەییە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێستاش کۆماری کوردستان ئیلهامدەر و هاندەرێکی سەرەکی خەباتی خەڵکی کوردستانە بۆ پێداگری و گەیشتن بە مافە ڕەوکانیان.

هەروەها بە ئاماژە بە ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست ڕایگەیاند: تا دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕاپەڕین و جووڵانەوە کوردییەکان زیاتر ڕەنگ و بۆنەیەکی ئاینیی و خێڵەکییان پێوە دیار بووە، بەڵام دوای دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ.ک» و دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە دایکبوونی کۆماری کوردستان بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی پێ‌دەنێتە قۆناغێکی نوێیەوە و سیمایەکی مۆدێڕن و پێشکەوتنخوازانە لە خۆ دەگرێت.

دوابەدوای پەیامی کومیتەی حیزب لە بریتانیا، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن «کەیوان شێرزاد»، ئەندامی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە پێشکەش کرا.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەشدا، پەیامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن «ئاکام ڕەسووڵی»یەوە پێشکەش کرا و هەروەها دواتریش «محەمەد ئەفەندی» بە شێعرێک و «هێمن تینا» بە «تک نوازی» تار ڕێوڕەسمەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا ئاماژە بە ناوی ئەو لایەن و ڕێکخراوە سیاسییانەی کرا کە پەیامیان












بۆ ڕێوەڕەسمەکە ناردبوو و هەروەها پەیامی بزووتنەوەی «گۆڕان» لە لایەن کاک «کەیوان غالی» ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی بزوتنەوەی گۆڕان لە بریتانیا پێشکەش کرا.

ناوئاخنی بەرنامەکانی ئەم ڕێوڕەسمە پێکهاتبوو لە سردووی «دووی ڕێبەندان» کە لە لایەن گرووپی سرووودی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا و هەروەها چەند پارچە گۆرانی و مەقامێک کە لە لایەن هونەرمەندان «کۆژین جاف»، «بنار عەلی» و «خالید جەماڵی»یە پێشکەش کران.

دوا بڕگەی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرا بوو بۆ شایی و هەڵپەڕکێی کە تا کاتژمێر ٩ی شەو بەردەوام بوو و بە گۆرانی و هونەری، هونەرمەندان «کۆژین جاف»، «بنار عەلی» و «خالید جەماڵی» رازێنرابووەوە.

شایانی باسە ڕێورەسمەکە لە لایان خوشکە بەفرین مەحمودی و کاک یونس موکری ئەندامی کومیتەی حیزب لە بریتانیا بەرێوە چوو . بەشی چاوەدێری و تەداروکاتی یادەکە لە لایان کۆمیتەی حدک لە ناوچەی شەفیلد بوو کە بە شیوەیەکی شیاو میوانداریيان لە بەشدارانی کرد.

ئەم ڕێورەسمە کە بە بۆنەی ٧١مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە ڕێکخرا بوو، کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی (٢٩/٠١/٢٠١٧) دەستی پێکرد و تا کاتژمێر ٩ی شەو بەردەوام بوو.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**








# سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە بنکەی سەرەکی ئەم ڕێکخراوەیە لە شاری لەندەن

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ فێبریورێری ٢٠١٧ زایینی بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب دیموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست سەردانی ئەم بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەی لە شاری لەندەن،ی پایتەختی بریتانیا کرد و لەلایەن بەڕێزان لویس ئەیالا سکرتێر و لەتیفە پێری کارگێری ئوق ڕێکخراوەیەوە بە گەرمی پێشوزی لێکرا.

تەوەری سەرەکی و مەبەست لەو سەردانەی نوێنەری حیزب باس لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نەخش و ڕۆلی کورد لەو ناوچەیەدا و هەروەها گرتنی ٢٥مین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیە لەمانگی مارسی ٢٠١٧دا بوو. جێگەی ئاماژەیە کە هەر لەو چاوپێکەوتنە دا باس و راوێژێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە دەوری ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست و هاوکات نەخش و رۆلی حیزبی دێموکرات وەك ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە کرا و جێگە و پێگەی حیزب بەرز نرخێندرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست - لەندن**

# ٢٥مین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە کۆلۆمبیا دەستی بەکارەکانی کرد

ئەمرۆ ڕێکەوتی ٢ی مارسی ٢٠١٧ کاتژمێری ١٠ی سەرلەبەیانی ٢٥مین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دەستی بەکارەکانی کرد.

مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست ئاگاداری کردینەوە کە ئەم کۆنگرەیە سێ ڕۆژ دەخایەنێت واتە ڕۆژانی ٢،٣،٤ مارسی ٢٠١٧.

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئیس ئای بەیاوەری هەیئەتێکی حیزبیمان بەشداری ئەم کۆنگرەیە، لەراپۆرتەکانی دواتردا زانیاری زیاتر دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی کدپ میدیا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**
**٢ی مارسی ٢٠١٧ کۆلۆمبیا**

# شۆڕای ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست، بە بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێ دا




ڕۆژی چوارشەممە ١ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی و ڕۆژێک پێش دەستپێکی ٢٥هەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست، کۆبوونەوەی شۆڕای سوسیال ئینتێرناسیۆنال، بە بەشداری زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان، جێگر و ڕاوێژکارانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە، لە شاری کارتەگینا،ی کۆلمبیا دەستی بە کارەکانی کرد.

ئەو کۆبوونەوەی بۆ پێداچوونەوە بە دەستووری کاری کۆنگرە دا پێک هات. لەو کۆبوونەوە دا چەندین بڕگە و خاڵی گرینگ کە دەبێ لە دەستووری کاری کۆنگرە دا بچەسپێندرێن کەوتە بەر باس و خواسی ئەندامان. سەرەکی ترینی ئەو باسانە پەسند کردنی کورتە ڕاپۆرتی پێشوو، ڕاپۆرتێک سەبارەت بە باری دارایی ڕێکخراوی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال و ئەندامەکانی، جێگە و پێگەی ئەندامانی ئێس ئای و هەروەها قبووڵ کردنی ئەندامەتی چەند ڕێکخراوێک وەک ئەندامی ئەسڵی ئەو ڕێکخراوەیە بوو.

لە بڕگەیەکی دیکە ئەو کۆبوونەوەیە داباسێکی تێروتەسەل لە سەر جێگرەکانی ئێس ئای بە لەبەرچاو گرتنی هەڵکەوتی جوگرافی و مافی وەک یەک بۆ هەردووک ڕەگەزەکان و هەروەها باسێکیش سەبارە بە ئەرک و کاری کۆمێسیۆنەکان کرا، ئەوە جگە لەوەی کە بڕیارنامەی سەرەکی کە دەبێ لە کۆنگرە دا پەسند بکرێ پێداچوونەوەی بە سەر دا کرا.

بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی دوێنێ تەرخان کرا بۆ باس لە سەر سکرتێری ڕێکخراوەکە و ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە بەربژێر کردووە.

باسەکانی کۆبوونەوە زۆر گەرم و گوڕ بوون و ئەندامانی بەشدار، زۆر چالاکانە لە باسەکاندا بەشدار بوون.

پێویست بە ئاماژەیە کە هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی هاوڕێیان خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری، مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە ئێس ئای و کامەران بالنوور نوێنەری حیزب لە وڵاتەیەکگرتووەکانی

ئەمریکا بەشداری ئەو کۆنگرەیەن.

هاوکات چەندین ڕێکخراوی کوردستانی دیکەش بەشداری ٢٥هەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست،ن کە دەکرێ لە ناویاندا ئاماژە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی یەکێتی دیموکراتیک» پەیەدە» بکەین.

جێگەی باسە کە هەیئەتی حیزبمان لە پەڕاوێزی ئەو کۆبوونەوەیە دا لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییە بەشدارەکان و چەندین حیزب و ڕێکخراوی جیهانی دیداریان نوێ کردەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**لە ٢٥هەمین کۆنگرەی سوسیال ئێنتێرناسیۆناڵ**















# ڕاپۆرتی ڕۆژی یەکەمی ٢٥مین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست
# کۆنگرەی ٢٥ی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال دەستی بەکارەکانی کرد

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕیکەوتی٢ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی لە شاری کارتەگێنا، شارەکەی نوسەرو رۆنامە نوس، چالاکی سیاسی و براوەی خەڵاتی نوبێل، گابریل گارسیا مارکز، ٢٥مین کۆنگرەی گەورەترین ڕیکخراوی گەیرە حکومەتی جیهان، واتە ڕیکخراوی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست دەستی بە کارەکانی کرد و وا بڕیارە تا ڕۆژی ٤ی مارس بەردەوام بێ.

کۆنگرە بە درووشمی «بۆ دونیایەک لەسەر بنەمای یەکیەتی و یەکسانی»، بە وتارێکی بەڕێز لویس ئایالا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە، کرایەوە. بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لەپیوەندی لەگەل ئاشتی و یەکسانی تیرۆر لە رۆژهەڵاتی نێوەراست کیشەکانی نیجر و مالی خەباتیان بۆ وەدستهێنانی ئاشتی لە ئەفریقا و هەروەها باسێك لەسەر کێشەکانی نیوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئوروپا کرد و بە





ئاماژە بە لێک نیزێك بوونەوەی جولانەوەی فارك لەگەڵ دەوڵەتی کولۆمبیای، هیوای خواست کە ئاشتی و هێوری باڵ بە سەر هەموو جیهاندا بکێشێت و داوای سەرکەوتنی بۆ پرۆسەی ئاشتی وڵاتی کۆلومبیا خواست. بەڕێز ئایالا لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا وتی: ئیمە لە ڕێکخراوی سوسیال ئینتێرناسیۆنال بە گشتی پشتیوانی لە پەرە پێدانی دێموکراسی و ئاشتی لە دونیادا دەکەین و هیچ کات حەز ناکەین دیوارێك لەبەینی گەلان دا دروست بێت، هەروەها هەول دەدەین پیوەندی نێو گەلان پتوتربکەین.

ئینجا سەرۆک کۆماری کۆلۆمبیا خووان مانوئیل سەنتۆز وتارێکی بەنرخی پێشکەش کرد کە تیدا بەئاشکراو راشکاوانە پشتوانی لە پرۆسەی ئاشتی و دێموکراسی ٤٨ میلیون کەسەکەی کۆلۆمبیا کرد. هەروەها باسێکی تێروتەسەلی لەبارەی هەل و مەرجی ئیستای کۆمومیبا و بەتایبەت پەیوەندیەکانی لەگەڵ دراوسێکانی وڵاتەکەی هێنایە بەرباس.

دوای کۆتایی وتەکانی، خەڵاتی ئاشتی تایبەتی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست، لە لایەن سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیەوە درا بە بەڕێز خووان مانوئیل سەنتۆز، سەرۆک کۆماری کۆلۆمبیا، بۆ قەدر زانی لە پەیوەندی لەگەڵ دەستپێک و درێژەی پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەکەی.

بە دوای ئەو دا بەڕێز جۆرج پاپاندرۆف سەرۆکی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال، وتەیەکی پێشکەش کرد و ئاواتی خواست کە ئاشتی و هێوری باڵ بە سەر هەموو جیهاندا بکێشێ و شەر و کوشتار کۆتاییان پێ بێ.

بەشێکی دیکەی بەرنامەی کاری ڕۆژی یەکەمی ٢٥مین کۆنگرەی سوسیال ئینتێرناسیۆنال تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک و سکرتێر و جێگرەکانی ئەو ڕێکخراوەیە. لەو بەشەش دا بەڕێز پاپاندرۆف وەک سەرۆک و بەڕیز لویس ئایالا وەک سکرتێر دەست نیشان کرانەوە و هاوکات بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و چەند کەسی دیکە وەک سەرۆکی














فەخری ڕێکخراوی جیهانی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست دیاری کرایەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە بەرێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە ئیس ئای نامیلکەیەکی لەپیوەندی لەگەڵ تەقینەوەکەی شەوی یەلدا،ی بەردەرگای سکرتاریای حیزب و هەروەها چەندین پۆستری کۆلبەرانی کوردی پێشکەشی سەرۆک کۆماری کۆلۆمبیا جووان مانوئیل سەنتۆز براوەی جایزەی ئاشتی نوبێل،بەرێز جۆرج پاپاندرۆف سەرۆکی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال، بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری سۆیسالیست ئینتێرناسیۆنال و جێگرەکانی ئێس ئای و هەورەها بەشێکی بەرچاو لە بەشدارانی ئەو کۆنگرەیە کرد.

بەشی کۆتای ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە ئێوارەخوانێك بوو کە لەلایەن پارێزگاری کارتەگێنا بۆ میوانانی ئیس ئای ڕێکخرابوو. لە پەراوێزی ئەو ئێوارە خوانە دا هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیە دا کە پێک هاتووە لە هاوڕێیان خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری، مەولوود سوارە



















ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ئێس ئای و کەمال بالنوور نوێنەری حیزب لە ئەمریکا، لەگەڵ کۆمەڵێک لە نوێنەری وڵاتان، حیزب و ڕێکخراوە جیهانییەکانی بەشدار دا دیدار و چاوپێکەوتنیان پێک هێنا و سەبارەت بە دۆخی کورد و کوردستان بە گشتی و ڕەوشی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی قسە و باسیان لەگەڵ کردن و ئاگادارییان دانێ.

جێگەی باسە کە دەیان نامیلکە سەبارەت بە کورد و بە تایبەت کۆڵبەرانی کوردستان بە سەر بەشداران دا بڵاو کرایەوە و هاوکات لە سەر مێزی سەرەکی کۆنگرە دانرا، کە سەرنجی زۆربەی بەشدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست**
**٢ی مارسی ٢٠١٧ کۆلۆمبیا - کارتەگێنا**





















# ڕاپۆرتی ڕۆژی دووهەمی ٢٥مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە کۆلۆمبیا- کارتەگێنا

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی، کاروباری ڕۆژی دووهەمی ٢٥هەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە کنفێنشن سەنتەر دەستی پێکرد.

لە پانێلی یەکەمی دووهەمین ڕۆژی کۆنگرە دا سەرەتا بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئێس ئای لەسەر سیاسەتی حیزبەکانیان و ڕەوشی وڵاتەکانیان وتاریان پێشکەش کرد.

لەو بەشە دا هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان وتاریان پێشکەش کرد. بەڕێز کاک سەعیدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ڕەوشی ناوچە، عێراق و باشووری کوردستان بە تایبەت باروودۆخی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق کرد و داوای کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە پشتگیری کورد بکەن بۆ گەشتن بە ئامانجە لە مێژینەیان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ، هاوکات بەڕزیان ئاماژەیان بەوە دا کە بە بێ کورد و بەشداری کورد لە بڕیار و ڕێکەوتنەکاندا، سەقامگیری و هیوری لەو ناوچە ئاڵۆزە و گرینگەی جیهان ئاستەمە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دا وتی: یەکێک لەم خسلەتانەی ئەم خێزانەی ئێمە سۆسیال دێموکراتەکان ڕێز گرتنە لە تێکۆشەرە دێرینەکان بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بزانێت کە سەرکردەکانمان ڕێزیان پارێزراوە لەهەموو قۆناخەکانی ژیان وە ئەوە گەنجەکانیش تشویق دەکات بۆ بەشداری کردن لە بزووتنەوەیەکی ئایندە بەخش هەر بۆیە دوێنی کۆنگرەی ٢٥ی ئیس ئای بەرێز سەرۆك مام جەلال و هێندێك لەهەفالەکانی بەتێکرای دەنگ بەسەرۆکی فەخری

ئیس ئای قبول کرد.
خەباتی بێوچانمان وەخۆشەویستمان بۆ ئازادی گەلان بۆ سرینەوەی پاشماوەی کۆلۆنیالیزم و بەهێز کردن و قول کردنەوەی دێموکراسی بۆتە هۆی بوونمان بەئامانجی تیرۆریستان.
لە ڕۆژی دووهەمی ٢٥مین کۆنگرەی ڕیکخراوی سوسیالی ئینتێرناسیۆنال، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کاروچالاکی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان، جووڵەیەکی بێ وێنەیان بە تێکۆشانی گرووپی کوردی و حیزبی دا. بەڕێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پڕ ناوەرۆکی بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کرد کە ئەوەی خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی وتەکانی بەڕێزیانە:

**خوشك و برایانی هێژا**

**میوانە بەرێزەکان**

**جەنابی سەرۆك**

**جەنابی سکرتێری گشتی**

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆ منتان رەخساند بۆ ئەوەی سەرنجی ئێوە بۆ دۆخی رۆژهەلاتی نێوەراست و کوردستان ڕابکێشم.
لەو ناوچەی ئێمە کێشە زۆرن، بەتایبەت بۆ دوارۆژی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە کە دەکرێ ئیشارە بە کێشەی مافی مرۆڤ، مافی ژنان، توندو تیژی ئایینی و مافی گروپی جۆراوجۆری نەتەوەیی و ئاینی بکرێت.
توندوتیژی و تێرۆریزم هەلومەرج و کەش و هەوایەکی لەو ناوچە فرەچەشنەدا ساز کردووە و بۆتە مەسەلە و مەترسێکی گەورە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.
رۆژهەلاتی نێوەراست کە لەگەڵ گەلێک ئاستەنگ و کێشە ڕوبەڕو بۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵیک دەرفەت و کات لە گۆڕی دایە کە دەکرێ بە باشی کەڵکییان لێ وەربگیرێ بۆ کێشانی نەخشە ڕێگایەکی بەربەرین بۆ








داهاتوی ناوچەکە، کە بی گومان کورد فاکتۆڕێکی حاشا هەڵنەگری ئەو سێناریۆیە دەبن.

هەمو ئەو خاڵانە گرینگی خۆیان هەیە، بەڵام تێرۆریزم دیاردەیەکی ئەوەندە مەترسیدارە کە نەتەنیا شوێنەوارە مێژوییەکان و فەرهەنگی بە یەکەوە ژیان و لەگەڵ یەکدابوون لە نێو دەبا، بگرە مەترسییەکە بۆ مرۆڤایەتیش. مەترسییەک کە تەنیا ڕوی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست نییە بەڵکو ڕاستەوخۆ هەموی جیهان دەگرێتەوە. جیهانێک کە هەوڵ و زەحمەتێکی زۆر داوە لە پێناو سەقامگیر کردنی ئاشتی و ئاسایشدا.

هەر بۆیە هەموو ئێمە دەبێ پالپشتی نەتەوەی کورد بین نەتەنیا بەس بۆ شەر دژی ئەو دیاردە دزێوە بەلکو بۆ دروست کردنی کۆمەلگایەك لەداهاتوودا کە ئاشتی بۆ هەموو لایەك مسۆگەر دەکاو مافی مرۆڤ و تاکەکان و حاوانەوە لەگەڵ یەکتر دەستەبەردەکات.

من دەزانم زاڵ بوون بە سەر بەسەر دزێوەی تیرۆریزم دا کارێکی ئاسان نیە و تەنانەت ناکرێ پێش بینی داهاتووش بکەین کە چی ڕوو دەدات، بەلام وەك کۆمەلگای ئینسانی ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە دیفاع لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بکەین بەو جۆرێک کە ببێتە هۆی سەقامگیری ئاشتی و هیوری و تەزمینی داهاتوویەتیکی باشتر لەناوچەکەدا. لەسەر یەک و لە ئیدامەی ئەو ئەرکەدا هەمووی ئێمە بەشێك لە کۆمەلگای نێودولەتین کە ئەرك دەخاتە سەرشانمان و بۆ ئەوەی کە ئەو بەرپرسایەتیە جێ بەجێ بکەین.

ئەو دۆخەی ئێستا ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانی دەخاتە سەرشانی ئێوە کە پشتیوانی گەلی زوڵم لێکراوی ئێمە بن، خەلکێك کە پێویستی بە یارمەتی ئێوە هەیە بۆ ئەوەی کە لەو کێشانەدا کە ئێستا و داهاتوو دێنە سەر ڕێی سەرکەوتوو بێت.

ئێمە وەك گەلی کورد لە ئێران کە چەندین ساڵە لە خەبات














تێکۆشان داین دژی حکومەتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و سەرەرای پەیامی ئاشتیمان و هەوڵ دا بۆ بە دەست هێنانی مافی رەوامان، بەلام هەمیشە قوربانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بووین.

هاوکات پێم خۆشە لەوە ئاگادارتان بکەمەوە، کە ئەگەر رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە دوو بەشی دیکەی کوردستان لە خەباتێکی سەخت و میدانی دان لەدژی داعش، هاوکات ئێمە کوردەکانی ئێران،یش لە بەرەیەکی دیکەی شەر و لەخەبات تێکۆشان داین لەدژی حکومەتی سەرەرۆی کۆماری ئیسلامی کە رێز بۆ هیچ قانون و یاسایەکی نێودەوڵەتی دانانێ.

چەند مانگ پێش ئیستا حیزبی ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە کەوتە بەرهێرشێکی تیرۆریستی و بەداخەوە چەند ئەندامی ئێمە گیانیان لەدەست دا، کەسانێک کە لەداهاتوودا دەیانتوانی لەدامەزرێنەرانی ئازادی و دیموکراسی بن.

بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە ئیستا لە ناوجەکەی ئێمە حاکمە، ئایا دەبوو ئێمە تیرۆرمان بەتیرۆ جواب داباوە؟

نا، نا ئێمە ئەو کارەمان نەکرد. حیزبی ئێمە چەند دەیەیە لە مەیدانی بە کردەوەی خەبات و تێکۆشاندایە و تەنانەت لە کاتی شەڕیشدا ئێمە هەمیشە گیانی ئینسانەکانمان بۆ گرینگ بووە وە لەداهاتوش دا ئەو سیاسەتە وەك باوەرو بنەمایەك ئێمە ئیدامەی دەدەین. ئێمە باوەرێکی قووڵمان بە دێموکراسی و ئازادی هەیە ئیحترام بۆ ژیانی ئینسانەکان و لەگەل یەکدابوون قاییلین.

ئێمە لەو باوەرەدا بۆ دروست کردنی دنیایەکی باشتر و چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست دەبێ قامک بۆ ئێرا ن رابدێرین و کردارو رەفتاری کۆماری ئیسلامی نابێ نادیدە بگیرێ. بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی زۆر بەبەرنامە خەریکە














ئیمپراتۆریەکی مەزهەبی لەناوچەکەدا دابسەپێنی.

ئەوە ئەرک و وەزیفەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناله که بدروشێتەوە و کار بکات بۆ ئەوەی خەلکێکی زۆرتر لە دنیادا سەرنج بەو کێشەیە بدەن و ببن بەپاڵپشت لەو پیوەندیەدا.

ئەندامانی بەرێز

ئێمە چاوەروانی ئەوەمان لەئێوەیە کە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال دەورێکی چالاکتر و بەرچاوتر لەناوچەکەدا هەبێت و بەپشتیوانی کردن لە کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست دا و هەروەها زەخت و گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بێنێت بۆ ئەوەی کە ڕێز بۆ مافی کورد لەئێران دابنێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەری قولی بەوە هەیە کە ڕێگای چارەیەکی ئاشتیانە تەنیا ڕێگایەکە بۆچارەسەری کێشەی کورد لە ئێران. بۆیە ئێمە داواتان لێ دەکەین کەهەموو لایەکتان کاربکەن بۆ ئەوەی کە کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگا.

زۆر سوپاس

هەر لە درێژەی کار و تێکۆشانی هاورێیانی حیزبی دا، ئەمرۆش بۆ جارێکی دیکە دەیان پۆستەری کۆلبەرانی کوردو هەروەها نامیلکەی کارەساتی شەوی یەلدای خوێناوی دێموکرات بە سەر ئەندام و بەرپرسانی لایەنە بەشدارەکانی کۆنگرە دا بلاو کرایەوە کە لەنێویان دا دەکرێ ئاماژە بە بەرێزان: دوکتۆر هۆراسیۆ سێرپا سەرۆکی لیبرال پارتی (کۆلۆمبیا) هەروەها سەرۆکی فەخری ئێستای ئای، خاتوو ئوفا حاجی سەرۆکی ژنانی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال، خاتوو هێلا بێن جێگری سەرۆکی ژنان لە ئێس ئای بەشی مدیترانە باکوور و باشوور بکرێ.

جێگەی باسە کە لە پەراوێزی کاری ڕۆژی دووهەمی کۆنگرە دا، هەیئەتی حیزبی چاویان بە چەندین کەسایەتی بەشدار لەو کۆنگرەیە دا کەوت و لە نزیکەوە سەبارەت بە ڕەوشی نالەباری گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی جیابیران لە ئێران و هەروەها دەستێوەردانی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی قسە و باسیان کرد.

بەشی کۆتای ڕۆژی دووهەمی کۆنگرە ئێوارەخوانێک بوو کە لەلایەن لیبرال پارتی (کۆلۆمبیا) بۆ میوانانی ئێس ئای ڕێکخرابوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێس ئای**
**٣ی مارسی ٢٠١٧**
**کۆلۆمبیا- کارتەگینا**









# ٢٥مین کۆنگرەی ڕیکخراوی ئێس ئای، به جێگیر کردنی خاڵێك دژ به ئێران له بڕیارنامەکەیدا کۆتایی به کارەکانی خۆی هێنا

پاش چوار ڕۆژ کاری بەردەوام و باس و ڕاوێژ و پێشکەش کردنی دەیان وتار و بابەتی گرینگ، کۆنگرەی گەورەترین ڕیکخراوی غەیرە حکومەتی جیهان، ڕیکخراوی سوسیال ئینتێرناسیۆنال کۆتایی به کارەکانی هێنا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی، به ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و راوێژ کارانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییه که له هەموو وڵاتانی جیهانەوە له شاری کارتەگینا،ی کۆلۆمبیا کۆببوونەوە دوایین وتار و بڕیارنامەی کۆتایی ٢٥مین کۆنگرەی سوسیال ئینتێرناسیۆنال پێشکەش کران. درووشمی سەرەکی ئەو کۆنگرەیە « بۆ دنیایەک له سەر بنەمای یەکسانی» بوو. به درێژایی ٣ کاری کۆنگرە، زۆرینەی ئەندامانی بەشداران وتار و بابەتی گرینگ و سەرنج ڕاکێشیان سەبارەت به بارودۆخی وڵاتەکانیان و ڕەوشێ نالەباری جیهان، هەژاری و کێشه و















گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێشکەش کرد.

لە بەرنامەی کاری ڕۆژی سێهەم دا بەڕێزان ساڵح موسلیم لە پەیەدە، مەلا بەختیار لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و عەزیز تالانی لە پارتی ئازاد کوردستان- سوریە وتاریان پێشکەش کرد. هاوکات بەڕێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری و سەرۆکی هەیئەتی حیزب لەو کۆنگرەیە دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کاناڵی تەلەفزیۆنی تایبەتی کۆنگرە دا ڕێکخست کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک فەیسبووک و تویتەر و کاناڵی تایبەتی سەتالایت بۆ هەموو جیهان بڵاو دەکرایەوە.

بەڕێز خالید عەزیزی لەو چاوپێکەوتنەش دا بۆ جارێکی دیکە هەوڵی دا سەرنجی خەڵکی جیهان و بینەرانی ئەو کاناڵە بۆ لای دۆزی ڕەوای کورد و پێشێلکارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی دژ بە کورد و هەموو گەلانی ناوچەکە ڕاکێشێ.

لەو کۆنگرەیە دا چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی بەشدار بوون و هەر یەکە و لای خۆیەوە هەوڵیان دا کە لە بابەت و وتارەکانیان دا سەرنجی بەشداران بە لای دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و داواکاری و ویستی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕاکێشن. ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییانەی کە لە ٢٥مین کۆنگرەی سوسیال ئینتێرناسیۆنال دا بەشدار بوون بریتی بوون لە: لە رۆژهەڵاتی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لەباشووری کوردستان

یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

لە کوردستانی رۆژئاوا:

پەیەدە

پارتی ئازادی کوردستان – سوریە.

هەیئەتی نێردراوی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەشێ ڕۆژهەڵات، لە وتار و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان دا هەوڵیان دا کە ئاگاداری زیاتر سەبارەت بە زەبر و زەنگی ڕژیمی ئیسلامی ئێران، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەت مافی تاکی کورد لە کوردستانی بەشی ئێران و هاوکات دەستدرێژی و دەست تێوەردانەکانی ئەو ڕژیمە لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دەورووبەر و پشتیوانی بەردەوامی لە تێرۆریستی نێودەوڵەتی بۆ ئامادەبووان بە باشی ڕوون بکەنەوە. هەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش بووە هۆی ئەوەی کە خاڵێک بۆ مەحکووم کردنی ڕژیمی ئیسلامی ئێران، لە بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرە دا جێگیر بکرێ.

لە ڕاگەیەندراوی کۆتای دا سەبارەت بە ئێران هاتووە:

سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنالی نیگەرانی خۆی سەبارەت بە خراپی بارودۆخی مافی مرۆڤ و مافەکانی دێموکراتیك لە ئێران دەربری. هاوکات هەر چەشنە تەبعیز و هەڵاواردن دژی کورد محکوم دەکاو پشتیوانی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ئێران رادەگەیەنی.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە پەراوێزی کاری کۆنگرە دا هەیئەتی حیزبی توانیان لەگەڵ چەندین کەسایەتی سیاسی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراو و وڵاتانی بەشدار دا دیدار و چاوپێکەوتن ڕێکخەن و باس و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکەن.

جێگەی باسە کە هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥مین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست پێک هاتبوون لە هاوڕێیان خالید عەزیزی ئەندامی ڕیبەری حیزب، مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست و کامەران باڵنوور نوێنەری حیزب لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**
**٤ی مارسی ٢٠١٧**
**کۆلۆمبیا- کارتەگێنا**









# هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەنگی کۆڵبەرانی گەیاندە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست

دەنگی چینی چەساوەی کۆڵبەران و، کارەساتی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات، گەیشتە سەر میزی کۆنگرەی ئینتیرناسیۆناڵ سۆسیالست.

له ٢٥مین کۆنگرەی ساڵانەی گەورە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا، کە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕیکەوتی ١٢ی ڕەشەممە لە وڵاتی کۆلۆمبیا دەستی بەکارەکانی خۆی کردوە، هیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی خالید عەزیزی و بە هاوڕێیەتی مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە "ئێس ئای" و کامەران باڵنوور نوێنەری حیزب لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداری ئەو کۆنگرەیەن.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیاندا لە یەکەمین ڕۆژی ئەو کۆنگرەیە بەبڵاو کردنەوەی تراکت و، وێنەی پێوەندی‌دار، بە تەقینەوەکانی شەوی یەلدای بەردەم قەڵای دێموکرات و، تیرۆرکردنی پۆلێک پێشمەرگەی ئەو حیزبە بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕەوایی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان بە گوێ بەشداربووان و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی جیهانیی ئینتیرناسیۆنال سوسالیست گەیاند.

هەروەها هاوڕێ مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە "ئیس ئای" بەبڵاو کردنەوەی دەیان پۆستێری تایبەت بە چینی مافخوراو و، هەژاری کۆڵبەران و، باس کردن و ڕوونکردنەوەی





پرسی کۆڵبەری بۆ بەرپرسان و بەڕێوەبەران و میوانانی ئەوە کۆنگرەیە، هەوڵی دا دەنگی کپ کراوی کۆڵبەرانی کورد لە ئاستی جیهاندا دەنگدانەوەی هەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەستێکی بەرپرسانەوە بەرانبەر بە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ بۆ خستنەبەرباسی پرسە گرینگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە کۆڕوکۆبوونەوە نێونەتەوییەکاندا.

















# هەڵبژاردنەکانی پارلمانی بریتانیا

ڕێکەوتی ١٣ی مەی ٢٠١٧ کاتژمێری ١١ی سەرلەبەیانی بۆ پشیوانی لە دۆست و هاوڕێی بەڕێزم کاک ئیبراهیم دۆگوز کە یەکێك لە پالێوراوانی پارتی کرێکارانی بریتانیا یە بۆ هەلبژادنەکانی پارلمان ئامادە بووم و بەنێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی و ئامادەیم بۆ هاوکاری هەلبژاردنیان ڕاگەیاند.

لەم هەلمەتەدا بەشێك لە دۆستان و حیزبەکانی کوردستانی بەشداریان لە بانگەواز بۆ هەلبژاردنی کاک ئیبراهیم کرد، و لەگەل بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ناوچەی وێست مینستەر کرد، بەلام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوو.





# بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپرسەی کاك نەوشیروان مستەفا لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی مەی ٢٠١٧ی زایینی، بزوتنەوەی گۆران لە لەندەن کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی بۆ بەڕێز نەوشێروان مستەفا تێکۆشەری دێرینی گەلی کورد و ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، لە « لەندمارك لەندەن هوتێل» ڕێکخست.

ئەم مەراسمە کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ بە وتەی چەند هاوڕێ و دۆستی کاک نەوشیروان و هەروەها چەند پارچەیە مۆسیقا دەستی پێکرد و بە چەندین و وتار و پەیامی بزوتنەوەی گۆران تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە درێژەی کێشا.

جێگەی ئاماژەیە کە بەرێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا ئامادەی ئەم پرسەیە بوو و چەپکە گوڵی ڕێز لێنانی لە بەردەم وێنەی بەڕێز نەوشێروان مستەفا دا دانا.

پێویست بە گوتنە کە ڕێکەوتی ٢١ی مەی بەڕێزان ڕزگار قادرزادە بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا و کاک کەیوان شێرزاد ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب لەو وڵاتە، هاوڕێ لەگەڵ هەیئەتی حیزب، لە پرسەی کۆچکردوو کاک نەشیروان مستەفا دا لە شارەکانی نۆتینگهام و برمینگهام بەشدارییان کرد و چەپکە گوڵی ڕێزلێنان و پەیامی پرسەی و هاودەردی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان گەیاندە هەڤاڵانی بزووتنەوەی گۆڕان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**










Nawshirvan Mustafa
نەوشیروان مستەفا
1944 - 2017









# کۆڕێك بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتیی سیاسیی حیزبی دێموکرات و خۆشەویستی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕێکەوتی ٨ی جولای ٢٠١٧ بەدەست پێشخەری بنکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان کۆڕێک لە لەندەن بۆ کەسایەتی سیاسی و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بەرێز کاک هاشم کەریمی لە کاتژمێری ٧ی ئێوارە بەرێوەچوو.

ئەم کۆرە سەرەتا بەدەقیقەیەك بێدەنگی بۆ یادی یشەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان بەرێوەچوو، لەلایەن کاك مەحمەد خاکی وەک یەکێك لەو کەسانەی کە پێشنیار و بیرۆکەی ئەم رێزگرتنەی بەو رێکخراوەیە کردبوو وتارێک پێش کەش کرا.

بە ویدۆ وتاری چەند هاورێی کاک هاشم کە نەیانتوانیبوو بەشدار بن و لە رێگای دوورەوە لەسەر ژیان و خەباتی ئەم تێکۆشەرە قسەو لێدوانیان کردبوو نیشان دران.

لەلایەن خوشکە چیمەن رەحمی وتاری بنەمالە لەسەر ژیان خەباتی کاک هاشم پێش کەش کرا، بۆ نێو ئاخنی بەرنامەکە چەند پارچە مۆسیقا لەلایەن هونەرمەند کاک ئاوات ئەفروزیەوە پێش کەش کرا.

هەریەك لەبەرێزان مامۆستا عبداللە حەسەن زادە و کاک حەسەن رەستگار لەسەر تێکۆشان و خەبات هێندێک لەبیرەوەریەکانیان دەگەل کاک هاشم لە رۆژانی سەختی خەبات بۆ بەشداربووان گێرایەوە.

لە بەشێکی تری بەرنامەکەدا نوێنەری حیزب لەبریتانیا مەولوود سوارە بەنوێنەرایەتی حیزب سوپاس و قەدردانی لە بنکەی رۆژهەلاتی کوردستان کرد و نامەی سوپاس و پێزانینی دەفتەری سیاسی پێشکەشی خاتوو حەیات توکلی یەکێك لەئەندامانی کۆمیتە و بەرێوەبەری بەرنامەکە کرد.

نوێنەری حیزب لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا سوپاسی لە خاتوو زێنب رەسول پناە هاوسەری کاک هاشم و مندالەکانی خاتوو بەیان، کاک گۆران و کاک سۆران و بابانی خۆشەویست کرد کە هەمیشە پالپشت و هاندەری کاک هاشم بوون و لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە سەبەتێك گولی بەنیشانەی رێزدانان پێشکەشی خاتوو زێنب کرد، لەبەشێکی تری بەرنامەکە نوێنەری حیزب داوای لەبەرێز کاک حەسەن رەستگار کرد کە لوحەی رێزلێنانی دەفتەری سیاسی پێشکەشی کاک هاشم بکات، پاشان بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی حیزب لەدەرەوەی ولات مامۆستا عبداللە حەسەن زادە داوای لێکرا کە لۆحی ئەم کومیتەیە پێشکەشی بەرێزیان بکات.

دوابەدوای ئەمە خاتوو زێنب سوپاس و رێزی خۆی و بنەمالەی پێشکەشی بەشداربووان و هەروەها دۆستان کرد بۆ ئەم رێز لێنانە.

لە کۆتای بەرنامەکەدا بەرێز کاک هاشم وتەیەکی لە

پیوەندی لەگەل ئەم ریزلێنان و هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی بنەمالەی پێش کەشی بەشدار بووان و دۆستانی کرد.

جێگای ئاماژەیە کە چەن کەسی تری دۆستی کاک هاشم لەسەر خەبات و تێکۆشانی بەرێزیان قسەیان کردو و رێز و حورمەتی خۆیان بۆ بەرێزیان دووپات کردەوە.

بەخواردن و چای و قاوەو شەربەت پەزیرایی لەمیونان کرا.



















# کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبۆوە

ناوەندی هەواڵ- سوید: کومیتەی بەڕیوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاروباری حیزب لە دەرەوەی وڵات و پێداچوونەوە و داڕشتنی بەرنامەی گونجاو بۆ وەرزێکی نوێی خەبات و تێکۆشان، بە ئامادە بوونی هەموو ئەندامانی، ڕۆژی ٩ی سێپتامبر لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید کۆبووەوە.

سەرەتا کۆبونەوەکە بە پاراستنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردو کوردستان بەگشتی شەهیدانی میکونوس بەتایبەتی دەستی بەکارەکانی کرد.

بەڕێز کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و کاروباری حیزب لەدەرەوەی وڵات باسێکی تێروتەسەلی پێشکەشی بەشدار بووان کرد.

دواتر بەڕێزکاک خالید وەنەوشە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کە بەسەفەرێك هاتووەتە دەرەوەی وڵات لەپیوەندی لەگەڵ دواین ڕووداوەکانی کوردستان باسێکێ پێشکەشی کۆمیتە ی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵات کرد.

لەو پەیوەندییەدا هاورێیانی رێبەری پرسیار و تێبینیەکانی خۆیان خستە روو.

پێداچونەوە بە بەش و بەرپرسایەتییەکان لەچوارچێوەی کۆمیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵات و ئۆرگانەکانی دا بەشێکی دیکەی کاتی کۆبوونەوەی بۆ تەرخان کرا.

خاتوو شەهین زاد ئەحمەد بەرپرسی کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکییەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەپیوەندی لەگەڵ کاروباری رێکخراوی ژنان، گیروگرفتەکانی ئەو بەشە و زیاتر کاراکردنەوەی ئەم رێکخراوە هێندێك تێبینی پێشکەشی کۆبونەوەکە کرد کە لەلایەن ئەندامانی بەشدارەوە پێشوازی لەو پێشنیارانە کرا.

کۆبونەوەکە دوای یەک رۆژ کاری بەردەوام، و داڕشتنەوەی هەیکەلی ئۆرگانەکان و دیاری کردنی پلان و بەرنامە بۆ وەرزی داهاتووی کار و تێکۆشان کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی دەرەوەی وڵات**
**٩ی سپتامبری ٢٠١٧ سوید- ستوکهولم**









# بەڕێوەچوونی کارنەڤاڵی پشتیوانی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە لەندەن



ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٧ی سپتامبری ٢٠١٧ی زایینی لەبەر دەرگای سەرۆك وەزیرانی بریتانیا کارنەڤالی پشتیوانی لەریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەر بانگەوازی پێشووی چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانیی جێگیر لە وڵاتی بریتانیا، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە سەدان کەس لە کوردستانیانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، بە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەوە و بە هەڵکردنی سەدان ئاڵای پیرۆزی کوردستان، کارنەفاڵی پشتیوانی لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان،یان بەڕێوە برد

کوردستانیانی بەشدار بە لەبەر کردنی جل و بەرگی جوان و ڕەسەنی کوردی و ئاڵای کوردستان لە گەردن و دانی دروشمی جۆراوجۆر بۆ سەربەخۆی کوردستان هەستی خۆیان بەرامبەر بەو بڕیار و هەنگاوە بە جێیەی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

لەو کارنەڤاڵە دا کوردستانیانی دانیشتووی بریتانیا ک لە زۆربەی شارەکانی ئەو وڵاتەوە ڕوویان لە لەندنی پایتەخت کردبوو، بە خۆپیشاندان و هەڵپەڕکێ و دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان، ڕوو بە کاربەدەست و هاووڵاتیان بریتانیا نیشانیان دا کە کورد لە هەر جێیەکی ئەو جیهانە بێ پشتگیری لە هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی کورد ئەکات.

لە بەشێکی دیکە کارنەڤاڵ دا چەندین وتار و لێدوان پێشکەش کران و لەلایەن بەڕێوەبەرانی کارنەڤالەکەوە نامەیەک کە بڕیارنامەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە بوو ئاڕاستەی





دەفتەری سەرۆك وەزیرانی بریتانیا کرا.
جێگای ئاماژەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا یەکێك لە ڕێکخەرانی چالاکی ئەم کارنەڤاڵە بوو و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب بەشداری چالاکانەیان تێدا کرد.
جێگەی ئاماژەیە کە بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆ دا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤دا، پشتگیری و پشتیوانی حیزب و گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بۆ سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دووپات کردەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**














YES TO KURDISTAN INDEPENDENCE
کەرنەڤاڵی پشتگیری لە ریفراندۆمی
سەربەخۆیی کوردستان ـ لەندەن
رەوەندی کوردستانی لەبەریتانیا بۆ پشتگیری کردن
لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان
لەرۆژی یەکشەممە ١٧ ی سێپتەمبەری ٢٠١٧
کاتژمێر 12بۆ2ی دوای نیوەرۆ کەرنەڤالێك لەبەردەم
نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا
لە داونینگ ستریت ساز دەکات
Kurdistani diaspora hold a carnival
to support the Referendum and
Independence of Kurdistan.
At:
10 Downing St, Westminster
London SW1A 2AA
Sunday 17th September 2017
Time: 12:00 to 14:00




# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی سپتامبری ٢٠١٧ی زایینی، لەشاری برایتۆن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و یاوەری کاک رزگار قادر زادە بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا و کاک یونس موکری ئەندامی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا بەشداری کۆنفڕانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیا» لیبەر» پارتییان کرد.

کۆنفرانسی حیزبی کرێکارانی بریتانیا ڕۆژی ٢٤ی سپتامبر دەستی بەکارەکانی کردوە و ڕۆژی ٢٧ی سپتامبر کۆتایی بەکارەکانی دێنێت. هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە سێ ڕۆژ کاری کۆنفڕانس کە تایبەت بە پرسە نێونەتەوەییەکان واتە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ و ٢٧ بەشداری دەکەن.

کۆنفرانسەکە کاتژمێری دوازدە و نیو بۆ یەك و نیوی نیوەڕۆ، خوانێك لەلایەن حیزبی کارگەرەوە بۆ بەشداران و میوانانی بیانی ڕێکخرا، هەر و لەو نیوەڕۆ خوانەدا وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و ناوخۆ و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی هەرکام لەسەر تەوەر جیاجیاکان قسەیان کرد و ڕوانگەی حیزبی کرێکاریان بۆ بەشداربووان ڕوون کردەوە. لەلایەن بەشدار بووانەوە چەندین پرسیار کران و لەچوارچیوەی سیاسەتەکانی خۆیان دا وڵام درانەوە.

هەیئەتی حیزبی لەمیانەی کۆنفرانسەکەدا لەگەڵ هەریەکە لەبەرێزان: ئین مەك نیکۆل سەرۆکی حیزبی کرێکاران، خاتوو جۆ گرینینگ سەرۆکی بەشی نێونەتەوەی و خاتوو نەبیل ساتەر بەریوەبەری پرۆژە نێونەتەوەیەکان و لە بەرپرسانی بەشی نێونەتەوەی حیزبی کرێکار چاوپێکەوتنیان کرد.

لە بەشیکی دیکەی کاری کۆنفڕانس دا کە تایبەت بوو بە میوانانی بەشدار و حیزبە دەستە خوشکەکان، کاتژمێری شەشی دوا نیوەڕۆ بۆ حەوت و نیوی شەو ئێوارە خوانێک بەڕێوە چوو. لەم ئێوارە خوانە و هەروەها لە درێژەی کونفرانسەکەدا هەیئەتی حیزبی توانیان چاویان بە بەشێکی بەرچاو لەدیپلومات و کەسایەتییە سیاسیەکانی

بەشدار بکەوێت.

هەروەها لەگەڵ بەڕێز خاتوو ئێمیلی ترۆنبێری وەزیری سێبەر لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا چاوپێکەوتنیان کرد.

سەرجەمی باسەکانی هەیئەتی حیزبی لەگەڵ کەسایەتییە بەشدارەکان لەو کۆنفرانسە دا بریتی بوون لە باس و خواسەکانی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ، زیندانیانی سیاسی و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی ژێر دەستی کۆماری ئیسلامی. هەیئەتی حیزبی دڵگرانی و گلەیی و گازەندەی حیزب و گەلی کوردیان لەپاڵپشتی نەکردنی حیزبی کرێکاران لە سەربەخۆی و ریفراندۆمی باشووری کوردستان گەیاندە بەڕێوەبەرانی ئەو حیزبە. هەیئەتی حیزبمان بە ئاماژەی بە وتەی کاربەدەسانی بریتانیا کە دەیانگوت نەتەوەی کورد خاوەن هێزی پێشمەرگەیە کە شەری دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانی کردووە، کەچی بۆ داوای مافی چارەنووسی خۆی پشتان تێکردن و پشتیوانیتان لێ نەکرد. هەیئەتی حیزبی هیوای خواست کە لەداهاتوو و هەلبژاردەکان و پرۆسەی داهاتوو پشیوانی لە گەلی کورد بکەن.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**












# بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دووهەمی کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: سەرلە نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ٢٦ سێپتامبری ٢٠١٧ زایینی بەڕێزان هاوڕێ مەولود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و یونس موکری ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا لەڕۆژی دووهەمی کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا دا بەشدارییان کرد لە سیمینارێك لە سەر پرۆسەی ئاشتی باکووری کوردستان، دێموکراسی و ئازادی ئۆجەلان لە هۆڵی شارلۆت لە شوێنی بەڕیوەچوونی کۆنفرانسە کە لە شاری برایتۆن لە لایەن گرووپێك هە ڵسوراوی بە ریتانی، نێونەتوەیی و کوردی باکوور بە ڕێوە چوو.

سەرەتا لە لایەن بەدیعە ئۆزگۆکچ ئەرتان پەرلەمەنتاری شاری وان لە سەر لیستەی هەدەپە باسێکی تیر و تەسەلی لە سەر باردۆخی باکووری کوردستان دوای کودتا شکستخواردۆکەی هاوینی ساڵی ٢٠١٥ لە تورکیا و هە نگاوەکانی ئەردۆغان لە تێکدانی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان و زیندانی کردن و ڕاوەدۆنانی چالاکانی مافی مرۆڤ و ئەندام پەرلەمانەکان و سەرۆك شارەوانییەکانی هەدەپە لە باکووری کوردستان پێشکەش کرد.

دواتر خاتوو دیلار دێریك خوێندکاری دوکتورا لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی ئاکسفۆرد باسێکی لە سەر خەباتی کوردەکان لە دوای پەیمانی سایکس پیکۆ و بە تایبەتی ڕۆژئاوا و ڕۆڵی ژنان لەو خەباتەی ئەو پارچەی کوردستان دا کرد.

ئینجا بەڕێز فابیان وەزیری دەرەوە لە کابینەی سێبەری دەوڵەتی پارتی کرێکار دا باسی لە سەرۆك کۆماری تورکیا ئەردۆغان وبردنی تورکیا بەرەو دیکتاتۆرییەت و داخران کرد. سەرەڕای ئەوەیکە لە ساڵی ٢٠٠٢وەوە وڵاتی تورکیا گەشەی ئابووری بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، لەو ناوەشدا هەریمی کوردستان زۆر یارمەتیدەری ئابووری تورکیا بووە. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا باسی لە بێ هیوایی ڕۆژئاوا لە سەر سیاسەتەکانی ئەردۆغان لە ناوچە و ڕادەی نێونەتەوەیدا کرد. بەڕێز فابیان پشتگیری خۆی بۆ گشتپرسی هەریمی کوردستان دەربڕی و کارەساتەکانی وەك هەڵەبجە و ئەنفاڵی کوردەکانی لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە وەبیر ئامادەبووان هێناوە.

شایانی باسە بەڕێز پۆل لە پارتی شین فین لە ئیرلەندای باکوورەوە باسی لەوە کرد کە خەڵکی ئیرلەند هەست بە ئازارەکانی گەلی کورد دەکەن. ئاماژەی بە خەباتی ئیرلەندای باکوور هەر لە سەدەی ١٧وە دژ بە داگیرکاری بریتانیا و لە ئەنجامدا باسی لە پرۆسەی ئاشتی ئیرلەندای باکوور و پەیمانی گوود فرایدەی کرد.

بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە لەندەن ئیبراهیم دوغوش بەرخۆدانی کوردان بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانیان، ئازادییەکان و یەکسانی لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچە کەدا بەرجەستە کرد. باسی لە کێشەی کورد،

دەستبەسەرکرانی بەڕێز ئۆجەلان و بەرخۆدانی کوردانی ڕۆژئاوا، کۆبانی، شەنگال و باشووری کوردستانی کرد.
دواتر خاتوو جولی وارد ئەندام پەرلەمانی پارتی کرێکارانی بریتانیا لە پەرلەمانی ئورووپا و هەڵسوراو لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەز پەرەستی باسی لە سەردانەکانی بۆ باکووری کوردستان کرد و ڕەخنەی لە میلیتاریزە کردنی باکووری کوردستان لە لایەن دەوڵە تی تورکەوە گرت. شایانی باسە سیمینارەکە لە کاتژمێر ١:٣٠پاشنیوەڕۆ کۆتایی پێهات.
پێویست بە ئاماژەیە لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەگەل بەبەشێک لەدۆستان و پشتیوانانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان دیداریان تازە کردەوە.
جێگای ئاماژەیە کە بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتی بریتانیا و کێشەی نێوخۆیی پارتی کرێکاران و هاوکات کێشە و مەترسییەکانی تێرۆریزم لە سەر ئەو وڵاتە، ئەم کۆنفرانسە بە پێچەوانەی لە کۆنفرانسەکانی پێشووی لێبەرپارتی زیاتر لە سەر کێشەو باسەکانی نێوخۆی ڕاوەستا و وەک چاوەڕوان دەکرا بە پێی پێویست ئاوڕ لە کێشە گرفتە نێونەتەوەی نەدرایەوە.
هەر لەو پانێڵەدا هەیئەتی حیزبی لەنیزێکەو دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەل خاتوو جولی وۆرد ئەندامی پارلمانی ئەورووپا و هەروەها خاتوو بەدیعە ئۆزگۆکچ ئەرتان پەرلەمەنتاری شاری وان لەسەر لیستی پارتی ماف و ئازادی پێک هێنا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان-بریتانیا**



















# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی پڕ شکۆ بۆ پرسە و سەرەخۆشی سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕێکەوتی ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ کاتژمێری ١٢ بۆ ٥ی ئێوارە لەشاری برمینگهام ڕێورەسمێك بۆ سەرەخۆشی سەرۆك مام جەلال بەرێوە چوو، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هاتوو لە بەرێزان کاک کەیوان شێرزاد ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا و کاک کاوە مودرسی بە تاجەگولی ڕێزلێنانەوە بەشداری ئەم پرسەیان کرد.

ڕێکەوتی ٥و ١٠ ئۆکتۆبری ٢٠١٧ لەسەر پێشنیار یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە بریتانیا کۆمیتەیەک پێکهاتوو لە نوێنەری حیزب و لایەنەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و هەروەها نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بنەماڵەی بەرێز تالەبانی بۆ بەرێوەبردنی پرسە سەرۆك مام جەلال پێک هات. لیژنەی بەرێوەبردنی پرسەی سەرۆك مام جەلال دوای دوو جار دانیشتن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر بەرێوەبردنی کارەکانی پرسەکە، وا ساخ بوونەوە کە بە هاوکاری هەموو لایەک ڕێورەسمێکی پڕ شکۆ کە شایانی گەورەیی ئەو ڕێبەرە بێت بەرێوەبەرن.

هەر لە سەر ئەو بڕیارە، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ کاتژمێری ٣ی پاشنیوەرۆ بۆ ٧ی ئێوارە لە رۆیال لانکەستەر هوتێل لە ساری لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەرنامەکە بەشێوەیەکی ڕێک و پێك بەرێوە چوو.

ئەو سەرەخۆشیە بەبەشداری خەڵکێکی یەکجار زۆر لە هەرچوارپارچەی کوردستان، دەیان کەسایەتی سیاسی کوردستان و جیهانی کە لەنێویان دا هەریەك لەبەرێزان



تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی پێشووی بریتانیا و دۆستی نیزێکی مام جەلال، نەدیم زەهاوی ئەندامی پارلمانی بریتانیا بەشداریان کرد و هەرکامەیان وتاریان لەپرسەکەدا پێشکەش کردو لەدەستانی مام جەلالیان بەخەسارەیەکی گەورە بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەی و کورد بەگشتی زانی.

لە بەشیکی ئەو ڕیورەسمەدا تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتی و سیاسەتمەداری ناسراوی کورد مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزادە وتارێکی کورتی پێشکەش کرد. بەڕیز حەسەنزادە لەو وتارە دا سەرەڕای ئاماژە بە پلەی بەرز و جێگە و پێگەی بەڕیز مام جەلال تالەبانی وەک ڕێبەرێکی کاریزما و کارامە، بەڕیز حەسەنزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە خۆشەویستی مام جەلال لە ناو ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبە کوردستانییەکان و












کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بە گشتی کرد و باسی لە لێبووردەیی و گەورەیی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێرە بەرامبەر بە نەیار و دژبەرانی چ لە ناو ڕیزەکانی حیزبەکەی و چ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان دا کرد. بەڕێز حەسەنزادە لە کۆتایی قسەکانی دا هیوای خواست کە ڕێبازی تاڵەبانی هەروا درێژەی هەبێ و ڕێبەری و ئەندام و کادر و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە جیاتی دۆشدامان و خەمبار بوون بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕێبەرەکەیانەوە هەوڵ بدەن بە یەکخستنی ڕیزەکانیان ڕۆحی ئەو شاد کەن و درێژە بە سیاسەتی حەکیمانە و کوردپەروەرانەی بدەن.

لە بەشێکی دیکە ئەو ڕێوڕەسمە دا چەندین کەسایەتی دیکە وتاریان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

- بەڕێز کاروان جەمال تاهیر نوێنەری حکومەتی هەرێمی کورستان












- وتاری حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرچوار پارچە لەلایەن بەڕێز هاوار حاجی لێپرسراوی و بەرپرسی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

- وتاری بنەماڵەی بەڕێز سەرۆك مام جەلال

هەروەها چەند پەخشان و وتاری دیکە پێشکەش کران.

جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بە سەرپەرستی بەڕێز مامۆستا عبداللە حەسەن زادە بە تاجە گولی ڕێزلێنان لەخەبات و تێکۆشانی سەرۆك مام جەلال بەشداری پرسەکە بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**














Mam Jalal beloved revolutionary leader
Mam Jalal Talabani, from freedom fighter to presidency


1992






# بەشداریی هەیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پرسەی مامۆستا کەریم زەند لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ لەلایەن بنەماڵە، هاوڕێ و دۆستانی مێژوونووس، نووسەر و شۆڕشگێڕی دێرینی گەلەکەمان مامۆستا کەریم زەند، لە شاری لەندەن ڕێوڕەسمێکی پرسە و سەرخۆشی بۆ مامۆستای کۆچ کردو لە هوتێل هیلتۆن بەڕێوەچوو.

کۆڕی پرسەی مامۆستا کەریم زەند کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ بۆ ٦ی ئێوارە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کورد لەبریتانیا و هەروەها بنەماله و کەس و کار و دۆستان و خۆشەویستان مامۆستا ئامادی پرسەکە بوون.

کۆڕەکە لەلایەن کاک پێشرەو مەجید بە وتانە کرایەوە

کەریم زەند: گەریدە و مێژوونووسی ناسراوی کورد

ئامادەبوانی بەرێز ئێوارەتان باش، بەخێربێن بۆ یادی سەربازێکی ونی گەلەکەمان، یادی گەریدە و مێژوونوسی کورد مامۆستا کەریم زەند

گۆرانی مەزن دەڵێ:

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا

بەداخەوە ئەم ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆمەڵگای ئێمە لەم رۆژەدا بۆتە حەوزە لیخنەکە کە قەدری زانایان و بلیمەتانی خۆی نازانێ.

بەرێزان ئێمە ئیمرۆ کۆبوینەتەوە بۆیادی ماڵئاوایی بلیمەتێکی ئەم میللەتە کە تەمەنێکی درێژی لە خزمەتی خاک و نیشتیمانەکەیدا بەسەربردووە و وەک گەریدە و مێژوونووس و کۆمەڵگاناسێکی ناودار.

پێشەکی حەزدەکەم بەوە دەستپێبکەم کە شاری سلێمانی بەناو پایتەختی رۆشنبیری ماڵئاواییکردنی ئەم زاتە مێژوونوس و گەریدە و رۆلە بەئەمەکەی نیشتیماندا کەمتەرخەم بووە.

وا چاوڕواندەکرا کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە مەراسیمی بەرەو گۆڕستان بردنی تەرمەکەیدا هەر هیچ نەبێت بەقەد ژمارەی لاپەرەکانی یەکێک لە بەرهەمکانی ئەم کەڵە مرۆڤە بەشداربوونایە. بەداخەوە ئەمە چ کارەساتێکە کە میللەتێک رۆڵ و پیگەی نووسەر و مێژوونوس و هونەرمەندانی خۆی نەزانێ.

مامۆستای نەمر یەکێکە لە نەوە زێرینەی کە مرواری و ئاڵتون و مەرجانەکانی تاجی شکۆی ئەدەب و مێژووی کوردەواری کە بەداخەوە لە پاییزی تەمەندان و یەک یەک وەک گەڵای دار دەکەون و بەجێمان دەهێلن. ئەوە ئەرکی مێژووی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتیی ئێمەیە کە شوێن و ناو و جێیان بەرزراگرین. گلەیی بێت شارەکەی رۆشنبیری کە ئەوەی





بۆ سیاسەتمەدارانی دەکەیت بۆ مێژوونووس و ئەدەب دۆستانی ناکەیت.

کەریم زەند کوڕی حەمە ئاغای کوڕی ئەمین ئاغایە، لەسەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیەوە ئەم بنەماڵەیە لە گوندی چنگیانی ناوچەی شارباژێڕەوە هاتوونەتە سلێمانی و لەوێ نیشتەجێبوون.

ئەم کەڵە مرۆڤە، لەساڵی ١٩٢٤ (١٩٢٥) لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و پاشان چۆتە بەغداد و لە ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی تەواوکردوە و لە پاش



تەواوکردنی خانەی مۆستایان لە قوتابخانەی فەیسەڵییە مامۆستایەتی کردوە و لەسەروبەندی دامەزرانی کۆماری کورستان لە مهاباد ڕۆشتووە بۆ بەشداریکردن لە کۆمارەکەی پێشەوادا و لە کۆماری کوردستان وەک مامۆستایەکیش خزمەتی کردووە. لە زمانی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە کە ڕۆژێک قازی محەممەد سەردانی ئەو پۆلەی کردووە ئەو وانەی تێدا گوتووەتەوە، دوای تەواوبوونی وانەکەی پێیگوتووە «لە تارانێ را مامۆستا وام نەدیوە». هەر ئەو کاتەش قازی محەممەد «کلێتەیەکی» پێدەدات، کە تاوەکو کۆچی دوایی لەسەریدا بوو. لەدوای شکستی کۆماری مهابادیشدا لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی و هاوەڵەکانی بەرەو رووسیا ڕۆشتتوە.

مامۆستا لە قاهیرەی پایتەختی میسر دپلۆمی باڵای بەدەستهێناوە.

لە زانکۆی ماینز گۆتنبێرگی ئەڵمانی پلەی پرۆفیسۆری پێبەخشراوە.

لە ساڵی ١٩٣٨ وە تێکەڵی سیاسەت بووە و لە کۆمەڵی برایەتی، هیوا، ئازادی، ژێکاف، کاژیک و پارتی دیموکراتدا ئەندامی دەستەی نووسەرانی کورد بووە.

لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و شۆڕشی بارزان و شۆڕشی قازی محەمەد دا بەشداری کردووە

دوو ساڵ بەندکراوە لە گرتوخانەی ئەبوغریب و پێنج ساڵیش بە دەستبەسەری دوورخراوەتەوە بۆ زۆنگاوەکانی ناوچەی ناسریە لە خوارووی عێراق.

لە پاڵ مامۆستایەتیدا، چەندین ئەرکی نیشتیمانی بەجێهێناوە وەک ئەوەی سەرپەرشتیاری نەهێشتنی نەخوێندەواری بووە هەروەها بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بریکاری سەندیکای مامۆستایان بووە. وە جێگری ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بووە بەخۆبەخش و بێ مووچە

لە ساڵی ١٩٤٠ ە وە دەستی بەنووسین کردووە و ١٢ نوسراو و بلاوکراوەی هەیە

زیاتر لە ٦٠٠ وتاری هەیە کە لە زۆربەی گۆفارو ڕۆژنامەکوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە

خاوەنی ٤٠ کتێبی بڵاوکراوە و دەستنوسە و شاکاری بەرهەمەکانی بریتیە لە کتێبی «تۆماری تەمەن» کە لە (٥) بەرگ پێکهاتووە باس لە جوگرافیا و شێوەزاری میللەتانی کوردستان دەکات. ١٥ کتێبی تایبەتی هەیە کە لە بوارەکانی جوگرافیا و مێژووی کوردستاندا نووسیوویەتی



مامۆستای نەمر یەکەمین کەس بووە کە ئینجیلی کردووە بە زمانی کوردی

لە چلەکاندا لە گۆڤاری گەلاوێژدا چەندین وتاری بڵاوکردۆتەوە.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری رۆژی نۆێ و نوسەری کورد بوە.

لەساڵی ١٩٥٨ لەسەر ئەرکی خۆی جوگرافیای کوردستان بڵاوکردۆتەوە

رەنگە ئەوەی کە تا ئێستا وترا بەس و زۆریش بێت بۆ ئەوەی کە بزانین کە کەریم زەند چ مرۆڤێکی گەورەیە. بەلام بەرێزان ئەم زاتە لە بوارێکی تردا پێشرەوی کردوە کە ئێمە وەک میللەتی کورد لەم جۆرە پسپۆرەمان دەگمەنە ئەویش بواری گەریدەیی و جۆگرافیاناسییە کە ناوبراوە سەرقافلەی ئەم بوارە بووە.

مامۆستای گەورەمان بەگەڕیدەیی هەرچوارپارچە کوردستان گەڕاوە و زانیاری تەواوی لەسەر هەموو شوێنەکان و هۆز و تیرە و رەگەز و زمان و مێژووی کوردستانی گەورە تۆمارکردووە. زۆربەی گەشتەکانی بە پێ بووە و نزیکەی ١٣ ساڵی پێچووە هەتا هەموو کوردستانی گەورە گەڕاوە چونکە ئەو بڕوای بە سنوری دەستکردنی دەستی داگیرکەر نەبووە و وەک خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێ «لە ئەرمیناوە تا کەنداو» بەپێ گەڕاوم بە مەبەستی نووسینی جوگرافیای کوردستان.

کاتژمێری ١٠ بەیانی رۆژی سێشەممەی ١٠ /٢٠١٧/١٠ لە شاری سلێمانی لە تەمەنێکی پر بەرەکەت و بەخشینی ٩٣ساڵیدا دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاویی لێکردین.

سلێمانی بێکەسە و شێرکۆی نەماوە تا بە دەقێکی والا شانامەی ماڵئاوای مامۆستامان بۆ بنوسێت.

رەوانت شاد مامۆستای نەمر ئاسودەبە تۆو هاوڕێانت ئەرکی نیشتیمانی خۆتان بەزیادەوە بەدیهێنا و دڵنیابە گەر ئەم نەوەیەش بەوە نەزانێت ئەوا هەموو جوگرافیای کورستان شاهیدی بەرهەم و رەنجی تۆن. لە هەر جۆگەو رووبارێکی کوردستان بپرسیت دەڵێ ئەم گەریدە جوگرافیناسە پێشئەوەی تانوپۆی من بخاتە سەرنەخشە بە قومێ ئاوی من تینوێتی خۆی شکاندووە، لەهەر دارێکی بەقوڵاچوی کوردستان بپرسی دەڵی ئەم مارکۆ پۆلۆیەی ئێمەک پێش نەخشاندنی شوێنی رەگەکانی من تاوێ لە سێبەرمدا حەواوەتەوە.. هەموو گوند و بناری شاخ و لوتکەی چیاو دەشت و دۆڵی کوردستانی گەورە شایەتی بەئەمەکی و دڵسۆزی و جوامێری تۆدەدەن. رەوانت شاد و بنوە بەئارامی.

بە دوای وتەکانی کاک پێشرەو هەریەکە لەبەرێزان کاک ئەنوەر سولتانی، مامۆستا سەباح غالب و کاک مەحمەد مستەفا نوسەرو رۆشنبیر و هەروەها لەلایەن بنەماڵەکەیەوە مامۆستا عبداللە سالح (مامۆستا عبدە) وتاریان پێشکەش کردو لە سەر گەورەیی مامۆستا کەریم زەند و بەرهەمەکانی مامۆستا و خەسارەتی لەدەست دانی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرە قسەیان کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە بەرێز مەولوود سوارە بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری پرسەکە بوو و لە نیزێکەوە پرسەو سەرەخۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەش بنەماڵەکەی کرد.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**




# خۆپیشاندانی کوردانی تاراوگە لە بەردەم بالویزخانەی حکومەتی عێراق لە لەندەن

کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی ئۆکتۆبر سەدان کەس لە کوردستانیان و چالاکی سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بە مەبەستی سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی هێرشی حەشدی شەعبی و پاسدارانی سپای قودس،ی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ سەر شاری کەرکووک و داگیرکردنی ئەو شارە، لە بەردەم باڵوێزخانەی عێراق لەو شارە کۆبوونەوە و بە دانی درووشم دژ بە ڕژیمەکانی ئێران و عێراق و حەشدی شەعبی و پاسداری تێرۆریست قاسم سلێمانی، نارەزایەتی توندی خۆیان دژ بە هێرش و داگیرکاری بۆ سەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەربڕی و داوایان لە حکومەتی بریتانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە ڕێگە نەدەن میلشیا شێعەکانی سەر بە حکومەتی ئێران ئارامی و ئاساییشی کوردستان و دانیشتوانی تێک بدەن.

پێویست بە ئاماژەیە کە کۆمەڵێک لە خۆپیشاندەرانی خوێن گەرم هێرشیان کرد ناو باڵوێزخانەکە و دەرگا و شۆشەی پەنجەرەکانیان تێکشکاند.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**









METROPOLITAN
POLICE





# بەڕێوەچوونی خۆپێشاندان لەبەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی، سەدان کەس لە کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی بریتانیابە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەرمابەر بە هێرشی حەشدی شەعبی و هێزەکان دژ گەلییەکانی ڕژیمی عێراق و سپای پاسدارانی ئێران و هاوکات بە مەبەستی شەرەمەزار کردنی بیدەنگی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژایی بەرامبەر بەو هێرشانە کە بووە هۆی شەهید و بریندار کردنی سەدان کەس لە هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکی بێتاانی کوردستان و ئاوارە بوونی سەدان هەزار کەس، کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە لەندەن خۆپێشاندانێکیان ڕێکخست. لەو خۆپیشاندانە دا دەیان درووشم و سلۆگان دژ بە ڕژیمەکانی ئێران، عێراق و تورکیە گوترانەوە و سیاسەتی ئەو سێ وڵاتە داگیرکەرەی کوردستانیان دژ بە بڕیاری سەربەخۆیی و خواست و ویستی گەلی ئازادیخوازی کوردستان





دەستیان بە هێرشی سەربازی کرد و کوردستانیان لە ئاسمان و ئەرزەوە ئابڵووقە داوە گوترانەوە. هەرلەو پیوەندیەدا نامەیەکی سەرئاوەلا بۆ پشتیوانی لەدۆزی ڕەوای کوردو هەروەها ئەنجامی هەلبژاردنەکانی ٢٥ی سپتامبر و پشتگیری لە دێموکراسی و سەقامگیربوونی ڕەوشی باشوری کوردستان ئامادە کرا و بەشێکی زۆر لە خۆپیشاندەران واژوویان کردبوو، ئاڕاستەی باڵوێزخانەی ئەمریکا کرا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**














# خۆپێشاندانی کوردستانیانی نیشتەجێی بریتانیا لە بەردەم باڵویزخانەی ئێران لە لەندەن

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لە درێژەی کارو چالاکیەکانی کوردانی دانیشتووی بریتانیا، لە لەندەن دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لەباشووری کوردستان، ئەمرۆ ڕێکەوتی ٣ی نوامبری ٢٠١٧ کاتژمێری ٩ی سەرلەبەیانی خۆپێشاندانێک لەبەردەرگای باڵوێزخانەی ڕژیمی تێرۆریستی ئێران بەڕێوەچوو.

ئەو خۆپێشاندانە بۆ ڕێسوا کردنی دەستێوەردان و هێرشەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و دەستە و تاقمە گێردراوەکانی ئەو ڕژیمە بۆسەر باشووری کوردستان و پشتگیری پێشمەرگەی کوردستان ڕێکخرا بوو.

هاوکات لەگەڵ ڕیسوا کردنی دەستدرێژی حەشدی شیعە و بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر باشوور، خۆپێشاندانەدەران پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیان بە توندی مەحکووم کرد و داوایان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە لە جیاتی دانوستان کردن لەگەڵ حکومەتی دژی ئازادی تاران، ئاوڕ لە پێشێلکارییەکانی





ئەو ڕژیمە دژ بە مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان بدەنەوە.

بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە وتووێژێک دا لەگەڵ کانالی ڕووداو کە راستەوخۆ بڵاو دەکرایەوە، باسی لە سەرەڕوویی و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی ئێران و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و گووتی:

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی سەدان زیندانی سیاسی کوردمان هەیە کە ١٩ کەسیان زیندانی سیاسی ژنن و ٢١ کەسیان سزای ئێعدامیان بە سەر دا سەپێندراوە.

لە نێو زیندانیانی سیاسی جیگای خۆیەتی قەدردانی بکەین لە کاک مەحمەد نەزەری کە ٢٤ ساڵە لە چالەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایەوە و ئەمرۆ ٩٥ رۆژە مانی لەخواردن گرتووە و ژیانی لەبارودۆخێکی زۆر خەراپ دایە، کاک رامین شەریفی چارەنووسی دیار نیە و کەمال شەریفی ١٠ سالە گیراوە و ئیجازەی هیچ جۆرە چاوپێکەوتن و دیدارێکی لەگەڵ بنەماڵەی نیە. خاتوو زێنەب جەلالیان ماوەی ١٠ ساڵە گیراوە و لە خەراپترین بارودۆخی جەستەیی و ژیان دایە. ڕژیمی دژی ئازادی ئیسلامی ئێران هیچکات چاوی بە خۆشی و شادی گەلانی ئێران و بە تایبەتی گەلی کورد هەڵنەهاتووە، هەر بۆیە پاش ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ خۆشی دەربڕین ڕژانە سەر شەقامەکان، ڕۆژانی دواتر لە لایەن بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتەوە هێرشیان کرایە سەر سەدان کەسیان گرت و ئێستا لە ژێر ئەشکەنجە و لێدان دان و تەنانەت کۆمەڵێکیان بێ سەروشوێنن.

پێویست بە گوتنە کە لە سەرەتای پایزی ئەم ساڵەوە تاکو ئیستا ١٦٧ کەس لەلایەن کۆماری پەت و سێدارە دەستبەسەر و زیندانی کراون.

لەو خۆپێشاندانە کە بەشێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان تێدابەشدار بوون، دەیان درووشمی جۆراوجۆر بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی دژی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەشداربووانەوە گوترانەوە.

جێگای ئاماژەیە کە کۆی هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ئالوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستان و رۆلی کۆماری ئیسلامی لەو پیوەندییەدا وەرگێڕدرابووە سەر زمانی ئینگلیسی، بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە سەر ڕێبوارانی ئەو شەقامە دا بڵاو کرایەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**











# کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە بارسەلۆنە دەستی بەکارەکانی کرد

ڕێکەوتی ٢٤ ی نوامبری ٢٠١٧ لە کاتالۆنیا – بارسەلۆنە کۆبونەوەی شوڕای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بەمیوانداریی حیزبی سۆسیالیستی کاتالۆنیا دەستی بەکارەکانی کرد.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها خاتوو گولالە شەرەفکەندی و مەولوود سوارە ئەندامانی ڕێبەری حیزب بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون.

لەچوارچێوەی پێداگری لەسەر سێ خاڵی بنەڕەتی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال واتە ئازادی، بەرابەری و یەکدەنگبوونی سۆسیالیستەکان لەسەرتاسەری دونیا باسەکانی نوێنەرانی وڵاتانی جوراوجۆر لە ئەو سێ خاڵە وبنەما سەرەکیانە پێشکەش کرا.

هەرکام لەبەرێزان جۆرج پاپاندریف سەرۆک و لویس ئەیالا سکرتێری ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد کە هیچ کۆمەڵگایەك سەرکەوتوو نابێ مەگەر ئەوەی کە هەموو ئەندامان و دانشتیوان خۆیان لە چارەنووسی سیاسی ئەو وڵاتەدا ببیننەوە.

دەبێ حیزبە سۆسیالیستەکان سەرنج بدنە بەها سەرەکیەکانی سۆسیالیزم و بەکردەوە هەنگاوی بۆ هەڵبێننەوە.





شایانی باسە کە لەدرێژە وتار پێشکەش کردندا ئەوجار نۆرە گەیشتە مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەرەوەی ولات.

بەرێزیان لە باسەکانیدا قامکی خستە سەر چەند تەوەرێکی گرینگی کوردستان و ئێران و رۆژهەلاتی نێوەراست.

ناوبراو لە بەشی یەکەمی قسەکانیدا ئیشارەی بەپێشێلکاریەکانی کۆماری ئیسلامی کرد لەبواری مافی مرۆڤ و بەهێنانە بەرباسی چەند نموونە لەوبوارەدا کردەوەی دژی مرۆڤایەتیی کۆماری ئیسلامی لەقاودا. لەبەشی دوویەمی وتەکانیدا سەرنجی بەشداربووانی راکێشا بۆ ئەوکارەساتەی کە بەهۆی بومەلەرزەوە











بەسەرپارێزگای کرماشان لەرۆژهەلاتی کوردستاندا هاتووەو، نەخشی کۆماری ئیسلامی لەبەهاناوەچوونی لێقەوماواندا خستە ڕوو.

بەرێزیان ئیشارەی بەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی خاوەنداریەتیی لەو خەلکە لێقەوماوە نەکردووە بەگوێرەی پێویست بەهانایانەوە نەچووە، تەنانەت ویستویەتی قوولای ئەو کارەساتە بشارێتەوەو رێگای بە راگەیاندن نەداوە بچێتە هەرێمەکەو بەرفراوانی کارەساتەکە نیشان بدات، وەك ئەوە دەچێ کە کۆماری ئیسلامی شتێکی بۆشاردنەوە هەبێت لەوناوچەیە و ڕێگەشی نەداوە کە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان فریای خەڵکی لێقەوماو بکەون.

مستەفاشەڵماشی لەکۆتایی باسەکەیدا داوای لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و کۆمەلگای نێونەتەوەی کرد کە لەئاوەدان کردنەوەی ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکەدا یارمەتی دەر بن لەرێگای رێکخراوە نێونەتەوەیەکاندا، نەك لەرێگای کۆماری ئیسلامی .

تەوەرێکی دیکە باسەکەی مستەفاشەڵماشی تەرخان کرابوو بۆ دەستێوەردانەکان و ئاژاوەگێریەکانی کۆماری ئیسلامی، لە وڵاتانی ناوچەکەدا، هەر لەعێراقەوە تاکو یەمەن، لەوچوارچێوەیەدا باسی لەرۆلی سەرەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد لەهێرش بۆسەرباشووری کوردستان.

هەروەها لە کۆتای باسەکەیدا ئیشارەی بە کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند کە ریفراندۆم مافێکی بناغەیی هەرگەلێکەو لەو مەسەلەیەدا ڕەوا نیە گەلی کورد لۆمە بکرێت لەسەر ئەوەی کە ریفراندۆمی بەڕێوەبردوە، لەو پێوندیەش ئیشارە بەوەکرد کە پێویستە ئەو کێشەیە لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا بەدابین کردنی مافەکانی گەلی کورد و لە ڕێگەی وتووێژ بەبێ دەستێوەردانی دەرەکیی چارەسەر بکرێت.

لەم کۆبونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەل بەشێکی بەرچاو لەگەل بەرپرس و سکرتێر و نوێنەری حیزب و لایەنەکانی بەشدار لەکۆبونەوەیەکەدا بەرێوەبرد.

هەروەها راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لەمەر رووداوەکانی باشووری کوردستان و دێکۆمەنتی مافی مرۆڤ و پێشکەشی بە بەشێک لە ئەندامانی بەشداربوو کرا.

هەروەها لە درێژەی کارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەد ئێوارەخوانێك کاتژمێری ٧ی ئێوارە بۆ ٩ی شەو لەلایەن حیزبی سۆسیالیستی کاتالۆنیا بۆ میوانانی بەشدار لە کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست رێکخرا، لەم کۆبونەوەیەش دا دیدارو چاوپێکەوتن و لەگەل بەشێکی بەرچاو لە دۆستان و ئەندامانی ئیس ئای کرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**
**٢٤ی نوامبری ٢٠١٧**







REUNIÓN DEL CONSEJO
DE LA INTERNACIONAL SOCIALISTA
Barcelona, 24-25 de noviembre del 2017


REUNIÓN DEL CONSEJO
DE LA INTERNACIONAL SOCIALISTA
Barcelona, 24-25 de noviembre del 2017


REUNIÓN DEL CONSEJO
DE LA INTERNACIONAL SOCIALISTA
Barcelona, 24-25 de noviembre del 2017










Welcome
Bienvenidos
Willkommen
Bienvenue
Welcome


Bienvenidos
Willkommen
Bienvenue
PSC



# کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە بارسەلۆنە کۆتایی بەکارەکانی هێنا



ئەمرۆ ٢٥ی نوامبری ٢٠١٧ لە کاتالۆنیا - بارسەلۆنە کە رۆژی خەبات بۆ لەناو بردنی توندوتیژی دژی ژنانە هەر بەم بۆنەوە کۆبونەوەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەم بۆنەیەوە دەستی بەکارەکانی کرد.شایانی باسە بۆ بەرجەستە کردنی خەبات لەدژی توندو تیژی پۆستر ئامادە کرابوو کە هەر کام لەلایەنەکانی بەشدار ئەو پۆستەرەیان هەلگرت و هەروەها بەدەستە جەجمعیش وێنە کێشرا بۆ پشتیوانی لەم رۆژە.

لەدرێژە باسەکانی ئەمرۆش دا چەند کەس لەبەرپرسانی رێکخراوەکانی بەشدار لە کۆبونەوەی شورادا وتاریان پێشکەش کرد.

تەوەری کۆتای بریتی بوو لە ١١ قەتعنامە کە لەنێویان دا قەتعنامەی پێشنیاری حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکانی بەشدار بوو کە لەلایەن شوراوە پەسند کرا.

بۆبەشی رۆژهەلاتی کوردستان و ئێران کە پێشنیاری هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو سێ تەوەری سەرەکی تێدا گونجێندرابوو کە بریتی بوون لە:

معکوم کردنی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە کوردستان و ئێراندا، نارەحەتی دەربرین سەبارەت بە بومەلەرزەکەی رۆژهەلاتی کوردستان و باشووری کوردستان بەتایبەت ناوچەی کرماشان و داوا کردن لە کۆمەلگای نێونەتەوەیی کە بەهانای قوربانیەکانەوە بچن لە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەیاندا، هەروەها ئیشارە بەوەکرا کە مەسئلەی کورد بەشێوەی ئاشتیخوازانەو لە رێگای





وتوویژەوە چارەسەر بکرێت هەرچەندە لەکۆماری ئیسلامی چاوەروان ناکرێت کە لەوبارەوە هەنگاوێک هەلبێنێت.

هەموو نێوەرۆکی قەتعنامەکە سەبارەت بەکوردستان لەداهاتوودا بەزمانەکانی کوردی و ئینگلیسی بلاو دەکرێتەوە

جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە بلاوکردنەوەی پۆستری زیندانیانی سیاسی، کۆلبەران، تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی،وێنەی مندالانی شیناوێی و

هەروەها پۆستری بومەلەرزەی لەسەر مێزی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ بەشداربووان دانا بوو کە سەرنجی بەشداربووانی بۆلای خۆی راکێشا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**
**٢٥ی نوامبری ٢٠١٧**












# کار و
# تێکۆشانی
# حیزبی دێموکراتی
# کوردستان
# لە بریتانیا
# ٢٠١٨

# پشتگیریی خۆپیشاندانەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەمەبەستی پشتگیری لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ڕاپەریو لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکەوتی ٦ی جانیوێری ٢٠١٨ لەکاتژمێری ٢بۆ ٤ی پاشنیوەڕۆ لەبەردەرگای باڵوێزخانەی ئێران لەلەندەن خۆپیشاندانێك بەڕێوەچوو.

ئەم خۆپیشاندانە بە بەشداری ڕەوەندی ئێرانی و کورد لە لەندەن و هەروەها بەشداری بەشێك لەحیزبەکانی ئێرانی کوردستانی بەڕێوەچوو، لەم خۆپیشاندانەدا زۆر دروشمی جۆراوجۆر دژی کۆماری پەت و سێدارە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە درا

لەم خۆپیشاندانەدا پەیامی شورای دمکراسی خوازانی ئێران خوێندرایەوە.

مردم غیور ایران، فریاد رسای آزادی خواهی و عدالت باشیم .

پس از گذشت چهار دهه سرکوب حقوق و آزادی های شهروندان و رواج فساد حکومتی و تاراج ثروتهای ملی در ایران بغض فروخفته مردم شکسته شد و مرگ بر خامنه ای به عنوان اساس نظام جمهوری اسلامی و مسوول همه نابسامانی ها به شعار اصلی خیزش مردمی در سراسر کشور تبدیل گردید. رسانه های جمهوری اسلامی تلاش می کنند این خیزش مردمی را به واکنش عصبی مردم در برابر اوضاع آشفته اقتصادی تقلیل بدهند اما جنبه های سیاسی و هویتی پیام ها و شعارها ی معترضان در سراسر کشور نشان می دهد کلیت جمهوری اسلامی آماج مستقیم شعارهای تند و براندازانه معترضان قرار دارد. جمهوری اسلامی ایران به صورت فزاینده با بحران های مشروعیت ، ناکارآمدی و توزیع ثروت روبرو است و از توان لازم برای مدیریت کارامد کشور و متناسب با فرهنگ و هویت ایرانیان برخوردار نیست. از این رو، تنها راه برون رفت از وضعیت بحرانی کنونی گذار از نظام جمهوری اسلامی است. بدیهی است که فروپاشی جمهوری اسلامی اگر با نظام سیاسی دموکرات و متناسب با واقعیت های جامعه ایرانی از نظر زبانی و قومی و جغرافیایی جایگزین نشود، تلاش ها و جانفشانی های یکصد ساله ایرانیان برای تحقق دموکراسی و زندگی آزاد و شرافتمندانه به ثمر نخواهد نشست. ما امضا گنندگان این کمپین با تاکید بر خواست تاریخی مردم ایران برای آزادی و عدالت و دموکراسی از همه ایرانیان سراسر کشور می خواهیم برای نجات کشور به این خیزش عمومی بپیوندند. ما ایرانیان خارج از کشور هم تلاش می کنیم با برپایی راهپیمایی و تجمع در برابر دفاتر نمایندگی جمهوری اسلامی ایران همصدا با مردم ایران سرنگونی جمهوری اسلامی را فریاد بزنیم. اندکی صبر سحر نزدیک است

جبهه دمکراتیک ایران
سازمان همبستگی برای دمکراسی و حقوق بشر
حزب دمکرات کردستان
حزب کومله کردستان ایران
حزب تضامن اهواز
حزب مردم بلوچستان
حزب متحد بلوچستان
حزب لر، کهگیلویه و بویر احمد






سازمان سیاسی ، فرهنگی ترکمن صحرا
سازمان سیاسی، فرهنگی آذربایجان
کمپین حمایت از اعتراضات وسیع و گسترده مردم ایران
شورای دمکراسی خواهان ایران

جێگای ئاماژەیە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەشداری چالاکانەیان کرد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**

**٦ی جانیوێری ٢٠١٨**









# بەڕێوەچوونی سیمینارێك بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی ٧٢مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠ی جانیوێری ٢٠١٨ کاتژمێری ٢ی پاشنیوەرۆ سیمینارێک بە بەشداری کوردانی دانیشتووی بریتانیا و ژمارەیەک کەسایەتی و نوێنەری حیزب و رێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو.

ئەم سیمینارە کە لە ژێر ناوی «کۆمار و پرسی بە دەوڵەتبوونی کورد» دا بوو، لە لایەن کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان رێکخرابوو.

سیمینارەکە بە سرودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» کە لە لایەن کۆڕی سرودی «یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان» پێشکەش کرا، پاشان دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لە لایەن خاتوو بەفرین مەحمودی پێشکەشکاری رێورەسمەکەوە بەخێرهاتنی میوانەکان کرا.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا «رزگار قادر زادە»، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا، بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بە خێرهێنانی میوانەکان ئاماژەی بە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و دۆخی هەنووکەیی پرسی کورد لە پارچەکانی کوردستان و پێداگریی لەسەر زەرووەرتی تەبایی نێوان هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کردەوە. «رزگار قادرزادە» لە درێژەی وتەکانی دا بە ئاماژە بەوەی کە بە درێژایی مێژوو کورد بۆ دامەزرانی کیانێکی سەربەخۆ خەباتی کردووە و تا ئێستاش ئەو ئامانجە بنەڕەتییە وەدی نەهاتووە، تیشکی خستە سەر گرنگیی تەورەی سیمینارەکە.

دوای پەیامی کومیتەی حیزب، بەرێز «کاروان جەمال تاهیر»، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبوونی سیمینارەکە کرد و وتی: ئەمساڵ جیهان یادی ١٠٠ ساڵەی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم دەکاتە کە لە ئەنجامی رێککەوتنەکانی دوای



# سیمیناری کۆمار و پرسی بە دەوڵەت بوونی کورد

بە بۆنەی 72 مین ساڵیادی

دامەزرانی کۆماری کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان
بە هاوکاریی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن و
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

سیمینارێك بەڕێوە ئەبات



## ووتاربێژان

مستەفا شەڵماشی
ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
د.سەعید شەمس
کەسایەتیی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ

ڕێکەوت: 2018/01/20
کات: 2 بۆ 5 ی پاشنیوەڕۆ
شوێن
14 Stannary St
London, SE11 4AA

**بۆ ئاگاداریتان**

لە هەمان رۆژدا پێشانگای هونەرمەند سمایل ماملێ کە تایبەتە بە وێنە و فیلم و بەڵگەنامە لەسەر کۆماری کوردستان، لە مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن ئەکرێتەوە بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام دەبێ

Design by, Hiwa Ahmed

جەنگدا، کوردستان دابەشکرایەوە و ڕێگە نەدرا کورد کیانی خۆی هەبێ و دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

کاروان جەمال تاهیر لە درێژەی وتەکانیدا بە لە بەرچاوگرتنی ئەزموونی کۆماری کوردستان و ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیوای خواست کورد ئەو تەنگژانەی بەرۆکی گرتووە بڕەوێنەوە و ویستی بنەڕەتی کورد کە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆیە بێتە دی.

لە درێژەی ئەم ڕێورەسمەدا نوێنەرانی: «پارتی دیموکراتی کوردستان»، «هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی» و «حیزبی تەزامونی دیموکراتی ئەهواز» بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان پەیامیان پێشکەش کرد.

لە کۆتایی بەشی یەکەمی ئەم ڕێورەسمەدا سرودی «ڕێبەندان» کە لە لایەن گرووپی سروودی «یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ئامادە کرابوو پێشکەش کرا.

لە بەشی دووەمی ئەم یادەدا تەوەری سەرەکی سیمینارەکە (واتە: کۆمار و پرسی بە دەوڵەت بوونی کورد) خرایە بەر باس و گەنگشە. لەم بەشەدا «مادح ئەحمەدی» بە ئاماژە بە ڕابردووی گوتاری سەربەخۆیی کورد کورتەیەکی لەسەر کۆمار و پرسی سەربەخۆیخوازبوونی کۆمار و ئەو ڕوانگانەی کە لەو پێوەندییەدا لە ئارادان خستەڕوو و پاشان لە چوارچێوەی دیالۆگێکی کراوەدا ئەم پرسە لە لایەن دوکتور «سەعید شەمس»ەوە قسەی لەسەر کرا.

د. سەعید شەمس سەرەتا لە ڕوانگە فەلسەفەی مێژووییەوە ڕەخنەی لەو دوو خوێندنەوەیە کە بۆ پرسی سەربەخۆیی خواز بوون و یان خودموختاری خواز بوونی کۆماری کوردستان دەکرێت، گرت. سەعید شەمس ئاماژەی بەوەدا ئەو دوو خوێندنەوەیە بۆ کۆماری کوردستان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان و لەو ڕوانگەیە خوێندنەوەیان بۆ کۆماری کوردستان کردووە. سەعید شەمس بە ئاماژە بەم دوو خوێندنەوە دژ بە یەکە بۆ کۆمار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە نێوان ئەو دوو خوێندنەوەیەدا خوێندنەوە و ڕوانگەیەکی دیکەش هەیە.







سەعید شەمس بە لە بەرچاو گرتنی مۆدیلی دەسەڵاتداریێتی و هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەرپرسانی باشووری کوردستان لە حوکمڕانی و هەنگاو نان بۆ سەربەخۆیی نەیانتوانیوە ئەزموون لە کۆماری کوردستان وەربگرن.

لەدرێژەی ئەم باسەدا ژمارەیەک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە سەرنج و پرسیارەکانی خۆیان خستەڕوو و دواتر لە لایەن دوکتور سەعید شەمسەوە قسەیان لەسەر کرا.

جێگای ئاماژەیە کە خاتوو بەفرین مەحمودی وەك پێشکەشکاری ڕێورەسمەکە بۆ نێو ئاخنی بەرنامەکە بە پەخشان و شیعر بەرنامەکەی ڕازاوەتر کرد.

ئەم سیمینارە زیاتر لە سێ کاتژمێر خایاند و لە هەمان ڕۆژیشدا پێشانگای هونەرمەند «سمایل مامڵێ» کە تایبەت بوو بە وێنە و ڤیدیۆ و بەڵگەنامە لە سەر کۆماری کوردستان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن کرایەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆمارەوە پەیامیان هەبوو کە لە بەر نەبوونی کات تەنیا ناوەکانیان خوێندرایەوە:

- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- بزووتنەوەی گۆڕان
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- « ئاکام ڕەسوڵی» بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بریتانیا
- « محەممەد ئەفەندی»یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە بریتانیا
- حیزبی مردمی بلوچستان
- پارتی ئازادی کوردستان سوریە
- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**
































1925
1921

# خۆپێشاندان دژی هێرشەکانی ترکیە بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان

ڕێکەوتی ٣ی فێبریوێری ٢٠١٨ لە شاری بێرمینگهام ی بریتانیا خۆپێشندانێک بەرێوە چوو

بە مەبەستی نارەزایەتی دەربرین دژ بەو کردەوە تیرۆریسانەی ئەردۆغان دەیکاتە سەر کوردان لە رۆژئاوای کوردستان بەهاوکاری حیزب و ڕێکخراو و رەوەندی کوردی لەم وڵاتە .

بەشداربوان بە گوتنی دەیان شوعار و پەخشان و شێعری حەماسی و خوێندنەوە و پیشکەشکردنی چەندین پەیام بە زمانەکانی ئینگلیسی و کوردی لە ئاست گەلەکۆمەکێک کە هەر رۆژەو بە ناوێک و بیانویەک دەکرێتە سەر گەلەکەمان دڵی داگیرکەرانی هەژاند و پەیامێکی رەوا و روونیان گەیاندە کۆر و کۆمەڵە نێونەتەوەیی و زلهێزەکان کە دەبێت هەرچی زووتر بێدەنگییەکانیان بشکێنن و چی تر لە ئاست کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان بێدەنگ نەبن.

شایانی باسە لە رێپوانێکی جەماوەری دا بە ناو سەنتەری شاری بێرمینگهام ، گوتنەوەی شوعار و هەڵبرینی دەنگی نارەزایەتی دژی رێژیمی فاشیست و تیرۆر پەروەری تورکیە سرنجی خەڵکی ناو شەقامی بۆ لای داواکاری و رەوایی حەقی دۆزی براکانمان لە عەفرین بۆ لای خۆی راکێشاو هەر لەم چالاکییەش دا پەیامی خۆپێشاندەران بە سەدان کۆپی بڵاو کرایەوە کە خەڵکانی ناو شەقام زۆر بە مەیلەوە خوازیاری بوون.

هەروەها خۆپشاندەران دەنگی نارەزایتیشیان دژ بە کوشت و کوشتارو ئیعدامی رۆڵەکانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەرز کردەو پشتیوانی خۆیان بۆ چالاکانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەر بری و داوایانکرد نابێیت رۆڵەکانی کورد لە ئیران ئیعدام بکردرێن و خوازیاریی هەڵوەشاندنەوەی حووکمی ناعادڵانەی ئێعدام بۆ چالاکوانان ڕامین حوسێن پەناهی و هیدایەت عەبدوڵاپووریان بەرز کردەوە.

- بەڵی بۆ راگرتنی حوکمی ئێعدام لە لایان مەکینەی کۆماری سێدارەی جەمهوری ئیسلامی ئێران کە هەر رۆژە و بە بیانویەک بەدژی رۆلەکانمان دەدرێتە دەرەوە!
- بەڵی بۆ راگرتنی ژینۆسایدی کورد!
- سڵاو لە خۆراگری ئەفرین!
- سەرشۆری بۆ داگیرکەرانی خاکی کوردستان!

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**




TURKEY = ISIS













# سەردانی بەڕێز عەلی قازی

ڕێکەوتی ٧ی فێبریوێری ٢٠١٨ لە ئالمان (بۆن) هەر یەك لەبەڕێزان مەلوود سوارە و کاک خالید حەسنپوور ئەندامانی ڕێبەری حیزب و خاتوو فەرزانەی ڕەشید زادە سەردانی بەڕێز عەلی قازی کوڕی جەنابی پێشەوایان کرد.

ئەم سەردانە بۆ هەواڵ پرسی و دیداری بەڕێزیان بوو.

لەم سەردانەدا بەڕێزیان پێداگری لەسەر یەکڕیزی و تەبایی و کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کرد، باس و خواستی ناوچە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دانیشتنەدا لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها دوایین ڕووداوەکان کراو ئالوگۆری بیرورا کرا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**







# بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە گردبووەنەوەیەك لە بەرانبەر باڵوێزخانەی چیك بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی بەڕێز ساڵح موسلم

ڕێکەوتی ٢٦ فیبریوێری ٢٠١٨، کاتژمێر ١١:٣٠ بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەشداریمان. کرد لە گردبووەنەوەیەک لە بەرانبەر باڵوێزخانەی چیک بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی بەڕێز ساڵح موسلم.

هەر لەو پیوەندیەدا کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی ولات ڕاگەیندراوێکی بلاو کردەوە

دەقی ڕاگەیندراوەکە:

دەست بەسەر کران و نیازی تەحویلدانی بەڕێز ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پیشو و بەرپرسێکی باڵای ئێستای پ.ی.د بە کاربەستانی تورکیە لە لایەن پۆلیس لە وڵاتی چێکیەوە بە توندی مەحکوم دەکەین.

پە پێیی خەبەری هەواڵدەریەکان بەڕێز ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پێشو وپەرپرسێکی باڵای ئێستای پ.ی.د لە لایەن پۆلیسەوە لە پڕاگ دەست بەسەر کراوە. لەوەش خراپتر هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو دەستبەسەر کرانە لەسەر داوای دەوڵەتی تورکیە بوەو خەتەری ئەوە هەیە کە تەحویلی کاربەدەستانی تورکیە بدرێ. گومان لەوەدا نیە کە ئەوکارە بە پێچەوانەی هەمو یاساو وڕێسا و قەراردادە نێونەتەوەییەکانە. بەڕیز ساڵح موسلیم خەباتکارێکی تێکۆشەری گەلێکی بەشخوراوەو جگە لە چالاکی سیاسی کە بە پێی هەمو یاسا ئینسانیەکان ڕێگا









پێدراوە، هیچ کارێکی نەکردوە تا بگیرێ و بخرێتە ژێر گوشارەوە.
مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە کە تورکیە هیچ حەقێکی یاسایی بەسەر بەڕێزیانەوە نییە تا بتوانێ داوای ڕادەستکردنەوەی بۆ تورکیا بکات. بەڕیز ساڵح موسلیم شارۆوەندی وڵاتی تورکیە نییە تا ئەو وڵاتە بتوانێ داوای گەڕاندنەوەی بۆ تورکیە بکا. بە پێچەوانە لەبەرئەوەی تورکیا کێشەی سیاسی لەگەڵ حیزبەکەی بەڕێز ساڵح موسلیم هەیە، بە هیچ شێوەیەک سەلاحییەتی ئەوەی نییە کە لە هیچ بارێکەوە لیکۆڵینەوە لە بەڕیزیان بکا.
وەک نوێنەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەستبەسەرکرانی بەڕێز ساڵح موسلیم لە لایەن پۆلیسەوە لە پڕاگ مەحکوم دەکەین و داوا دەکەین هەرچی زووتر ئازاد بکرێ. هەروەها لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی بەرگری لە مافی مرۆڤ، لە حیزب وڕێکخراوە دێموکڕات و ئازادیخوازەکان و لە وڵاتانی دێموکڕاتیک و ئازاد، داوا دەکەین هەرچی زووتر گوشار بخەنە سەر وڵاتی چێکیە تا بەڕێز ساڵح موسلیم ئازاد بکەن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدەن ناوبراو تەسلیمی وڵاتی تورکیە بکرێ.

**کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**لە دەرەوەی وڵات**
**٢٥ — ٢-٢٠١٨**





# ڕێوڕەسمی ساڵیادی لەدایك بوونی بارزانی نەمر

ڕێکەوتی ١٠ی مارسی ٢٠١٨ لیژنەی پارتی دێموکراتی کورستان لە بریتانیا بەبۆنەی سالرۆژی لەدایك بوونی بارزانی ئاهەنگێکی دۆستانەیان بەم بۆنەوە ڕێک خست.

لەم مەراسمەدا بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەناکانی کوردستانی و ئەندامان و دۆستانی پارتی ئامادە بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوم ئاهەنگ بانگێشتن کرابوو کە بەرێزان مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک سەید قادر جەسیمی ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا بە پێش کەش کردنی پەیامێك بەشداریان کرد.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**









# بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە کۆڕیادیساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پارلەمانی ئەو وڵاتە

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤ی مارسی ٢٠١٨ کاتژمێری ٧ بۆ ٨و نیو، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، وەک نەریتی ساڵانەیان بە بۆنەی ٣٠هەمین ساڵەوە گەڕی کۆمەڵکوژی خەڵکی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی و ئەنفال و بێسەروشوێن کردنی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل و بێتاوانی باشووری کوردستان لە لایەن ڕژیمی گۆڕکراوی بەعسەوە، ڕێورەسمێکی پێک هێنا. لەسەر بانگێشتی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەووڵاتە، بە یاوەری بەڕێز دوکتور سەعید شەمس لەو ڕێورەسمە دا بەشدارییان کرد.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و پاراستنی خولەکیک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان چەندین وتار و بابەت سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان پێشکەش کران. هەروەها بەڕیز کاروان جەمال تاهیر نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد. بە دوای ئەوانەش دا پارچە مۆسیقایەك و فیلمێکی دێکۆمێنتاری لەسەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجە پێشکەش کران.

لەو سمینارەدا بەیاننامەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەپیوەندی لەگەل کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی دژبەهێزەکانی کوردستانی ئێران و نوێنەرین شەهیدی حیزبەکەمان قادر قادری، بە زمانی ئینگلیزی لەنێو بەشداران بلاو کرایەوە. جێگەی ئاماژەیە کە دەقی ئەو بەیاننامەیە و بەیاننامەی سکرتاریای حیزب بە پۆستی ئێلێکترۆنی بۆ دەیان کەسایەتی و داوەدەزگای پەیوەندی داری بریتانی بەڕێ کرابوو. هەروەها نوسخەیەکیش درا بە هەر یەکە لە بەرێزان نەدیم زەهاوی و جاك لۆپرێستی ئەندامانی پارلمانی بریتانیاو لۆرد ئەحمەد.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە پەڕاویزی کۆڕیادەکەدا بەڕێز مەولوود سوارە لەگەڵ چەندین کەسایەتی و ئەندام پارلەمان و سیاسەتوانی ناسراوی بریتانی دا دیداری کرد و لە سەر بارودۆخی نالەباری کوردستان بە گشتی، داگیرکاری و هێرشی بەربڵاوی سوپای تورک بۆ سەر خورئاوای کوردستان و ئایلووقەی شاری عەفرین و هەروەها بارودۆخی نالەباری کورد لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی ئیسلامی و گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و نەیارانی سیاسی لە لایەن ئەو ڕژیمە قسە و باسی





کرد. لەو کەسایەتی و ئەندام پارلەمانانەی کە بەڕێز مەولوود سوارە دیداری لەگەڵ دا پێک هێنان دەکرێ ئاماژە بە « ماری کلیندۆن، ئەندامی پارلەمانی بریتانیا، بەڕێز نەدیم زەهاوی ئەندام پارلەمان، جاک لۆپریێستی ئەندام پارلەمان، لۆرد ئەحمەد و کریستیان لامب ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهانی و بەرپرسی بەشی دەرەوەی ڕۆژنامەی ساندەی تامزی بریتانی بکرێ.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا**

















# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی حیزبی تەزامونی دیموکراتیکی ئەهواز

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لەلایەن حیزبی تەزامونی دێموکراتیکی ئەهواز سمینارێك لەژێر ناوی بەرەسمی ناسینی مافی نەتەوەکان و بناخەی دارشتنی دێمۆکراسی لە ئێران لەرێکەوتی ١٧ی مارسی ٢٠١٨ لە شاری لەندەن بەرێوە چوو.

لە سەر بانگهێشتی ڕەسمی حیزبی تەزامون، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان کاک خالیدی حەسەنپوور بەرپرسی پەیوەندی لەگەڵ ئوپۆزیسیونی ئیران، کاک مەولوود سوارە ئەندامی رێبەری حیزب و کاک کەیوان شێرزاد ئەندامی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا بەشداریان ئەو کۆنفرنسە بوون.

کۆنفرانسەکە کاتژمێر ١١ بۆ ٦ی ئێوارە درێژەی کێشا و نوێنەری حیزب بەرێز خالید حەسەنپوور وتارێکی لەژێر ناوی ››بەبێ دانپێدانان بە ناسنامەی نەتەوەکانی ئێران دێموکراسی دابین نابێت» پێشکەش کرد. بەڕیز حەسەنپوور لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە حاکمیەتەکە یەک لەدوا یەکەکانی ئێران چۆن بەئانقەست دەستیان لە پێکهاتەکانی ئێران وەرداوە و لە جیاتی دەستەواژەی نەتەوە لە دەستەواژەی قەوم کەلکیان وەرگرتوە. پاشان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دا لەسەر دەستەواژەی قەوم وەستا، کەمانای کۆی چەند تایفەیەکی لە رووی خوێنی لێك نیزێك دەدا و ئامانج لەو کارە ئەوە بووە و ئەوەیە کە قەوم بەجۆرێك بچوك بکرێتەوە و ببێتە ژێرکۆی «میلەتی ئێران». بەڕیز خالید حەسەنپوور لە بەشێکی تری وتارەکەی دا ئاماژە بەوە کرد کە حاکمیەت بە بەراوەژوو نیشاندانی ناسنامەی پێکهاتەکانی ئێران دەیهەوێ ئەوان لەمافە بنەرەتیە سیاسیەکانیان بێ بەش بکات و ئاستی داواکاریەکانیان بینێتە خوارێ.

نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەکۆتای وتارەکەدا ئاماژەی بەوەدا کە بۆ داهاتووی ئێران، ئۆپۆزیسۆنی سەرانسەری لەدوو رێگای زیاتر لەبەردەم نیە. یان دەبێ تاقیکاری نیزامی پادشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران دووپات کاتەوە کە لە سەر بنەرەتی ئینکاری ناسنامەی گەلان دامەزرابوو کە ئەو رێگایەش دەبیتە بەرهەم هێنانەوەی ئیستبداد لە ئێران دا. رێگای دووهەم ئەوەیە کە ئوپۆزیسیون لەتاقیکاری ئەو دوو نیزامە سەبارەت بە نەتەوەکان دەرس وەرگرێ و دان بەناسنامەی پێکهاتەکانی ئێران دابنێ و چوارچێوەیەکی حقوقی لە شکلی فدرالیزم،یان بۆ بە رەسمی بناسێ.

ئەو کۆنفرانسە لە چوار پانێڵ پێك هاتبوو کە پانێلی یەکەم لەسەر بیوگرافی شەهید مەنسور ئەهوازی کە یەکێك لەرێبەران و بناخەدانەرانی حیزبی تەزامونی دیمواتێکی ئەهواز بوو، کە چەند کەس لە بەرێوەبەرانی حیزبی تەزامون و هەروەها بنەماڵەی مەنسور ئەهوازی قسەیان کردو رێزیان لێگیرا.





جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەڕاوێزی کۆنفڕانسەکە دا لەگەل بەشێکی بەرچاو لە نوێنەر و سەرۆکی حیزب و ڕێکخراوی نەتەوەکان دیدار و گفتوگۆیان کرد.

بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەناکان و کەسایەتیی سیاسی سەر بەنەتەوەکانی جێگیر لە بەشدارانی کۆنفرانسەکە بوون.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان،**
**بەشی پەیوەندییە ئێرانیەکان**









# بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سیمیناری "H.D.P" بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە هەولێر

ڕۆژی شەممە ١٨ ی خاکەلێوە ( ٧ ی ئاوریلی ٢٠١٨ ) لە سەر بانگهێشتی پارتی دێمۆکراتی گەلان شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان ئیبراهیم زێوەیی و مەولوود سوارە لە کۆبوونەوەیەک کە بۆ بەشێک لە حیزبەکانی چوار پارچەی کوردستاندا پێک هاتبوو، بەشداری کرد.

سەرەتا پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی " هە.دە.پە " سەبارەت بە پرسی کورد لە باکوری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان قسەی کرد و ناوبراو فۆکوسی خستە سەر پێویستی یەکریزی و یەکبوونی کورد و بە تایبەت بەسترانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لە ڕاستای وەدەستهێنانی ئامانجەکانی کورد ، دایە قەڵەم.

دواتر ڕێگا درا کە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاوبۆچوون و تێبینی و پرسیارەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ و لەو پێوەندییەش دا ئیبراهیم زێوەیی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بە قسەکانی خاتوو پەروین بوڵدان هێنایە بەر باس و ڕایگەیاند و گوتی :

یەکریزی و یەکبوون و بە تایبەت کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام بەداخەوە ریزبەندی حیزبەکانی کوردستانی و نەبوونی هێڵێکی سووری نەتەوەیی و لەبەر چاوگرتنی مەسڵەحەتی تەسکیی حیزبایەتی ولە لایەکی



دیکەش خۆبەزلزانی و نادیدەگرتنی حیزب و پارچەکانی دیکەی کوردستانی ، هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەدی نەهاتنی کۆدەنگی و یەکریزی و یەکبوونی گەلی کوردە.

دواتریش عوسمان بایدەمیر کورتە باسێکی لە سەر دۆخی نالەباری کورد و ناتەبایی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد و بەتایبەت فۆکۆسی زیاتری خستە سەر رۆژاوا و باشوری کوردستان.

پێویستە بگووترێ کە ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب لە هەولێر سەبارەت بە هۆکارەکانی نەبوونی یەکرێزی و سەرنەگرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی و هەروەها گرینگی و قازانجەکانی یەکریزی و بەسترانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەگەڵ تەلەڤزیۆنی " وار " وتووێژی کرد.









# ڕێزلێنان لەکەسایەتی نەتەوەکەمان دوکتۆر سارم خان سادق وەزیری لە زانکۆی سواس

ڕێکەوتی ١٩ی مەی ٢٠١٨ بەرێز مەولوود سوارە بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەشداری کرد لە مراسمی یادکردنەوە و ڕێز لێنان لە سارم خان سادق وەزیری، ئەم مەراسمە لەلایەن ناوەندی فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لەندەن لە زانکۆی سواس بەڕێوەچوو.

لەم یادکردنەوەیەدا هەریەك لەبەرێزان: دوکتور خەلیل ڕەشیدیان،کاك هاشم کەریمی،دوکتور سەعید شەمس، و کاك ئەنوەر سولتانی لەسەر ژیان و خەباتی کارو هەوڵەکانی سارم خان بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و نەخش و ڕۆڵی بەرێزیان دوان و کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**







# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی یەکەمین ساڵەوەگەڕی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا لە بریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی مەی ٢٠١٨ی زایینی، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، پێکهاتوو لە هاورێیان ئیرەج سامی و لوقمان محەممەدپوور، لە کۆڕی یەکەمین ساڵیادی کۆچی تێکۆشەر ماندوونەناس نەوشیروان مستەفا دا بەشدارییان کرد. لەو کۆڕیادە دا کە لە لایەن بزووتنەوەی گۆڕان لە وڵاتی بریتانیا، هاوڕێ و دۆستانی نەوشیروانەوە ڕێکخراوبوو، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و نوێنەری بەشی زۆری حیزب و ڕێکخراوی کوردستانییەکان بەشدارییان تێدا کرد.

لەم کۆڕەدا پەیامی بزوتنەوەی گۆڕان و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە دۆستان و ئاشنایانی بەرێز نەوشیروان مستەفا بەووتارو و پەخشان بیرەوەریەکانی و مۆسیقا یادی ئەم ڕۆژەیان کردەوە

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**





# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێك لە لەندەن بە بۆنەی ٢٩هەمین ساڵەی شەهید کرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ٢٩ ساڵەی تێرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەری زانای حیزبەکەمان دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و عەبدووڵا قادری ئازەر لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕژیمی تێرۆریستی ئیسلامی ئێرانەوە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی و ئیسکاندیناوی خۆپێشاندان و چالاکی لەبەردەم بالوێزیخانەی وڵاتی ئوتریش خۆپێشاندان ریك خرا.

هەر لەو پەیوەندییە دا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥ی جولای ٢٠١٨ لە بەردەم بالوێزیخانەی وڵاتی ئوتریش لە شاری لەندەن،ی پایتەختی بریتانیا، خۆپیشاندانێکی بەرین لە لایەن ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزبەوە بەڕێوەچوو. ئەو خۆپیشاندانە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە وتەیەکی کورتی کاک مادیح ئەحمەدی ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا و بەخێر هاتن و پاراستنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهید دوکتۆر قاسملو و شەهید عبدالله قادری و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد، پاشان سروودی نیشتیمانی ئەی رەقیب بەرنامەکە دەستی پێکرد.

و بۆ بالوێزی ئوتریش لە لەندەن نێردرابوو لەلایەن بەرێز کاک یونس موکری ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا بە ئینگلیسی خوێندرایەوە، پاشان ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٩مین ساڵیادی شەهیدانی ڤییەن لەلایەن کاک کەریم فەرخەپوور پێشکەش کرا. بەرێز دوکتۆر سەعید شەمس لەپیوەندی لەگەڵ تیرۆری ناجوێمێرانەی دوکتۆر قاسملووی ریبەر و کردنەوەی کەیسەکەی لە لایەن دەزگای دادوەری وڵاتی ئوتریشەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان وتی: بە ڕوونی بۆ ئێمە و بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە و بەڵگەی پیویست لە بەردەست دایە کە ڕژیمی ئیسلامی ئێران و کاربەدەستانی ئەو ڕژیمە دەستیان لە تێرۆری وییەن دا هەیە، هەر بۆیە دەبێ هەموو هەوڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئەوە چڕ بکرێتەوە کە ئەو دۆسییە زیندوو بکرێتەوە. لە سەر تێرۆرەکە قسە زۆر کراوە، بەڵام لە سەر چۆنیەتی تێرۆرەکە ٣ ڕوانگە هەیە. ڕوانگەی کارۆڵ لە کتێبەکەی دا نووسیویەتی کە لەبەر ئەوە کە دکتور قاسملوو داهێنەری دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران خودمختاری بۆ کوردستان بوو، نە دەبوو ئاوا تێرۆر










حیزبی دێموکراتی کوردستان
KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY
22
ی
پوشپەڕ
بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر و شەرمەزارکردنی
کۆماری ئیسلامی ئێران و وەگەڕخستنەوەی کەیسی
تیرۆری شەهید دکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو
و هاوڕێیانی، لە 29یەمین ساڵوەگەڕی
ئەو کارەساتەدا، ئەندامانی و لایەنگرانی
حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆپێشاندانێک
لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئوتریش لە لەندەنی
پایتەختی وڵاتی بریتانیا بەڕێوە دەبەن
Dr.Ghasemlo
ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 15ی جولای 2018
کات: 12ی نیوەڕۆ بۆ 2ی پاشنیوەڕۆ
ئادرەس
Austrian Embassy London
18 Belgrave Mews West
London SW1X 8HU
حیزبی دێموکراتی کوردستان- کومیتەی بریتانیا

پێم وایە ئەگەر ڕۆژێک کۆماری ئیسلامی بڕۆخێ بۆمان دەرئەکەوێ کە گارانتییەک بە دکتور قاسملوو درابوو. دکتور قاسملوو لەو بڕوایە دا بوو کە دەبوو گۆڕانکارییەک لەو دۆخە دا بێتە پێش. ئەو پێی وابوو کە لە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا قەیران هەیە و دەبێ لەو هەلە کەڵک وەرگیرێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بەڵام گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایکرد کە کورد نەتوانێ بە ڕێگەی دانوستان مافەکانی بە دەست بێنێ. کورد دەبێ ئەوە بزانێ کە زلهێزەکان ناتوانن مافی کورد دابین بکەن هەر بۆیە کورد خۆی دەبێ هەوڵی ئەستاندنی مافەکانی خۆی بدات. باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پیدانی ڕێگایانە.

جێگای ئاماژەیە کە دەقی نامەکەی کە بۆ بالوێزی ئوتریش نیردرابوو لەنێو بەشداربووان و هەروەها خەلکی بیانی بلاوکرایەوە.

جێگای خۆیەتی لێرەوە سوپاسی هەموو دۆستان و خۆشەویستان بکەین کە لەڕێگای دوورو نیزێکەوە ئامادەی ئەم خۆپێشاندانە بوون.

دەقی نامەکەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بەم شێوەیە:

**بەرێز جەنابی دوکتۆر مارتین ئیشتینگەری بالوێزی ئوتریش لە لەندەن**

سڵاو وڕێز

ئەو نامەیەتان بۆ دەنێرین و هیوادارین بایەخی پێ بدەن

هەروەک دەزانن نەتەوەی کورد گەورەترین نە تەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهان دا کە لە سەرەتاییترین مافی تەتەوەیی و ئینسانیش بێ بەشە. کوردستان دابەشکراوە بەسەر چوار وڵات دا کە لە نێویان دا، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیزیکەی ١٢ میلیۆن حەشیمەتەوە، لە هەمو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش چەوساوەتر و بێبەشترە. چونکە لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەڕەفە کە دەست لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد ناپارێزێ.هەر لە ئیعدام و ئەشکەنجەوە بگرە تا تیرۆری ڕێبەرانی کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە دا کە بۆی بکرێ. وێنەی برچاوی ئەم جینایەتانە تیرۆری ڕێبەری مەزنی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕڕەحمانی قاسملو بو لە پایتەختی وڵاتەکەی ئێوە

وەبیرتان دێنینەوەو بێگومان زۆرجاری دیکەش لە گەڵیان











باس کردوون کە بۆ هەمو خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و دەیان میلیۆن کورد بە گشتی کردنەوەی پەروەندەی تیرۆڕی دوکتور قاسملو و هاوڕێیانی بایەخێکی نەتەوەیی هەیە و چاوەڕوانن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی ئوتریش ڕێگا بدا کە ئەوپەروەندەیەڕێگای قانونی خۆی بپێوێ و تاوانبارانی ئەوجیاییەتە، کە گومانی تێدا نییە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەگرێتەوە بە سزای خۆیان بگەن باعەدالەت لە وڵاتی ئێوەش ڕێگای خۆی بپێوێ، هەروەک چۆن لە پەروەندەی تیرۆڕی دوکتور سادقی شەرەفکەندی لە وڵاتی ئالمان سەرەڕای هەمو گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێگای خۆی پێواو دادگای وڵاتی ئالمان ڕێگای نەدا نادادپەروەری زاڵ بێ و بە هەڵوێستێکی دادپەروەرانە شانازیەکی گەورەی بۆ وڵاتی ئالمان و بە تایبەت بەشی قەزاییەکەی بەدەست هێنا.سەرەڕای ئەوەش لە بەرلین چەندساڵ دواتر مۆنومێنێکیان بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور شەرەفکەندی و تێکۆشەرانی هاوڕێی دانا.

لە ساڵوەگەڕی **٢٩** ساڵەی تیرۆڕی دوکتور قاسملو و هاوڕێیانی دا، زۆر ئاڵ وگۆڕ ڕووی داوە، دەستی ڕژیمی تیرۆریستیی کۆماری یسلامی زۆرتر ئاشکرا بوە، وڵاتێکی گەورەی وەک ئامریکا باسی تیرۆڕی دوکتور قاسملوی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە لە وڵاتی ئێوە کردوە. زۆر لایەن دەزانن کە پەردەپۆش کردنی ئەو جینایەتە و ناردنەوەی بکوژان لە ژێر گوشاری ڕژیمی تاران دا بووە. کردنەوەی پەروەندەی دوکتور قاسملو خزمەتێکی گەورە دەبێ بۆ هەمو گەلانی ئێران، ئازادیخوازان بە گشتی و نەتەوەی کوردی زوڵم لێکراو بە تایبەتی.دڵنیاتان دەکەین کە ئەوکارە لە لاواز کردن و نەهێشتنی تیرۆڕیزم، بە تایبەت تیرۆڕیزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کاریگەریی زۆری دەبێ.گەلانی ئێران بە حکومەتی ئاخوندان ڕازی نین.چەند ساڵە لە زووربەی شارەکانی ئێران دا بە کوردستانیشەوە خۆ پیشاندان درێژەی هەیە. بۆ وڵاتی ئێوە دۆستایەتی کردن لەگەڵ کەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەم شانازی زۆرترە و هەم داهاتوی ڕوناکترە، بەتایبەت کە ڕژیمی ئیسلامی هەم لە ڕادده بەدەر جینایەتکارە و هەم داهاتویەکی ڕوونی نییە. دوکتورقاسملو بە خاتری خزمەتە گەورەکانی بە مرۆڤایەتی و بە نە تەوەی کورد، جێگایەکی گەورە ی لە نێو گەلی خۆی دا هەیە و قەت لە بیر ناچێتەوە. ئێستاش لە خۆپیشاندانەکان دا دروشمی قاسملو، قاسملوڕێگات درێژەی هە یە، دەنگ دەداتەوە. لە کۆتایی دا تکاو داوامان ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێوەش پەروەندەی تیرۆڕی دوکتور قاسلو و هاوڕێیانی بکاتەوەو لە دادگایەکی ئاشکرا و عادڵانەدا، تاوانباران بناسێنێ تا چەپکە گوڵی ڕێز و پێزانینی هەمو نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ئێران و جیهانتان پێ بگا.

**بە ڕێزەوە**
**مەولوود سوارە**
**بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**










# بەشداریی هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست

سەرلەبەیانی ڕێکەوتی ٢٦ی جونی ٢٠١٨ واتە سبەی بەیانی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەرێز کاک قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی و مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری بەشداری لە کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دەکەن.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم کۆبونەوەیە دوو ڕۆژ دەخایەنێت و لە بنکەی سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژنێف دەبەسترێت.

لەرۆژانی داهاتوو ئاگاداری زیاترمان دەبێت لەسەر شێوەی بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەم کۆبونەوەیەدا.

جێگای ئاماژەیە کە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها لیستی پێشلکاریەکانی لەلایەن ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاپۆرتی وەرزانەی بۆ ڕوومالّی پێشێلکردنی مافی مرۆف لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەپیوەندی لەگەل تیرۆری قادر قدری و تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها زیندانیانی سیاسی و رامین حوسین پەناهی، وێنەی

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست.**
**٢٥ی جونی ٢٠١٨**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شووری ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست



سەرلەبەیانیی سێشەمە ٢٦ی جونی ٢٠١٨ (٥ی پووشپەڕی١٣٩٧) لە بنکەی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی و مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە (SI)، بە هاورێیەتیی هەیئەتێک لە بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە وڵاتی سویس بەشداری کۆبوونەوەی شوورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بوون.

کۆبوونەوەکە سەرەتا بە ڕاپۆرتێک لەلایەن بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دەستی پێکرد.

ڕۆڵی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال لە کۆتایی هێنان بە شەڕ و هەوڵەکانی بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و دێموکراسی، تەوەری سەرەکی باسەکانی بەڕێز ئەیالا بوو.

دواتر بەڕێز مایکل مولەر بەڕێوەبەری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، باسی لاواز کردنی ناسیونالیستەکان بۆ بەهێز کردنی سۆسیالیستی جیهانی کرد.

پاشان بەڕێز جۆرج پاپاندرۆف سەرۆکی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست وتارێکی لەسەر «دەوری ئینتێرناسیۆنال لە کۆتایی هێنان بە شەڕ و، هەوڵەکانی لە پێناوی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و دێموکراسی و، زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە جیهانییەکانی بەردەم دێموکراسی، ئازادی و ماف بۆ هەمووان» پێشکەش کرد. تێی دا ئاماژەی بەپێویستیی پێشگرتن لە بەهێزبوونەوەی فاشیزم و ڕەگەزپەرستی و، پاراستنی ئەرزشەکانی دێموکراسی و مرۆڤایەتی کرد. لەبەشێکیتری قسەکانیدا چووە سەر پێویستیی «ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەی کۆچی گلوبال و هەلومەرجی نالەباری پەنابەران لەسەر بنەمای بەها و پرنسیپەکانی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست».

هەر لە چوارچێوەی بەرنامەکانی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکەم، لەبەشی وتارەکاندا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشکەش کرا. لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، وێڕای وەبیرهێنانەوەی گرنگیدانی هەمیشەیی و بەردەوامی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە بە پرسی کورد، داوا کرابوو ئەم کۆبوونەوەیەی شووراش لە پەسندکراوەکانی خۆیدا بایەخی پێویست بە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بدا.

پاش پێشکەشکرانی پەیامی دەفتەری سیاسی، بەڕێز لویس ئەیالا لە وتەیەکی کورتدا پێوەندیی دێرینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستی وەبیرهێنایەوە. بەڕێز ئەیالا دوای باسی دۆستایەتی د.قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە بۆ وێنە ویلی برانت و پییەر مۆروا، و دامەزرانی پێوەندییەکی لە مێژینە لە نێوان ئەو حیزبە و سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال، ئاماژەی بە شەهید کرانی هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب دقاسملوو و د.شەرەفکەندی بە دوای بەشداری لە کۆنگرەکانی ئەو












ڕێکخراوە جیهانییەدا کرد.

هەر لەم بەشەدا، بەڕێز هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پیوەندیەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە وتارێکدا، دوای ئاماژە بە ڕێفراندۆمی هاوینی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان. گوتی هەرچەند ریفراندۆم لەباشوور لە چوارچێوەی یاسای نێودەولەتی و چارتەری یوئێن و دەستوری عێراقیش دابوو، بەڵام حکوومەتی عێراق پشت ئەستوور بە هەڵوێستی دوژمنکارانەی دراوسێکان کاردانەوەیەکی زالمانەی هەبوو.

جێگای ئاماژەیە کە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ کە لەلایەن ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە کرابوون، هەر وەها بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەکانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» لەپیوەندی لەگەل تیرۆری قادر قادری و تیرۆرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە یەکساڵی ڕابردوو دا، وێڕای لیست و دۆکیۆمێنتی پێوەندیدار بە زیندانیانی سیاسی و یەک لەوان رامین حوسین پەناهی، لەسەر ستاندی (S.I)، خرایە بەردەستی بەشداربووان.

هەر لەبەشی وتار و پەیامەکانی ئەنداماندا، بەریز عیماد فەرهادی ئەندامی پێوەندیەکانی دەرەوەی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان وێڕای ئیشارە بە کۆچی دوایی مام جەلال وەک خەسارێکی گەورە بۆ یەکیەتی نیشتمانی و هەر وەها بۆ ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیستیش، چووە سەر باسی وەزعی عێراق و گوتی دێموکراتیەت لە عێراق لە مەترسی دایە و نیگەرانیی ئەوە هەیە کە پرۆسەی دێموکراسی لەم وڵاتە هەرەس بێنێ. هەر وەها داوای چالاک کردنەوەی کۆمیتەی پرسی کورد لە (S.I)ی کرد. شایانی گوتنە کە نوێنەرانی کۆمەڵێك حیزب و ڕێکخراوی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەم کۆبوونەوەیە دا بەشدار بوون.

بەخۆشیەوە بریار درا کە کۆمیتەی پرسی کورد لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست جارێکی دیکە چالاك بکرێتەوە.

شایانی باسە بەرپرسانی ڕیکخراوەکانی حیزب لە وڵاتی سویس کە وێڕای هەیئەتی حیزب لەم کۆبوونەوەی شوورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دا بەشدار بوون بریتی بوون لە:

زاهیر قادر حاجی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە سویس، خاتوو پەروین شەکوری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سویس، خوسرەو مستەفا نەژاد بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزب لە سویس و ڕێبوار مووسەوی بەرپرسی تەشکیلاتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سویس.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست.**



**٢٦ی جونی ٢٠١٨**

**بەڕێز جەنابی سەرۆک!**
**بەڕێز جەنابی سکرتێر!**
**ئەندامانی بەڕێزی دەستەی سەرۆکایەتی!**
**بەشدارانی هێژای کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال- سوسیالیست!**

دەگەڵ سڵاو، زۆر خۆشحاڵم کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە لە کۆبوونەوەی شوورای سۆسیالیست ئەنتێر ناسیۆناڵدا بەشدارم و سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە کە پێم دراوە تا دیمەنێک لە ژیانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانتان بخەمە بەر چاو.

بەڕێزان! سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و ڕەفتاری نابەرپرسانە و ئاژاوەگێڕانەی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانیی ئەو ڕێژیمە لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بۆ هەمووی ئێوە و بۆ تێکڕای کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان لەوە ناسراوترە کە پێویست بێ ئەمن لەم کورتە دەرفەتەدا بۆتانی باس بکەم. بەڵام بۆ گەلانی ئێران جێگای داخە کە ئەوکاتەی لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا قسە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دێتە گۆڕێ پێداگرتن هەر لەسەر باسی تێرۆریزم و بۆ دەرەوەناردنی شۆڕش و دەرچوونی ئەو ڕێژیمە لە قەرارداد و پەیمانە نێونەتەوەییەکانە و بە دەگمەن نەبێ ئاوڕ لە سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتی ئازادیخوازان و پێشێلکردنی دێموکڕاسی و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان نادرێتەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەگەرچی هەمووی ئەو ملهوڕی و قانوون شکێنییانەی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ هەموو ئێرانییەکان گرنگن، بەڵام ئەوە باسی نەبوونی ئازادی و دێموکڕاسی و پێشێلکردنی مافەکان و باری نالەباری ئابووری و گوزەرانی بنەماڵە ئێرانییەکانە کە دەتوانێ کۆمەڵانی خەڵک بجووڵێنێ و بیانکێشێتە مەیدانی ململانەیەکی جیددی و چارەنووس ساز دەگەڵ ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرست و سەرەڕۆیە.

دۆستانی بەڕێز! وەک هەمووی ئێوە دەزانن ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەوێدا لانیکەم شەش نەتەوەی جۆراوجۆر دەژین کە تائێستا کەسایەتیی نەتەوەییان بەڕەسمی نەناسراوە، لە مافی سەرەتایی خوێندن بەزمانی زگماکی بێبەشن و داوای چووکترین مافەکانیان بە ڕاونان و گرتن و تەنانەت کوشتن و بێسەروشوێن کردن دەدرێتەوە. وەزعی ئازادییە دێموکڕاتییەکان لە ئێران پێم وایە لە هیچکام لە ئێوە بەڕێزان شاراوە نیە، گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و کوشتنی ئازادیخوازان و جودابیران و نەبوونی ئازادیی بیروڕاش کە بەجێی خۆی. ئەمن لێرەدا دەمەوێ تەنیا یەک مەسەلە بخەمە بەر نەزەری ئێوەی هێژا. ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر لە زوربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا پشتگوێخستنی قانوون دەبێتە مایەی پێشێلکرانی مافەکانی هاونیشتمانان، لە ئێرانی ئیسلامی لە زۆر حاڵەتدا بەڕێوەبردنی قانوون و تەنانەت قانوونی بنەڕەتییش مایەی بێبەشی و ڕۆژڕەشیی بەشێک لە جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەیە. چونکە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتی، ژنان و لاوان و ڕۆڵەکانی گەلانی غەیرەفارس و پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر بەشێکی زۆری مافە ئینسانییەکانیان لێ زەوت کراوە.

ئەگەرچی لە ئاکامی سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتدا جگە لە دەیان هەزار زیندانی و ئیعدامی، نیزیک بە پێنج ملیۆن ئێرانی ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن. بەڵام بەخۆشییەوە کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتانە خەڵکی ئێرانی پێ ڕام نەکراوە و بەربەرەکانی لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە. ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی هەشتەمین دەورەی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩دا و ڕاپەڕینی پڕشکۆی چەند مانگ لەمەوبەری شارە گەورەکانی ئێران نموونەی دەیان حاڵەتی بەگژداچوونەوە و بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک دەگەڵ دەسەڵاتی زاڵمانەی حکومەتی ئیسلامین.
خۆ ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە سەر کوردستان کە لەوێدا زوڵم وزۆری کۆماری ئیسلامی هەمیشە بەربڵاوتر بووە، دەبینین کە کەمتر مانگ و ساڵێکی تەمەنی ڕێژیمی ئاخوندی هەیە لە یەک یان چەند شار و ناوچەی کوردستاندا شاهیدی بەربەرەکانیی شکۆمەندانەی خەڵکی ئەم دەڤەرە بەرامبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەبووبین.

سەرۆکی هێژا، هاوڕێیانی خۆشەویست! بەئیمان بەو بایەخانە کە ڕێکخراوی جیهانیی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال لەسەریان دامەزراوە و بۆ وەدیهێنانیان تێدەکۆشێ، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبی پێشڕەوی خەباتی مافخوازانەی کوردانی ئێران زۆر لەکۆنەوە هەوڵی دۆستایەتی و نیزیکی و بەئەندامبوونی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەی داوە، ڕێبەری شەهیدی ئێمە دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو یەکەمین ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بوو کە پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ڕێگای کەوتە کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی سۆسیالیست ئەنتەڕناسیۆنال.

بەخۆشییەوە ئێستا ژمارەیەکی زۆرتر لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە ئەندامی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالن و پێوەندییەکی پتەو لە نێوان بزووتنەوەی کورد و ئەو ڕێکخراوەدا بەرقەرارە. بەوحاڵە پێم خۆشە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە پێوەندیی ئێمە و SI نەمامێکە کە بە خوێنی دوو ڕێبەری گەورەمان شەهیدان د. عبدالرحمان قاسملو و د. صادق شرفکندی ئاو دراوە کە هەردووکیان بەدوای بەشداری لە کۆنگرەکانی SI دا بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران. د. قاسملوو ژووئیەی ۱۹۸۹ لە ڤییەن و د. شەرەفکەندی سێپتامبری۱۹۹۲ لە بێرلین.

لەبەر هەمووی ئەمانە ئێمە هیواداریین سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال وەک هەمیشە لە پشتی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ڕاوەستێ و چاوەڕوانین هەر ئەم کۆبوونەوەیەمان بە بڕیارنامەیەکی ڕوون و بەهێز پشتیوانی لە داخوازە بەرهەقەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بکا و بەتایبەتی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و ڕەگەزپەرستانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کوردی ئێران و پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە مەحکووم بکا.

هاوڕێیانی خۆشەویست! زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان و بەئاواتی سەرکەوتنی کۆبوونەوەکەمان.

**دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٦ی جونی ٢٠١٨ ژێنێڤ**







# ڕاپۆرتی ڕۆژی دووهەم و کۆتایی کاروباری کۆبوونەوەی شووڕای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست

سەر لە بەیانیی ڕۆژی ٢٧ی جونی ٢٠١٨ لە دووهەم ڕۆژی کۆبوونەوەی شوورای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دا، نوێنەرانی حیزبەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی شووڕای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لەژنێڤ ( حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بۆ تاوتوێکردنی پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لەم کۆبوونەوەیەی شوورا دا، کۆ بوونەوە. یەک لەو بابەتانە داوای چالاککردنەوەی «کۆمیتەی پرسی کورد» بوو. ئەو کۆمیتەیە پێشتر وەک کۆمیتەیەکی سەر بە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست پێک هاتبوو بەڵام چەند ساڵێک بوو، چالاک نەمابوو. هەموو لایەنە کوردییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی شووڕا، لە دانیشتنی خۆیان دا پێداگرییان لە سەر داوای چالاکبوونەوەی ئەو کۆمیتەی (SI) کرد و بڕیاریان دا کە ئەم داواکارییە یەکگرتوانە و بە هاودەنگی بخەنە بەر نەزەری سەرۆك و سکرتێری ئێس ئای(SI) . هەر لەم کۆبوونەوەیە دا ڕاوسەرنجی لایەنەکان لە بارەی پێشنووسی بڕیارنامەی کۆبوونەوەی ئەمجاری شووڕا لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە بەشەجۆراوجۆرەکانی کوردستان دا وەرگیرا و دەقەکەی پێ دەوڵەمەند کرا. هەر وەها هەیئەتەکانی چوار لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شدار لەم کۆبوونەوەیە بە هاوبەشی و بە ناوی هەر چوار لایەنەوە پێشنووسی دەقێکیان بۆ پەسندکران لە لایەن کۆبوونەوەی شووڕای (SI) ئامادە کردکە تێی دا پشتیوانی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە کەمپەین و چالاکییەکان بە مەبەستی ڕاگرتن و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی لاوی بەندکراوی کورد ڕامین حوسێن پەناهیی تێدا هاتبوو.

هەر لە دەسپێکی کاروباری دووهەم ڕۆژی کاروباری کۆبوونەوەی شوورا دا، دەستەیەک لە نوێنەرانی لایەنە کوردییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی ئەمجاری شووڕای (SI)چاویان بە بەڕێز لوییس ئەیالا سکرتێری گشتی کەوت و داواکانی خۆیانیان لە گەڵ باس کرد کە بەڕێز سکرتێری گشتی وێڕای ڕەزامەندی دەربڕین لە گەڵ چالاککردنەوەی کۆمیتەی پرسی کورد وختنە ڕووی پێشنیاری سەرۆکایەتیی (SI) بۆ شوێن و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی














ئەم داوایە، بەڵێنی دا لە ڕەوتی کاروباری دووهەم ڕۆژیش دا بایەخی پێویست بە پرسی کورد و داوا و چاوەڕوانیی لایەنە کوردییەکان بدا و بیانخاتە بەر ڕای بەشدارانی کۆبوونەوە.

لەدانیشتنەکانی دووهەم ڕۆژی کۆبوونەوەی (SI) دا، چەند تەوەر و بابەتی گرنگ خرانە ڕوو. یەک لەوان ڕاپۆرتی کاروباریی ماڵیی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و هەقی ئەندامەتیی ئەندامان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کرا. لەم بارەیەوە بە ڕێژەوە ناوی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئەندامی (SI) هات کە بە ڕێکوپێکی هەقی ئەندامەتیی ساڵانەیان داوە و ئەو لایەنانەش کە لەمبارەیەوە ڕەخنەیان لە سەر بوو، بەرعۆدە کران کە هەر چی زووتر هەقی ئەندامەتیی ساڵانەی خۆیان بدەن. لە بڕگەیەکی دیکەی کارو باری ڕۆژی دووهەمدا داواکاریی چەندین حیزب و ڕێکخراو لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان بۆ ئەندامەتی لە (SI) و هەر وەها بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەیان لەو ڕێکخراوە جیهانییە دا خرایە ڕوو و دەنگیان بۆ وەرگیرا.

لە درێژەی کاروباری ڕۆژی دووهەم دا، کۆچکردن و پەنابەری وەک کێشە و دیاردەیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆ، هاتە بەرباس. زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندامی ئینتێرناسیۆنال لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕاو بۆچوونی خۆیان و هەر وەها پێشنیاری خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو دیاردەیە، خستە ڕوو کە باشکردنی هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی وڵاتان و گرنگیدان بە ماف و ئازادییەکان، ئەمنییەت و خۆشبژیویی هەر وڵاتێک ، و ڕۆڵی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لەو ڕاستایە دا لە نێوەرۆکی باسەکانیان دا سەرنجی ڕادەکیشا.

لە دوابەشی کاری ڕۆژی دووهەم دا چەندین بڕیارنامە و ڕاسپاردە لە بارەی پرس و بابەتە گرنگەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان کە پێشتر دەقەکانیان وەک پێشنووس خرابووە بەر دەستی هەیئەتەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی شووڕای ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، خرانە بەر دەنگی بەشداران و پەسند کران. یەکێک لە بڕیارنامەکان لە بارەی پرسی کوردلە ئێران،عێراق، تورکیە وسووریە بوو کە تێیدا ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست وێڕای ئاماژە بەنوێترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لە هەر کام لەو بەشانەی کوردستان، پشتیوانیی خۆی لە خەباتی کوردەکان بۆ مافە ڕەواکانیان دووپات کردبۆوە. هەر لەو بەشەشدا سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنال بەڕێز لوویس ئەیالا، داواکاریی چوار حیزبی کوردستانی ئێران لە بارەی پشتیوانیی ئینتێرناسیۆنال لە هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهیی خستە بەر سەرنجی ئامادەبوان کە لە گەڵ پێشوازیی بەشدارانی کۆبوونەوە بەرەوڕوو بوو.

جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەل بەشێکی بەرچاو لە هەیئەت و نوێنەران و بەرپرسانی بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی ئیس ئای دا دیداریان نوێ کردەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**
**٢٨ی ژوئەنی ٢٠١٨**



# کۆبوونەوەی شووراى ئینتەرناسیۆنالیی سوسیالیست نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنێڤ ٢٧-٢٦ى ژوئەنی ٢٠١٨
# بڕیارنامە لەسەر گەلی کورد

INTERNACIONAL
SOCIALISTA

شووراى ئینتەرناسیۆنالى سۆسیالیست لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ڕێژیمی ئێران بە ئاسانی لە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریی بەرامبەر بە کردەوەکانی خۆی ڕا دەکا، چونکە دەزانێ کە بەرنامە ناوکییەکەی مەسەلەکانی دیکە بۆ وێنە هاوپەیوەندی و مافەکانی مرۆڤ پەراوێز دەخا. ئێمە چاوەڕوانیمان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە کە ڕێگر بێ لە بەهێزتر بوونی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆن.

ئێستا خەڵکی ئێران گەیشتوونە نوختەیەک کە چیدیکە ناتوانن هەژاری، هەڵاوسانی نرخەکان و گەندەڵیی تەحەممول بکەن و ڕژاونە سەر شەقامەکان و داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەن کە لە جیاتی دەستێوەردان لە سوورییە، لوبنان، عێراق و یەمەن و پشتیوانیی ئابووری لەوان، سەرنج بداتە خەڵکی ئێران و بە خەڵکی خۆی ڕابگا. ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد و خەباتەکەیان بۆ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی دەکا.

لە کوردستانی عێراق، ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست پشتیوانی لە جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتیی عێراق و چارەسەر کردنی سەرجەم پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئاشتییانە دەکا. ئێمە داوا لە حیزبە سیاسییەکانی عێراق و دەوڵەتی داهاتووی فێدراڵ دەکەین کە ڕێککەوتنی ئەوتۆ ئەنجام بدەن کە ڕەنگدانەوەی بەشداریی ڕاستەقینەی کوردەکان لە دەوڵەتی نوێدا لەسەر بنەمای هاوبەشی، هاوڕایی و هاوسەنگی بێ. ئێمە داوا لە هەردوو دەوڵەت لە بەغدا و هەولێر دەکەین کە دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان سەقامگیر بکەن و ڕێگا بە بەڕێوەبەرایەتیی هاوبەش بدەن تا پێش بە داعش و تاقمی هاوشێوە بگیرێت و ڕێگە نەدرێ لە گرژییەکانی دوای ڕێفراندۆم لەم ناوچانە بە قازانجی خۆیان کەڵکی خراپ وەرگرن و پارێزگاریی لە مافەکانی گەلی کورد و کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکانی ئەم ناوچانە بکەن.

ئێمە پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکراتیکی گەلان (هەدەپە) دەکەین کە لەم دواییانەدا دەنگی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە بۆخۆی مسۆگەر کرد. ئێمە داوای ئازاد کردنی دەستبەجێی سەرۆکی هەدەپە، سەلاحەددین دەمیرتاش و سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان کە لە زیندانەکانی تورکیەدا دەستبەسەر کراون، دەکەین.

دەوڵەتی تورکیە دەبێ ڕێگا بدا کە وتووێژی سیاسی سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی دیتنەوەی ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد.

لە سوورییە، ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست پشتیوانی لە ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانە بۆ گەلی کورد دەکا، بە شێوەیەک کە یەکگرتوویی و سەربەخۆیی سوورییە لە چوارچێوەی دەوڵەتداریی ناناوەندگەرا، بە پێی مۆدێلی فیدێرالیزمی دێموکراتیک دەستەبەر بکا.

لە پێوەندی لەگەڵ عەفریندا، ئێمە پشتیوانیی لە گەڕانەوەی ئەمین، سەقامگیر و ڕێزدارانەی خەڵکی عەفرین، لە ژێر چاودێریی نێونەتەوەیی و کۆتایی هێنان بە داگیرکاریی تورکیە لەناوچەکە دەکەین.

هاوتەریب لەگەڵ هۆگریی ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست بۆ پرسی گەلی کورد، شووڕا بڕیاری دا سەرلەنوێ کۆمیتەی پرسی گەلی کورد لە نێو ئینتەرناسیۆنالی سوسیالیست دا کارا بکاتەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستا لە ئێوارەخوانێکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبریتانیا

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢ی جولای ٢٠١٨ی زایینی، لەسەر بانگێشتی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان دوکتور سەعید شەمس و مەولوود سوارە بەشداری ئێوارە خوانێکیان کرد کە لە پارلەمانی بریتانیا ڕێکخرابوو.

ئەم ئێوارە خوانە بە هاوکاری جاك لۆپرێست،ی ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەرپرسی گرووپی پارلمانتەرانی بریتانیا بۆ داکۆکی لە کێشەی کورد و هەروەها بەرێز کاک کاروان جەمال نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخرابوو.

لە پەڕاوێزی ئیوارە خوانەکە دا چەندین باس و خوازی جیاواز هاتنە بەر باس و شرۆڤە کردن، کە گرینگترین بابەت، دواین گۆرانکارییەکانی ناوچە و بەتایبەت کوردستانی باشوور و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک کاریگەرترین و بەتواناترین هیزی چەکداری ناوچەکە بۆ تێکشکاندنی داعش و بەرگری کردن لە دێموکراسی و سەقامگیری کوردستان بوو. هەروەها یارمەتی و مەشق پێ کردنی دەولەتی بریتانیا بە زیاتر لە دەهەزار پێشمەرگەی کوردستان و هاوکات سەردان و چاوپێکەوتنی بەرپرس و کاربەدەستانی کوردستان و تشویق کردن و هاندانی زیاتری کۆمپانیەکانیە بیانییەکان بۆ گواستنەوەی سەرمایەکان و کارکردن لە کوردستان تەوەری سەرەکی باسەکان بوون.

پێویست بە ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزبیمان لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە پارلمانتێران و نوێنەری حیزب و لایەنەکان دیداریان تازە کردەوە و باس و خواسێکی تێروتەسەل لەگەڵ بەشێک لە ئەندامی پارلمان و لۆرد و وەزیرە دۆستەکانی گەلی کورد لەو ئێوارە خوانەدا ئەنجام درا کە لە ناویان دا دەکرێ ئاماژە بە هەریەکە لەبەرێزان: ئالستەر بێرد وەزیری دەولەت بۆ کاروباری رۆژهەلاتی نێوەراست، بەرێز جاك لۆپریستی ئەندامی پارلمانی بریتانیا و بەرپرسی گرووپی پارلمانتەرانی بریتانیا بۆ داکۆکی لە کێشەی کورد، بەرێز نەزار میرجان محەممەد جێگری باڵوێزی عێراق لە لەندەن، بەرێز تۆم هاردی و لۆرد رەی و





هەروەها بەرێز نەدیم زەهاوی وەزیری خوێندن .

لەم دیدارە کورتانەدا نوێنەری حیزب ئیشارەی بەتازەترین رووداوەکانی ئێران کرد و داوای پشتیوانی لەدۆستانی کورد کرد کەیارمەتی دەری خەڵکی وەزالەهاتووی ئێران بن بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و ئازادی و ژیانێکی شیاو، لە سایەی حکومەتێکی دیموکراتیک و گەلی دا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**

















# ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست داوای ئازادکردنی رامین حوسین پەناهی دەکات

هەول و دەسپیشخەریی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ پێشگرتن بە لەسێدارەدران و لە پێناوی ئازاد کردنی رامین حوسین پەناهیدا بەردەوامە.

لە نوێترین هەولێدا، سکرتێری گستیی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بەرێز لویس ئەیالا، لە گەڵ ٢٧ ئەندام پارلمان و کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵێک ئەندامی رێکخراوی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست

S١ نامەیەکی ئاراستەی حەسەن روحانی سەرۆك کۆماری جمهووریی ئیسلامیی ئێران کردوە. لەو نامەدا ئەو کۆمەڵە کەسایەتییە تێکرا و بە هاودەنگی داوای دەسهەڵگرتنی حکوومەتی ئێران لە بەرێوەبردنی سزای ئێ و هەر وەها ئازادکردنی ئەو بەندییە سیاسییە کوردە دەکەن.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە دوایین کۆبوونەوەی کۆنسەی خۆی دا کە ژوئەنی رابردوو لە ژنێڤ پیک هات،پشتگیریی داوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە کوردییەکانی دیکەی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەی‌دا کرد کە داواکاری هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی ئەو بەندییە سیاسییە کوردە و ئازادکردنی بوون.





**PARLAMENTO CENTROAMERICANO**
*Uniendo Centroamérica con el mundo*

A/A Presidencia de la República Islámica de Irán
Presidente
Excelentísimo Sr. D. HASAN ROHANI
Teherán (Irán)

Santo Domingo, Republica Dominicana, 27 de agosto de 2018

Excelentísimo Sr. Presidente de la Republica,

En primer lugar le trasladamos un cordial saludo en nuestra calidad de Parlamentarios y Líderes de diversos estados de Centroamérica y el Caribe con nuestros mejores deseos de Paz y Amistad para la República Islámica de Irán.

Nos dirigimos a Su Excelencia al objeto de solicitar respetuosamente la clemencia de las autoridades oportunas del Gobierno de la República Islámica de Irán para que se proceda, por motivos exclusivamente humanitarios, a la anulación de la condena a muerte dictada en sentencia judicial contra el Sr. Ramin Hossein Panahi.

Como Usted probablemente conoce tanto la Oficina del Alto Comisionado de Naciones Unidas para los Derechos Humanos como la organización no gubernamental Amnistía Internacional han dirigido, entre otras prestigiosas organizaciones, solicitudes en este mismo sentido.

Deseamos informarle que todos los Parlamentarios y Lideres firmantes de esta carta, pertenecientes a distintos estados latinoamericanos y de diferentes ideologías políticas, nos unimos a esta petición de anulación, por motivos exclusivamente humanitarios, de dicha condena a muerte y reiteramos respetuosamente nuestra solicitud de clemencia.

FRANCISCO DE YCAZA

Juan Pablo Placido

German Arrocha

Fernando Bautista Andreu
El Salvador, C.A.

Este gesto de magnanimidad y generosidad sería, sin ninguna duda, especialmente bien acogido en nuestra Latinoamérica y estamos convencidos que también por el resto de la Comunidad Internacional.

Nos complacería sumamente se facilite, si Su Excelencia lo estima oportuno y por supuesto de acuerdo a los reglamentos y regulaciones vigentes en la Republica Islámica de Irán al respecto, la posibilidad a nuestra estimada colega la Sra. Doña Gloria Guadalupe Oqueli, Diputada del Parlamento Centroamericano por el Estado de Honduras y Miembro de la Asamblea Parlamentaria Euro- Latinoamericana EUROLAT de visitar al Sr. Ramin Hossein Panahi en el establecimiento penitenciario en que cumple condena en Irán.

A la espera de sus atentas noticias renovamos nuestros deseos de Paz y Amistad para la Republica Islámica de Irán así como nuestra estima y consideración a su persona.

Atentamente,

Gloria Oqueli de Macoto [uncertain]
HONDURAS

Matilde Bonilla (HONDURAS)

Julio C. Alvarado
(Honduras)

Daniel Ortega Reyes
Nicaragua

Oscar Gonzales [uncertain]
HONDURAS

HONDURAS Dilma Quezada

Jhean de Mondragón [uncertain]
HONDURAS

Ricardo Calderón Lon [uncertain]
El Salvador

Juan Garcia [uncertain]
Rep. de Panamá

Milagro Díaz [uncertain]
Rep. Dominicana

Kimberly G.
Honduras
Kimberly Guevara Miralda [uncertain]

Fanny Carolina de Torre [uncertain]
Honduras

Pablo Cela [uncertain]

José Ramos [uncertain]

Celia de leon
Guatemala

OSCAR O. BURGOS

Roberto Alejos
Guatemala

EL SALVADOR
Gerardo García

Adolfo Martínez Cole
Nicaragua

Guillermo A Osorno M
Nicaragua

María Elena Báez Rep. Dominicana

Virginia Fabal Pachana Rep. Dominicana

Verónica Belén Rep. Dominicana

República Dominicana

Alejandro Maldonado
Guatemala

Claudio Monte.

Francisco Zaldívar
Guatemala

# خۆپێشاندانی کوردانی بریتانیا بۆ محکوم کردنی موشەك بارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات

ناوەندی هەواڵ- بریتانیا: بەمەبەستی مەحکووم کردنی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی سەرەکی حیزبی دیموکرات و لەسێدارەدانی سێ زیندانی سیاسی کورد، رۆژی دووشەممە ١٠ سێپتامبر،ی ٢٠١٨ی زایینی خۆپێشاندانێکی بەرین بەبەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی هەر دوو حیزبی دیموکرات و کوردانی دانێشتووی بریتانیا لەبەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە لەندەن بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای خۆپێشاندانەکەدا دوای سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێک راوەستان بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، «مادح ئەحمەدی» لە لایەن هەر دوو لای حیزبی دیموکراتەوە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و کورتەیەکی لەسەر کردەوە تیرۆریستییەکەی ١٧ی خەرمانان و لە سێدارەدانی سێ زیندانی سیاسی کورد لە زیندانی «رەجائی شهر» باس کرد.

دوابەدوای قسەکانی مادح ئەحمەدی، «رزگار قادرزادە»، بەرپرسی کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر رووداوەکە پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی رێوڕەسمەکەدا پەیامی ناوەندیی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن «فەرید دەیهیم»، بەرپرسی کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

هەربەم بۆنەوە «ئاکام رەحیمی»، کوڕی شەهید «چەکۆ رەحیمی» پەیامێکی کورتی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر هێرشی خوێناوی ١٧ی خەرمانان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

لە درێژەی رێوڕەسمەکەدا، پەیامی ١٠ حیزب و رێکخراوی کوردستانی و ئێرانی، - پەیامی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

- رێکخراوی مافی ژنی کورد
- پەیامی بنەماڵەی رامین حسێن پەناهی
- حیزبی تەزاموونی ئەهواز، شورای دمکراسی خوازانی ئێران
- راگەیندراوی خەبەری کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کران.

هەروەها لە بڕگەیەکی رێوڕەسمەکەدا، ئاریاکۆ رەحیمی، پەخشانێکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر کارەساتی ١٧ی خەرمانان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

ناوئاخنی بەرنامەکانی ئەم خۆپێشاندانە بریتی بوون لە وتنەوەی سرودی شۆڕشگێڕی و دروشم بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

جێگای ئاماژەیە کە راگەیندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەزمانی ئینگلیسی ئامادە کرابوو بەسەر خەلکی بیانی و بەشداربووان دا بلاوکرایەوە.

لە کۆتایی رێورەسمەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی خۆپێشاندانەکە پەلاماری سەفارەتی کۆماری ئیسلامییان دا کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە رێگریان لێکرا و شەش کەسیش بە شێوەی کاتی لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران.

ئەم خۆپێشاندانە بەرینە کە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانێشتووی بریتانیا بەڕێوەچوو کاتژمێری ٢ی دوای نیوەڕۆ دەستی پێکرد و بۆ ماوەی سێ سەعات بەردەوام بوو.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**
**١٠ی سپتامبری ٢٠١٨**












# شەهیدەکانی تاوانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات

لە پەلاماری مووشەکیی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات بە داخەوە ١٥ کادر و تیکۆشەری بە وەجی دیموکرات شەهید بوون و نزیک بە ٤٠ کەسیش بریندار بوون. شەهیدەکان بریتیین لە:

١- کەریم مەهدەوی(کەریم سەقزی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

٢- ابراهیم ابراهیمی(برایم زیوەیی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٣- نەسرین حەداد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٤- رەحمان پیرۆتی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٥- سوهەیلا قادری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٦- هاشم عەزیزی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٧- عوسمان عوسمانی، تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب،

٨- کەریم رەسووڵزادە(مام شێرکۆ)، تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب،

٩- هاوڕێ کارساز(هاوڕێ شێخانی)، کادری بەوەجی حیزب،

١٠- پێشەوا سەید عومەر، پێشمەرگە،

١١- جەماڵ ئەکبەری، پێشمەرگە،

١٢- مەنسوور ئەکبەری پوور، پێشمەرگە،

دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فێرگەی ئەم حیزبە کە هاوکات لە گەڵ قەڵای دیموکرات کەوتە بەر هێرشی مووشەکی موختار قادر پوور و فاروق حەسەن خەیات.

١٥- محەممەد حەسەنپوور، تێکۆشەری دیرین و ناسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە هۆی توندیی برینەکانی بە داخەوە ئەمشەو، گیانی لە دەست دا.

پێویستە بگوترێ دوو هاوڕێی پێشمەرگەشمان بێ سەروشوێنن و هێشتا شوێنەوارێکیان لێ نەدۆزراوەتەوە.

**یادیان بەرێز و سلاو لە گیانی پاکیان**

**کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٨/٩/٨**
**١٣٩٧/٦/١٧**



# بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەورووی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دەبینەوە!

ڕۆژی ١٧ی خەرمانی ئەمساڵ(٨ی سیپتامبری ٢٠١٨) ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کورد. ڕاست لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە،٣ بەندیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسینپەناهییان لە دار دا، سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٣ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ٣ لاوی ئازادیخوازی کورد، شەهیدان رامین حوسین پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی، هەر وەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حدک بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاوخەمیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان، چاکبوونەوەی هەر چی زووتری بریندارەکانی ئەو هێرشە دڕندانەیە بە ئاوات دەخوازین.

تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبوون دا دەبێ، ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هیزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو و وڵامێکی ددانشکێن بەرەو ڕووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بەو راستییە، داوا لە خەڵکی خۆڕاگر و بە هەڵوێستی کوردستان دەکەین ڕۆژی چوار شەممە، ٢١ی خەرمانان ١٢ی سپتامبری ٢٠١٨ بە مانگرتنی گشتی، بێزاریی خۆیان لە نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رابگەیەنن. جارێکی دیکە بە نەهاتنەدەر لە ماڵەکانتان ، چۆلکردنی شەقامەکان و داخستنی دوکان وبازاڕ، نمایشێکی پڕ شکۆ لە بێزاربوون و "نا"گوتنی خۆتان بەو ڕێژیمە خوێنرێژ و دژە کوردە، نیشان بدەنەوە. لە هەموو چالاکێکی ئازادیخوازی کورد لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی ئەم بانگەوازە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆر و سەرکوت و تاوانی، کۆماری ئیسلامیی ئێران،

سەرکەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد،

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

پێکهاتوو لە:

**حیزبی دینوکراتی کوردستان**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،**

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران،**

**١٨ی خەمانانی ١٣٩٧**

**٩ی سیپتامبری ٢٠١٨**





# راگەیەندراوی هاوبەشی ١٠ ڕێکخراوی سیاسی: جینایەتی لە سێدارەدانی ٣ بەندکراوی سیاسی و، هێرشی مووشەکی بۆسەر بنکەکانی حیزبەکانی کوردستان مەحکووم دەکەین.

ئەمڕۆ شەممە ١٧ی خەرمانان، ٨ی سێپتامبر، حوکمی لە سێدارەدانی سێ کەس لە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان (ڕامین حوسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی) سەرەڕای هەوڵ و ماندووبوونی زۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ڕێگری کردن لێی، بەڕێوەچوو.

هاوکات بنکە ناوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتنە بەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی. جگە لە زەرەر و زیانێکی زۆر، ژمارەیەک لە کادر و ئەندامەکانیان گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زۆریش بریندابوون.

ئەم هێرش و کردەوە جینایەتکارانەیەی ڕژیم لە هەلومەرجێکدایە کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە کوردستان و سەراسەری ئێران پەرەی سەندوە. قەیرانی ئابووری و نەبوونی ئەمنییەت، هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی گرتوەتەوە. ڕەهەندەکانی ئەم نارەزایەتیانە سنوورەکانی وڵاتی بڕیوە. بۆ وێنە، تەنیا ڕۆژێک بەر لەم هێرشە دڕندانەیە، خەڵکی ناڕازیی بەسرە، پێگە میلیشیاکانی سەر بە ئێران و هەروەها کۆنسوولخانەی ئەم ڕژێمەیان وێران کرد و ئاگریان تێبەردا و بەو شێوەیە ڕق و بێزاریی خۆیان لە دەستدرێژییەکانی ئێران لە خاکی عێراقدا نیشاندا.

ئێمە گومانمان نیە کە ئەم ئێعدامانە و ئەم هێرشە جینایەتکارانەیە، نەک هەر ورەی خەڵکی کوردستان دانابەزێنن، بەڵکوو سەنگەری بەرگری و خەبات لە دژی ئەم ڕژێمە سەرکوتکەرە پتەوتر دەکەن. ئێمە ئەم تیرۆر و دەستدرێژییە ڕێکخراوە مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو خەڵکی ئێران دەکەین ئەم جینایەتە دڕندانەیە بە سووربوون لەسەر خەبات لە دژی ئەم ڕژێمە وڵام بدەنەوە. خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان هاوتەریبە لەگەڵ خەباتی سەراسەریی ئێران و پێوەندیی قوڵیان هەیە. ئێعدامی چالاکانی سیاسی، کوشتنی کۆڵبەران و دەستدرێژی بۆ سەر بنکەکانی ئەم حیزبانە، نەک تەمەنی نگریسی ئەم ڕژێمە درێژ ناکەنەوە بەڵکوو مەرگ و نەمانی خێراتر دەکەن.

ئێمە خەم و نیگەرانیی قووڵی خۆمان بە بۆنەی شەهیدبوونی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ئێعدانی سێ چالاکی سیاسی رادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوسەنگەرانیان و هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران دەکەین.

ئێمە بەڵێن دەدەین بە پتەوترکردنی یەکیەتی و هاوپێوەندیی نێوان خۆمان و هێزە هاوتەریبەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن، ئەم کردەوە سەرکوتکەرانە و جینایەتکارانەی ڕژێم بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکیەتییەکی بەرین و گشتگیر وڵام بدەینەوە و بە ئیرادەیەکی پتەوتر، درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین بۆ دروستکردنی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان و دێموکراتیک و یەکسانیی هەموو دانیشتوانی.

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**
**سەرکەوتن بۆ جەماوەر**
**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ – ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨**
**یەکیەتی میللی دێموکراتیکی ئازەربایجان**
**جولانەوەی کۆماریخوازانی دێموکراتیک و لایکی ئێران**
**حزب تزامن دمکراتیک اهواز**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**حیزبی خەڵکی بەلوچستان**
**ڕێکخراوی یەکیەتیی فدائیانی خەلقی ئێران**
**شورای کاتی سوسیالیستهای چەپی ایران**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**


Iran is a
Terrorist regime
It supports and
funds










# راگەیاندراوی شووڕای دێمۆکڕاسی خوازانی ئێران سەبارەت بە هێرشی مووشەکی بە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەین.**

بەپێی زانیارییەکانی گەیشتوو لە لایەن حیزبی دێموکڕات بە شووڕای دێمۆکڕاسی خوازانی ئێران، ئەمڕۆ ٨ ی سێپتامبری ٢٠١٨ بەرانبەر بە ١٧ ی خەرمانانی ١٣٩٧ سەعات ١٠ و ٤٠ خولەک بە مووشەک هێرش کراوەتە پێگەیەکی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستانی عێراق و بەداخەوە کارەساتی بەدواە بوو.

ئەو هێرشە لە کاتی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی ئەو حیزبە رووی دا. بە پێی زانیاریی باوەڕپێکراو هەتا بڵاوکراوەی ئەو راگەیاندراوە پتر لە ١٠ کەس شەهید و پتر لە ٣٠ کەسیش بریندار بوون. هەواڵەکان هەروەها، باس لەوەدەکەن فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان (پهبادها)، لەسەر پێگەکانی حیزبی دێموکڕات و هەموو ناوچەکە دەخولێنەوە.

کۆماری ئیسلامی کە لە بەرەبەری رەوتی رووخان دایە، هەوڵ دەدا بەو هێرشی وحشیانە نیزامییە و بەچەکی قورس بە حیزبە گەلییەکانی کوردستان، بەتایبەتی حدک، ئەو چارەنووسە وەدوابخا. بەڵام هەموومان دەزانیین بەو هێرشە دژی گەلیانە، چارەنووسی بێ ئەملاوئەولای لەنێوچوونیان ناگۆڕدرێ.

ئەمڕۆ خەڵکانی سەرانسەری لە ئێران و کوردستان، بەهۆی تاڵانی وڵات بەدەستی دزەکان و بەرپرسانی گەندڵ، بەدژی دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاست، بڕیاری لێیڕاوایان داوە کە ئەو ماکە فەسادە لە زبڵدانی مێژوو باوێژن. خەڵکی سەرانسەری وڵات لە خەبات بە دژی رێژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێمۆکرات و حیزبەکانی دیکە پشتیوانی دەکەن و هەتا رێشەکێش کردنی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە و ئیجرای عەداڵەت لە وڵات، پشتیوان و هاوڕایان دەبن.

شووڕای دێموکراسی خوازانی ئێران ئەو جینایەتە وەحشیانەیە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی کراوە مەحکووم دەکا و لە هەموو رێکخراو و نیهادە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی دێمۆکڕاتی جیهان داوا دەکا، سەبارەت بەو کارساتە دژی گەلییە بێ دەنگ نەبن و کردەوە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان مەحکووم بکەن.

**دبیرخانەی شووڕای دێمۆکراسی خوازانی ئێران**




















# دار زدن زندانیان سیاسی و کشتار فعالان احزاب کُردستانی غیرقابل قبول و شدیداً محکوم است

انسانیت

مرکز خبری و اطلاع رسانی سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان

همانگونه که اطلاع دارید؛ رامین حسین پناهی، زانیار مرادی و لقمان مرادی سه جوان کُرد که به اتهاماتی از قبیل فعالیتهای سیاسی و ارتباط با احزاب کُرد در سالیان گذشته دستگیر و زندانی و محاکمه شده بودند، متاسفانه در اقدامی باورناپذیر در ۴۸ ساعت گذشته به دار آویخته شده اند. در همان حال و همزمان با اعدام این سه زندانی سیاسی کُرد، دفاتر اداری و مراکز مدنی احزاب کُردستان» روژهلات» از جمله دفترمرکزی حزب دموکرات کُردستان هدف شلیک چندین فروند موشک دوربرد قرار گرفته و در این رویداد نیز متاسفانه ۱۶ نفر از اعضای کادر رهبری و مدنی حزب دموکرات کردستان از جمله خانمها نسرین حدادی و سهیلا قادری و آقایان کریم مهدوی، ابراهیم ابراهیمی، رحمان پیروتی، هاشم عزیزی، عثمان عثمانی، کریم رسولزاده، پیشوا سیدعمر، جمال اکبری، منصور اکبری پور، فاروق حسن خیاط، محمد حسن پور و هاوری کارساز جان باخته اند. سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان ضمن ابراز همدردی با خانواده های اعدام شدگان و جان باختگان و تسلیت به مردم کردستان، در چارچوب اصول راستین و میثاق حقوق بشر مورد باور خود معتقد است ، رامین حسین پناهی و زنیار و لقمان مرادی، بطرز فوق نادادگرانه ای محاکمه و دار زده شده اند.

این سازمان هم چنین شلیک راکت و موشک به مراکز اداری و مدنی احزاب مخالف مدنی احزاب مخالف و کشتار جمعی مخالفین را زیرپا نهادن تمامی اصول پذیرفته شده حقوق سیاسی و مدنی و جنایت علیه بشریت می داند. از این رو سازمان دفاع از حقوق بشر کُردستان اعدام زندانیان سیاسی کُرد را دار زدن حق حیات و اصول دادگری، و شلیک به دفاتر و مراکز اداری و مدنی احزاب کُردستان را شلیک به اصول زیربنایی حقوق بشر قلمداد نموده و این دو اقدام غیرقابل قبول را شدیداً محکوم می نماید.

**تاریخ: یکشنبه ۱۸ شهریور ۱۳۹۷ / ۹ سپتامبر ۲۰۱۸**
**شورای مدیریت سازمان دفاع از حقوق بشر کُردستان**

















# ٢٢ ئەندامی پارلمانی بریتانیا هێرشی موشەکی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بۆ سەر کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان مەحکووم کرد

**هێرشی ئێران بۆ سە ر کەمپێک لە ناو خاکی هە رێمی کوردستان لە عێراق**

**دانیشتنی ژمارە : ١٩-٢٠١٧**

**بڕواری دانیشتن: ٢٠١٨/٠٩/١٠**

**سپۆنسە ری سە رە کی: ماری گلێندن**

سپۆنسە رە کان:

لە ڕێی ئە و نووسراوە، پارڵمان، بۆردومانی کە مپی سیاسی و پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە کۆیە، لە قووڵایی ٢٠٠ کیلۆمەتری ناو سنوری فەرمی کوردستانی عێراق،لە لایەن سپای پاسدارنی شۆڕشی ئێران، بە توندی ئیدانە دەکات. لە پێوەندی لەگەڵ شەش ڕاکێتی زەوی بەزەوی و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، هاوکات لەگەڵ بە ڕێوەچوونی دانیشتنی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، هاوخەمی و سە رخۆشی خۆمان ڕادەگە یێنین بۆ بنەماڵەی گیان بە خت کراوان، و ئاواتی چاک بوونەوەی خێرا بۆ بریندااران دەخوازین. ئە و پارڵمانە بڕوای وایە کە ئەو هێرشە، بە زاندنی ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتی، پڕنسیپەکانی سەروەری و جیرانەتیە. هەروەها جێی ئاماژەیە، کە ئامریکا و هاوپە یمانی نێودە ڵەتی تا ئێستاش بە رپرسن لە پاراستنی سنووری هە وایی عێراق، و مەترسی ئەوە هەیە، لە ئەگەری نەبوونی کاردانەوە دژی هەرەشەی ئێران، ئە وا ڕژێمی ئێران بۆ دوبارە کردنە وە ی کردە وە ی هاوشێوە هان بدات. پارڵمان پێی وایە کە خاکی عێراق و هە رێمی کوردستان نابێ ببێتە گۆڕە پانی یە کلاکردنەوەی ململانەی زلهێزەکان. بەو پێوەرەش، پارڵمان داوای بەپەلە دە کات لە بریتانیا و وڵاتانی تر بۆ ئیدانە ی ڕژێمی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان و شوێنی پەیوەندیداری دیکە لە ئاستی جیاوازدا، بە مەبەستی ڕاگرتنی خێرای ئەو چەشنە کردەوانەی ڕژێم.



| Row | Name | Party | Constituency | Date Signed |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Blackman, Bob | Conservative Party | Harrow East | 12.09.2018 |
| 2 | Bottomley, Peter | Conservative Party | Worthing West | 11.09.2018 |
| 3 | Brown, Alan | Scottish National Party | Kilmarnock and Loudoun | 09.10.2018 |
| 4 | Campbell, Ronnie | Labour Party | Blyth Valley | 12.09.2018 |
| 5 | Chapman, Douglas | Scottish National Party | Dunfermline and West Fife | 13.09.2018 |
| 6 | Crausby, David | Labour Party | Bolton North East | 01.11.2018 |
| 7 | Day, Martyn | Scottish National Party | Linlithgow and East Falkirk | 11.09.2018 |
| 8 | Edwards, Jonathan | Plaid Cymru | Carmarthen East and Dinefwr | 12.09.2018 |
| 9 | Gapes, Mike | Labour Party | Ilford South | 12.09.2018 |
| 10 | George, Ruth | Labour Party | High Peak | 11.10.2018 |
| 11 | Gethins, Stephen | Scottish National Party | North East Fife | 23.10.2018 |
| 12 | Glindon, Mary | Labour Party | North Tyneside | 10.09.2018 |
| 13 | Godsiff, Roger | Labour Party | Birmingham Hall Green | 13.09.2018 |
| 14 | Hendry, Drew | Scottish National Party | Inverness Nairn Badenoch and Strathspey | 09.10.2018 |
| 15 | Hopkins, Kelvin | Labour Party | Luton North | 12.09.2018 |
| 16 | Linden, David | Scottish National Party | Glasgow East | 13.09.2018 |
| 17 | Martin, Sandy | Labour Party | Ipswich | 13.09.2018 |
| 18 | Robinson, Gavin | Democratic Unionist Party | Belfast East | 12.09.2018 |
| 19 | Russell-Moyle, Lloyd | Labour Party | Brighton Kemptown | 09.10.2018 |
| 20 | Shannon, Jim | Democratic Unionist Party | Strangford | 11.09.2018 |
| 21 | Stephens, Christopher | Scottish National Party | Glasgow South West | 11.09.2018 |
| 22 | Wishart, Pete | Scottish National Party | Perth and North Perthshire | 06.11.2018 |

https://www.parliament.uk/edm/2017-19/1606

# بەشداریی ئەندام و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانی ڕیسوا کردنی ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە شاری لەندەن

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی کاتژمێر ٢ تا ٤ی پاشنیوەڕ، ئەندام و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا، بەشدارییان کرد لە خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دا کە دژ بە ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەو ڕژیمە لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەڕیوە چوو. لەو خۆپیشاندانە دا کە بەشێکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و دەیان کوردی خاوەن هەڵوێستی دانیشتووی لەندەن تێیدا بەشدار بوون، دەیان درووشم دژ بە ڕژیمی تێرۆریستی ئێران گوترانەوە و هێرشی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئێعدامی لاوانی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیم دا بە توندی ڕیسوا و سەرکۆنە کرا. پێویست بە ئاماژەیە کە لە شوێنی خۆپیشاندانەکە سەدان ئاڵای کوردستان، وێنەی شەهیدانی ئەم دواییانەی و ئاڕمی حیزب ڕازێندرابووەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی بریتانیا**




















حیزبی دێموکرات هێزی لەبڕان نەهاتووی کوردستانە!
WE ARE FIGHTING FOR FREEDOM AND PEACE


Down with Islamic Regime of Iran!

# دیدارێکی تایبەت لە پارلمانی بریتانیا

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی سپتامبری ٢٠١٨، مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە مێزگردێکدا لەگەڵ بەڕێز «جاک لۆپریست»ی ئەندام پارلەمان و سەرۆکی گرووپی پارلەمانتاران بۆ کاروباری عێراق و خاتوو «ماری کلیندۆن» ئەندامی پارلەمانی بریتانیا و بەڕێز «لۆرد مۆریس گلاسمەن» و بەڕێز «لۆرد لۆید راسێل مۆیل» و بەڕێز «گاری کێنت» کە سەرپەرستی کۆبوونەوەکەی دەکرد، کۆ بووەوە.

لەم کۆبونەوەیەدا بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەسەر هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و چۆنیەتی هێرشەکە و شەهید و بریندارەکان و ئیعدامی سێ زیندانی سیاسی کورد و هەروەها مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات وەك دەسکەوتێکی گەورەو بەهێزترین چەک دژی کۆماری ئیسلامی بەدرێژە قسەی کرد. هەروەها سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەو ئالۆزی و شێواندنی ئەمن و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت عێراق و باشووری کوردستان تەورێکی دیکەی باسەکان بوو. بەشێکی تر مێزگردەکە بەشداربووان را و بۆچونی خۆیان پێشکەش و بەپەرۆشبوونی خۆیان لەو کارەساتە راگەیاند و داوای ساغی و سەلامەتیان بۆ بریندارەکان خواست و رایانگەیاند کە لەو بارەوە بەجیدی و شێلگیرانە بەدوای داخوازیە ڕەواکانمانەوە دەچن و لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە،نەتەوەیەکگرتوەکان و پارلمانی بریتانیا لەم بارەوە دەکەونە وتوویژ و دانوستان.

بەشێکی تری دانیشتنەکە پرسیاری ئەندامان و لۆرد و راوێژکارەکانیان بوو لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قەڵای دێموکرات بوو کە لەلایەن نوێنەری حیزبەوە وەڵامیان درایەوە.

جێگای ئاماژەیە کە هاوڕێ خاتوو ژاڵە لەو دانیشتنەدا لەگەڵ نوێنەری حیزب بەشدار بوو.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**
**١٣ی سپتامبری ٢٠١٨**





#سوپاس پێشمەرگە
#ThanksPeshmarga












# بۆ ئاگاداری !




له درێژەی چالاکیەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بۆ هەرچی زیاتر له قاودانی جینایەت و موشەک بارانی قەڵای دێمۆکرات، له لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمیتەی دەرەوەی ولات ،کۆبوونەوەیەکی گرینگ بۆ هاوڕێ خالید عەزیزی، بەرپرسی ئەو بەشە له کۆمیتەی دەرەوەی حدک، پێک دێنێ.

ئەم کۆبوونەوە هاوکات له کۆنفرانسی ساڵانەی لیبێر پارتی، له شاری لیفرپول بریتانیا بەرێوە دەچێ. بگێری ئەم پانێله بەرێز لۆرد گلاسمن دەبێ.

رۆژی دوو شەممە ٢٤ ی سپتامبر ٢٠١٨ کاتژمێری ٩ی بەیانی به کاتی لەندەن لەو کۆنفرانسەرا راستەوخۆ بلاو دەکرێتەوە.

**سرنجی هەموو لایەک بۆ ئەم باسە رادەکێشین.**

**دەگەڵمان بن.**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی لیبەرپارتی لەشاری لیفەرپول،ی بریتانیا

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی سپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی کاک خالید عەزیزی بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیای کرد.

لە یەکەم قۆناغ دا سەر لەبەیانی دووشەممە بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە پانێلێک دا بەشداری کرد. بەڕێز عەزیزی لەم پانێلەدا لەسەر موشەک باران و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەلای دێموکرات و بە ئامانج گرتنی پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندی حیزب قسەی کرد و لە وتەکانی دا ئاماژەی بە کات و ڕۆژ و مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە بۆ سەر قەلای دێموکرات و مەبەست و ئامانجەکانی پشت ئەو هێرشە کرد.

لەدرێژەی کۆنفرانسەکەدا هەیئەتی حیزب چاوی بەبەشێکی زۆر لە ئەندام پارلمان و میوانان و بەشدار بووانی کۆنفرانسەکە کەوت و هاوکات لەگەڵ هەیئەتێکی بەشی نێونەتەوەی حیزبی کرێکاران چاوپێکەوتنی پێکهێنا.

هەر هەمان ڕۆژ و لە دەرفەتێکی دیکە دا هەیئەتی حیزبمان لەگەڵ بەرێزان جێرمی کۆربین سەرۆکی حیزبی کرێکارانی بریتانیا و خاتوو ئیمیلی تۆرنبێری وەزیری دەرەوە لە دەسەڵاتی سێبەر دیداری کرد. بەرێز خالید عەزیزی لە وتەکانی دا لەگەڵ بەرێزان جێرمی کۆربین و خاتوو ئیمیلی تۆرنبێری وتی: زۆر سپاس بۆ ئەو بانگهێشتەکەتان و سپاس بۆ دەرفەتەی کە بۆ ئێمەتان ڕەخساند کە بێین و لە کۆبوونەوەی بەرینی حیزبەکەتاندا بەشدار بین. ئەمرۆ ٢٤ سپتامبرە، ٨ی هەر ئەم مانگە، واتە ١٦ ڕۆژ بەر لە ئێستا، کاتێک کە منو هاوڕێکانم لە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی تایبەتی کومیتەی ناوەندی حیزبەکەماندا بووین لە شاری کۆیە، قەلای دیموکرات کە بنکەی سەرەکی حیزب و چەندین ئۆرگان و ڕێکخراوی مەدەنیی تێدا جێگیرە، لە لایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە درایە بەر موشکی بالێستیکی دوور هاوێژ. لە ئەنجامی ئەو موشەک بارانە دا شەش کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەرلەوێ ١٦ کەس شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب بوون و زیاتر لە ٤٠ کەسیش کە



زۆرینەیان ژن و منداڵ بوون بریندار بوون.

کۆماری ئیسلامی راستەوخۆ و بە فیلم و دیکومێنت کە هەمووی لای ئێمە پارێزراوە، بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەو هێرشە لە لایەن یەکە موشەکییەکانی سوپای پاسدارانەوە ئەنجام دراوە، بۆیە داوام ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بخرێتە بەر لێپرسینەوە و دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەو چەشنە کردەوانەی ئەو ڕژیمە بگرێ.

ئێمە چاوەڕوانیمان لە ئێوە وەک حیزبێکی دۆست ئەوەیە کە هەم لە ئاستی بریتانیا و هەم لەئاستی ئەوروپا و نێونەتەوەیدا وێڕای دیفاع لە دۆزی نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت، ئەو کردەوانە لە کۆماری ئیسلامی قبول نەکەن و وە داوام ئەوەیە کە کار بکرێت بۆ کۆدەندگیەکی نێودەولەتی دژی کۆماری ئیسلامی.

هەروەها پێم خۆشە وشیارتان بکەمەوە ئەگەر موشەکەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵگری موادی شیمیای بوونایە، ئاستی کارەساتەکە زۆر لەوە گەورەتر دەبوو کە بە سەرمان هات، هەرچەندە هێشتا ئەو مەترسییە هەر لە جێی خۆیدا ماوە، چونکا کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی لە ئاستی بەرز دا هەڕەشەی دووبارە موشەک و باران کردنەوەی بنکە و بارەگانمان دەکەن و هیچ دوور نیە کە لە داهاتوو دا لە چەکی شێمیایی و قەدەغە کراویش کەڵک وەرگرن و ئیتر لە ساتە وەختێکی وا دا وەدەنگ هاتنتان بێسوود دەبێ.

بۆیە بۆ جارێکی دیکە تەکید دەکەمەوە کە باوەڕ بە کۆماری ئیسلامی مەکەن، ئەو ڕژیمە تووشی وەیرانێکی قووڵی نێوخۆیی بووە و بۆ خۆ دەرباز کردن لەو قەیرانە قووڵانە هەوڵ دەدات بە درووست کردن قەیران لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بۆ ماوەیەکی دیکە ڕاگشتی لە سەری ناوخحی ئێران بەلا ڕێ دا بەرێ. من پێشبینی ئەوە دەکەم کە حکومەتی ئیسلامی ئێران لە داهاتوو دا هەوڵی نانەوەی کێشە و ئاژاوە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەدات.

جێگای ئاماژەیە کە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بانەری شەهیدان و ئارمی حیزب و ئالای حیزب هەروەها ڕاگەیندراوەکانی دەفتەری سیاسی و کتێبچەیەك کە لەسەر ڕووداوەکەی ٨ی سپتامبر کە لە ٤٠ لاپەرەدا ئامادە کرابوو، لە بەرە دەرکی سەرەکی هۆڵی کۆنفرانسەکە، بە شێوەیەکی بەربلاو دەستیان کرد بە تەبلیغ و وەشانی بلاوکراوە و ڕاگەیاندە فەرمییەکانی حیزب و دانی ئاگاداری بە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە. هاوکات لە نیوەی کۆنفرانسەکە دا سەدان نوسخە لە ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی و بەڵگەنامەی پێویست بە زمانی ئینگلیسی بە سەر بەشداران دا بلاو کرایەوە.

هەیئەتی حیزبی پێک هاتوون کە بەرێزانی خالید عەزیزی و مەولوود سوارە، ئەندامانی ڕێبەری حیزب و هاوڕێیان کەیوان شێرزاد و قادر جەسیمی ئەندامانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**

**٢٤ی سپتامبری ٢٠١٨**











LABOUR PARTY
CONFERENCE 2018

CONFERENCE 2018









# دەقی وتەکانی لۆرد گلاسمەن و کاک خالید عەزیزی لە پانێلی کنفراسی سالانەی لیبەر پارتی لە لیفەرپووڵ ٢٤ی سپتامبری ٢٠١٨

**وتەکانی لۆرد گلاسمەن**

بەیانیتان باش گشت لایەک و بەخێر بێن بۆ ئەم ڕووداوە بەو بەیانییە زوویە. تێدەگەم ئەگەر کەمێک هەست بە خەواڵوویی بکەن، بە پێچەوانەی عێراق خەڵکی ئینگلیس بیرەیەکی زۆر دەخۆنەوە و ئاسەوارەکانیشی دیارن.

ئەمڕۆ باسی هێرشی ئێران بۆ سەر بنکەی ناوەندیی حدک لە ناوچە کوردییەکانی عێراق دەکەین. ئەم شتانە. ئەوەی کە بەڕاستی دەمهەوێ بیڵێم، پێش ئەوەی کە قسەکەرەکە بناسێنم ئەوەیە کە کوردەکان لە هەموو شوێنێک دەکوژرێن، کەوابوو من لە تورکیە بووم بۆ ڕێز گرتن لە کوردی کوژراو، لە سورییە بووم بۆ ڕێز گرتن لە کوردی کوژراو بەڵام ڕەنگبێ ئەوەی لە هەمووان کەمتر لە وڵاتی ئێمە ناسراون ئەوەیە کە لانیکەم ١٢ میلیۆن کورد لە ئێران دەژین ئەوێ شوێنێکی ژیانی کەونارا و بەردەوامی کوردان لە نیشتمانی خۆیان بووە بەڵام هەروەک هەموومان دەزانین کوردەکان قەت لە ماڵی خۆیان خاوەن ماڵ نین، کەوابوو حدک بۆ ئەو کەسانەی کە نایناسن حیزبێکی گەلیک جێگای ڕێزە و سوسیالیستە، ماوەیەکی کورت لە ١٩٤٥ کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ یەک دوو ساڵ کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی بوونی هەبوو لە ئێران بەڵام خێرا کاتێک کە شا دەسەڵاتی بەسەر وڵات دا سەپاند ڕووخاندی. ئێمە دەزانین کە سیاسەتی سەردەمی شا دوای شۆڕشی ئیسلامیی درێژەی پێدراوە کە ناهێڵن کوردەکان کەڵک لە زمانی خۆیان وەرگرن، ناهێڵن کوردەکان دامەزراوە کولتورییەکانی خۆیان هەبێ، دەتوانین بڵێین کە هەر وەک تورکیە ناهێڵن کوردەکان کورد بن، لە چوارچێوە ڕێژیمدا ئەوان ناچار دەکرێن کە زمانی فارسی بەکار بێنن، ڕێگای خۆ ڕێکخستن بە گوێرەی ڕەگەزی خۆیان یا چینی خۆیان نییە. بە گشتیی وەک تورکیە و وەک چۆن باو بوو لە عێراق و هەروەک لە سورییە پێش لێک هەڵوەشانی ڕێژیم و سەرهەڵدانی پەیەدە، کوردەکانی ئێران هیچ دێموکراسییەکیان نییە،



هیچ ئازادییەکیان نییە و ئێستا هەوڵی بەردەوام لە ئارادایە کە کوردی زۆرتر بکوژرێن و پێگەی حدک بۆمباران کرا، ١٤ کەس کوژران. ١٤ کەس کوژران؟ من پرسیار دەکەم، راستە؟ هەندێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بوون و ئەوە شتێکی بەڕاستیی حەیاتییە کە ئێمە ئاستی زانیاریی لەبارەی ئەوەی کە لەگەڵ کوردان لە ئێران دەکرێ بەرز بکەینەوە. چونکە ئەوە گرینگە وەک هەمیشە لە پەیوەندی لەگەڵ کوردان، کوردەکان ئەگەر ڕێژیم بە چالش بکێشن ئەوان وەک تێرۆریست حیسابیان بۆ دەکرێ، ئەگەر ڕێژیم بە چالش نەکێشن سەرکوت دەکرێن. ڕێگای بەرەو پێشەوە لەڕادده بەدەر دژوارە کە دیاریی بکەی. بەڵام ئەوەی کەدەمهەوێ تێوە بیزانن ئەوەیە کە ئێوە دۆست و پشتیوانتان لە حیزبی ئێمەدا هەن و ئێمە بەهێزین و پشتیوانیی خۆمان نیشان دەدەین. زۆر پێمان خۆشە وتارەکەی ئێوە لە بارەی بۆمبارانەکەدا، لێکدانەوەی ئێوە لەسەر دۆخی سیاسی، داواکانتان لە ئێمە لەبارەی ئەوەی کە بە باشترین شێوە بتوانین پشتیوانیتان لێ بکەین، ببیستین.

**وتەکانی کاک خالید**

سپاس لۆرد گلاسمەن و سپاس بۆ کوردیش پرۆگرێس و بەخێرهاتنی ئێوە دەکەم بۆ ئەو کۆبوونەوە و بەیانیتان باش. بەڕاستی چی قەوما؟ ٨ی سێپتامبر کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی وەرزیی (پلێنۆم)ی لە بنکەی سەرەکیی ئێمە هەبوو لە کۆی سنجق و ئێمە باسی داهاتووی ئێران، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلی کورد لە کوردستانی ئێرانمان دەکرد.

بە گوێرەی باوەڕی حیزب و سیاسەتی حیزب ئێمە هەمیشە باوەڕمان بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد لە ئێران هەبووە بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە دوای شۆڕشەوە گوێی لە داخوازییەکانی گەلی کورد لە ئێران نەگرت و ڕێزی لە سیاسەتی حیزب نەگرت بۆ وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. دوای شۆڕش ئایەتوڵلا خومەینی پێشدا باسی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانەی کرد بەڵام پاش ئەوەی کە هێرشیان کردە سەر کوردستانی ئێران و گەلی کورد بەرامبەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی خۆڕاگریی نیشاندا، بۆ جارێکی دیکە بۆچوونیان گۆڕی و باسی وتوویژیان کرد، بە گوێرەی سیاسەتی حیزب، حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبی سەرەکیی بوو و وتوویژی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دەکرد، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی بڕوای بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر کوردستانی ئێران و شەڕێکی ناوخۆییان بەسەر ئێمە دا سەپاند، کەوابوو گەلی کورد هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی نەبوو جگە لە داکۆکی لەخۆ کردن. کەوابوو لەم هاوکێشەیەدا دوو ڕاستیی هەن، ڕاستیی یەکەم ١٠ میلیۆن کورد لە کوردستانی ئێرانە و






ڕاستیی دووهەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامیی سیاسەتی تێرۆر و لەسێدارەدان و زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی هەڵبژارد. بەدوای ئەوەدا ڕێژەیەکی زۆر چالاکی سیاسییان لە ئێران لە سێدارە دا و بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی پایەبەرزمان لە کوردستانی عێراق تێرۆر کران و درێژەیان بەو سیاسەتە دا تا ڕووداوی ڤییەن. لە کاتێکدا کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو ڕێبەی حیزب خەریکی وتوویژ لەگەڵ نێردراوەکانی ئێران لە ڤییەن بوو لەوێ تێرۆر کرا. چەند ساڵ دواتر دوکتور سادق شەڕەفکەندی دوای بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لایەنەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو تا لێک تێگەیشتنێک لە نێوان حیزبە ئێرانییەکان وەبینێ، لە میکۆنۆس کوژرا. کاتێک کە دوکتور قاسملو لە ڤییەن کوژرا، کاربەدەستانی ئۆتریشی تێرۆریستەکانی ئێرانیان بەرەو تاران ئیسکۆرت کرد و هیچ دادپەروەرییەک و دادگاییەک لە ئوتریش نەهاتە ئاراوە بەڵام لە میکۆنۆس سیستەمی دادگا و دادپەروەریی ئاڵمان لەڕاستییدا بڕیاری دا کە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئێران بەرپرسیاری تێرۆری دوکتور سادق شەڕەفکەندی بوون، کە وابوو ئەوە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران بوو. لە ماوەی ئەو کردەوە تێرۆریستییانەی ڕێژیمی ئێران ئێمە هیچ چالاکییەکی سەربازییمان لە ناوچەدا نەکرد. ئێمە هەمیشە سیاسەتی ناتووندوتیژیی و وتوویژ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دێموکڕاتیک بۆ پرسی کوردمان هەڵبژاردووە و وەک ئەندامی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال چاوەڕوانییمان لە سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال و حیزبەکانی ئەندامی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال ئەوەیە کە مەسەلەی کورد بۆ ئاستی ناونەتەوەیی بەرز بکەنەوە.

بۆچی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؟

ئێران ئێستا بەرەوڕووی زنجیرەیەک قەیران بۆتەوە، قەیرانی ئابووری، قەیرانی کۆمەڵایەتی، تەقریبەن هەموو قەیرانێک لە وڵاتدا هەیە، نرخی دراوی ئێران نزیکەی حەفتا لەسەد دابەزیوە، کەوابوو لە ئێران پشێوییە. ئەو ڕێژیمە هێچ ڕێگاچارەیەک، هیچ پرۆژەیەکی نییە کە قەیرانەکانی ناوخۆی ئێران چارەسەر بکا. بۆیە هەوڵ دەدەن تا ناسەقامگیریی لە ناوچەدا دروست بکەن و بە خەڵکی ئێران بڵێن کە لەدەرەوەی سنورەکانی ئێران دوژمنی زۆری لێن کە هەڕەشەمان لێ دەکەن. بە مووشەکباران کردنی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوان پەیامێکی زۆریان هەبوو بۆ ناوچە. یەکەم، ئەوان هێرشیان کردە سەر حیزبی ئێمە چونکە حیزبی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانە کە پشتیوانی جوڵانەوەی مەدەنی لەناوخۆی کوردستانی ئێران دەکا کە لە ماوەی سێ چوار ساڵی ڕابردوودا دەرفەتێکی مەزن بووە بۆ کوردەکانی
















Centre for Kurdish Progress
kurdishprogress.org
The Centre for Kurdish Progress is an independent organisation launched in June 2014 with the focus on Kurdistan and Kurdish people both in the UK and internationally.
Follow us on Twitter/KurdishOrg
Missile attack by Iranian revolutionary
on the Headquarters of Kurdistan Democratic Party
(KDP Iran) in Koysanjaq and execution of activists in Iran
(8 September 2018)

ئێران دژی ڕێژیمی ئیسلامیی. دووهەم، ئەوان دەیانهەوێ پەیامێک بدەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وەک زلهێزێکی ئەو ناوچەیە و بۆ وڵاتانی ناوچە بنێرن کە ئەو ڕێژیمە توانایی ئەوەی هەیە کە مووشەک باوێ، ئەگەر پێویست بکا تەقریبەن مووشەک بە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بنێ.

بۆچی ئەوان تەنیا حیزبی ئێمەیان هەڵبژارد؟ لەبواری تەکنیکی سەربازییەوە ئەوان حیزبی ئێمەیان هەڵبژارد چونکە حیزبی ئێمە هیچ مووشەکی نییە کە بە بەرەو تارانی بنێرێ. چونکە ئێمە وڵات نین کە بتوانین پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. ئێمە تەنیا حیزبێکی سیاسین کە دەتوانین دەنگی کوردی ئێران بەرز بکەینەوە.

بنکە سەرەکییەکە لە کوێیە؟ بنکەکە قەڵایە کە لە نزیک شاری کۆی سنجق هەڵکەوتووە. ئەم قەڵایە شوێنی دامەزراوە جیاوازەکانی حیزبە، یەکیەتی لاوان، یەکیەتی ژنان، ڕێکخراوی منداڵپارێز و ڕێکخراوی پزیشکی و هەموو ڕێکخراوی ئەوتۆ کە خزمەت بە ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی لەو قەڵایەدا دەکەن.

کێ لەو قەڵایەدا کوژرا؟ ٦ کەس لە هاوکارەکانی من، لە کاتێکدا کە هەموومان لە دەوری مێزێک دانیشتبووین و باسی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە و دێموکڕاتیک بۆ پرسی کورد لەو ناوچەیەمان دەکرد. لەناو ئەوانەی کە بریندار بوون ژن و منداڵی تێدان، ئەوان لە حەوشەی قەڵا بوون. کەوابوو قەڵاکە بنکەی سەرەکیی مەدەنی ئێمە بوو بۆ چالاکییەکانی ئێمە.

کاردانەوەی ئێران چی بوو؟ لە ٩ی مانگی سێپتامبر سپای پاسداران ڕایگەیاند کە مووشەکیان بە بنکەی سەرەکیی ئێمەوە ناوە و ئەوان ئیعترافیان پێکرد و قبووڵیان کرد کە ئەو کارەیان کردووە. ئەوە یەکەم جارە دوای شەڕی ئێران-عێراق کە ئێران مووشەکی ئەرد بۆ ئەردی مەودا درێژ باوێ و ئەوە یەکەمجار بۆ هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب کەڵکی لێ وەرگیرا.

کاردانەوەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی چی بوو؟ تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر میدیای فارسی، کوردی، عەرەبی و ئینگلیسی، ئەوان لەڕاستییدا باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە. تەنانەت میدیای ئێرانیش زۆر باسیان کرد. لە پەیوەندیی لەگەڵ کاردانەوەی سیاسی، ئێمە شاهیدی زۆر وڵات و حیزبی سیاسی بووین کە هاوپەیوەندییان لەگەڵ نیشان داوین و کارەکەیان ، ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوم کرد. تەنانەت نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە توێی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیکی هەیلی، هێرشەکەی ئێرانی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی مەحکوم کرد. کێ کێیە لەو هاوکێشەدا و لایەنەکانی ئەو هاوکێشە و ئەو سێناریۆیە کامانەن؟ وەک باسم کرد لایەنێک گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و لایەنەکەی دیکە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەو هێرشەی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب کرد، بەڵام پەرچە کرداری گەلی کورد چی بوو؟ ١٢ی سێپتامبر زۆرینەی خەڵکی کوردی ئێران لە کاردانەوەیەکی بەربڵاودا دووکانەکانیان داخستن، لە ماڵەکانیان مانەوە و پەیامێکی ئاشکرایان نارده تاران. لەوانەیە ئێران بنکەی سەرەکیی ئێمە لە داهاتوودا بکاتە ئامانج هەر وەک پێشووش ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئێران ناتوانێ ١٠ میلیۆن کوردی ئێران بکاتە ئامانجی مووشەک. کەوابوو مووشەک، کردەوەی تێرۆریستیی لەلایەن ڕێژیمی ئێران دژی گەلی کورد و دژی حیزبی ئێمە ڕێگاچارە نییە. تا ئەو جێیەی مافە نەتەوەیی، ئەتنیکی و دێموکڕاتیکەکانی خەڵکی کورد لە ئێران ڕێزی لێ نەگیرێت، خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ، خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ و دڵنیام، دڵنیام کە سەرهەڵدان لە ئێران، و قەیرانەکان لە ئێران، و لەوانەیە یەکیەتی لەناو حیزبە سیاسییەکان بە کورد و غەیرە کوردەوە بە بێ لەبەر چاوگرتنی جیاوازیی پێشینە و جیاوازییەکانی ئایدۆلۆژی و ئایینی دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. ئەو ڕێژیمە ناتوانێ بەو شێوە درێژەی هەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێژیمێک کە خۆی بەرامبەر بە خەڵکی خۆی بەرپرسیار نازانێ، ئەو ڕێژیمە ڕێز لە یاسا ناونەتەوەییەکان ناگرێ و ئەو ڕێژیمە ڕێز لە سەروەریی عێراق وەک جیران ناگرێ و مووشەک بەوڵاتێکی دراوسێوە دەنێ، و من پێموایە ئەوە تەنیا سەرەتای بڕیاری ئێرانە بۆ درێژە پێدان بە قەیران، قەیرانی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکا، بۆ ئەوەی کە ئەو قەیرانانە لە وڵاتانی دیکەدا دروست بکا. چی دەقەومێ ئەگەر ئێران بەرەوڕووی مەحکوم کرانی ناونەتەوەیی نەبێتەوە، چی دەقەومێ ئەگەر هەرکام لەو مووشەکانە بە چەکی شیمیایی تەیار بکرێن؟ چی دەقەومێ ئەگەر هەرکام لەو مووشەکانە لە بەغدا وە ئەردی بکەوێ، لە عەرەبستانی سعودی، لە ئیسرائیل، یا لە هەرکام لەوڵاتانی ئەو ناوچەکە؟ چونکە ڕێژیمی

ئێران لە کاتێکدا کە بەروەڕووی ئەو قەیرانە قووڵە بۆتەوە، هەموو شتێک دەکا بۆ دروست کردنی قەیرانی زۆرتر لە دەرەوەی سنووری ئێران. ئێران هەوڵ دەدا ئەو پەیامە بە خەڵکی خۆی بگەیەنێ کە تەقریبەن هەموو وڵاتانی ناوچە، هەموو ئایینەکان و هەموو چالاکییەک دژی ئێرانە. هەوڵ دەدەن دوژمنێک بۆ خەڵکی ئێران دروست بکەن و پێیان بڵێن ئێمە دەبێ پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران داکۆکی لە خەڵکی ئێران ناکا، تەنیا دەیانهەوێ کەمێکی تر درێژە بە ژیان بدەن، ئەوان تەنیا داکۆکی لە خۆیان دەکەن و دەیانهەوێ بە دروست کردنی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا خۆ لەو قەیرانە دەرباز بکەن و لەوانەیە شەڕیک لەو ناوچەیەدا هەڵایسێنن. ڕێژیمی ئیسلامیی بەرهەمی شەڕ، بەرهەمی تێرۆر و بەرهەمی ناسەقامگیرییە، بۆیە لەوانەیە کەڵک لەو دۆخە وەرگرن و کەڵک لە هەموو شتێک بۆ دروستکردنی ناسەقامگیریی لەو ناوچەیە وەردەگرن.

لە کۆتاییدا ئێمە چاوەڕوانین کە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و بەتایبەتی حیزبی کار وەک حیزبێکی مەزن لە بریتانیا لە ڕێگای دۆستەکانی لە سۆسیالست ئینتێرناسیۆنال پرسی کورد بەرز بکاتەوە بەتایبەتی بەرپەرچی هێرشی مووشەکیی ئێران بداتەوە کە ئەوە لە داهاتوودا قبوولکراو نییە. تەنیا، تەنیا، تەنیا دەمهەوێ جارێکی دیکەش ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر هەرکام لەو موشەکانە بە چەکی شیمیایی تەیار بکرێن، لە داهاتوو دا چی دەبێ؟ بۆیە دەبێ ئێران دەبێ بەرەوڕووی کەمێک بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی ببێتەوە و من هیوادارم کە حیزبی کار ئەو مژارە لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا باس بکا و ئەو پەیامەیان پێ بگەیەنێ، حاڵییان بکا کە ئێران گەمەیەکی ترسناک لەو ناوچەیەدا دەکا. نابێ بێ جواب بمێنێتەوە.

**گەلێک سپاس**








# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی بەرینی سیاسی- تەشکیلاتی بۆ بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە ئۆسلوی وڵاتی نۆروێژ

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی سێتامبری ٢٠١٨ی زایینی بەرامبەر بە ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی بەرین بۆ هەموو کومیتەکان و بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوە وڵات بەڕیوە چوو.

ئەو کۆبوونەوە بە سەرپەرستی کومیتەی بەڕیوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوە وڵات و بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی ڕێبەری حیزب و بەرپرس و ئەندامانی کومیتەکانی حیزب لە ئەمریکا، ئوسترالیا، کانادا ، نیوزلەند و ئوروپا و، نەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری، لە شاری ئۆسلۆ،ی پایتەختی وڵاتی نۆروێژ ڕێکخرا.

تەوەری سەرەکی باسەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە پێداچوونەوە بە سیستەم و قەوارەی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت دوای هێرشی موشەکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ قەلای دیموکرات و شەهید و بریندار بوونی کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی حیزبیمان. هاوکات راوێژ و باس لەسەر دارشتنی پلان و بەرنامە بۆ وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان و خۆ ئامادە کردن بۆ ڕووبەوەڕوو بوونەوەی هەر ئەگەر و گۆڕانکارییەک کە لە داهاتوو دا لە ناوچەکە و ئێران بێتە پێش.

کۆبوونەوە کاتژمێر ٨.٣٠ خولەکی بەیانی بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان حیزب و گەل، بەتایبەت شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێمۆکرات، دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز سەعید بەگزادە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات باسێکی لەسەر مەبەست و ئەرکەکانی ئەم کۆبوونەوە و تەوەری باسەکانی پێشکەشی بەشداران کرد. سەعید بەگزادە، دەبەشێک لە باسەکانیدا، ئاماژەی بەوەدا کە ئەم کۆبوونەوە بەشی زیاتری تەرخان دەکرێ بۆ راو و بۆچوونی هاورێیانی کۆمیتەکانی وڵاتەکان کە، لەسەر ئەو خاڵانەی پێشتر بۆیان بەرێ کرا بوو، راو بۆچوونی خۆیان بۆ داهاتوی کاری حیزبی لە دەرەوەی وڵات ، دەگەڵ یەکتر تاو و توێ بکەن و، کۆبەندی باسەکان ببێتە هەوێنی کاری داهاتومان لەدەروەی وڵات. بە دوای ئەو دا بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی ، ئەندامی دەفتەری سیاسی وبەرپرسی کومیتەی بەرێوەبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی جیهان و ناوچە و کوردستان بۆ بەشداران دوا و تیشکی خستە سەر بارودۆخی حیزبەکەمان، بە تایبەت لە دوای موشەکبارانی قەلای دیموکرات. هەروەها لەسەر ئەرک و بەرپرسیایەتییەکان، ڕاسپاردەکانی ڕێبەری حیزب و کاروچالاکی کومیتە و ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی ولات بە وردی لە لایان بەرێزیانەوە هاتنە بەرباس. هاوکات





کوتی که تێکۆشانی ئەو ماوەی هاورێیانی دەرەوەی وڵات نیشانەی بەهێزی حدک ، هەست بە بەرپرسایەتی ئەندامانی حیزبەکەمانە. دەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێک ڕاسپاردەی نێوخۆیی بۆ هاورێیانی بەرپرس هێنایە بەرباس.

لە بەشی دووهەمی ئەو کۆبوونەوەیە دا هاورێ خالید عەزیزی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە سیاسەت و ڕێکارەکانی حیزب لە وەرزی داهاتووی خەباتمان دا پێشکەش کرد. بەڕێز عەزیزی لە سەر پەیوەندی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووا و هاوکات تیشکی خستە سەر سیاسەتەکانی حیزبمان لە پەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان. بەڕێزیان بۆ جارێکی دیکە پێی لە سەر خەباتی فرە ڕەهەندی حیزب و پشتگیری لە خەباتی جەماوەری لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرتەوە. بەڕیزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا سپاسی هەموو ئەندامانی حیزبی کرد کە لەکاتی موشکبارانی قەڵای دیموکرات دا بەوپەڕی یەکگرتوویی و بە وزە و ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە شانیان دایە بەر باری قورسی شەهید و بریندار بوونی هاورێیانمان و بە خەباتی بێوچان و وەڕێخستنی خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە، بۆ جارێکی دیکە نیشانیان دا کە حیزبی دیموکرات خاوەن هیزێکی لە بن نەهاتووە و بە پشت ئەستوور بە پشتیگیری جەماوەری و کەڵک وەرگرتن لەو هیز و وزەی هەیەتی دەتوانی لە داهاتوو دا سوکانی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە دەست.

بەڕێز خالید عەزیزی سپاسی خەڵکی کوردستانیشی کرد کە بە مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دا وەڵامیکی توندی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان دایەوە و نیشانیان دا کە خەڵک و پێشمەرگە دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و سەرەڕای ئەو هە موو زەبر و زەنگ و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامە، بەڵام خەڵکی کوردستان هەڵوێستی ڕوونی خۆیان بەو ڕژیمە نیشان دایەوە.

تەوەرێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوە سیاسی- تەشکیلاتی،بە تەرخان کرا بۆ پێداچوونەوە بە کاروباری دارایی و داڕشتنی پلان و بەرنامە بۆ باشتر کردنی باری دارایی حیزب، کە لەو بەشەش دا هاورێ ڕەحیم محەممەدزادە، بەرپرسی بەشی دارایی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هاورێیانی کومێسیۆنی دارایی بەرنامەی پێشنیار کراوی خۆیان بە هاورێیانی بەشدار ناساند و داوای پشتگیری و هاوکارییان لە کومیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات خواست.

هاورێیانی بەرپرس، لە کۆتایی باسەکانی بەشداراندا، سەرنج و پرسیاری هاورێیانیان وڵام دایەوە.

پاش زیاتر لە ١٤ کاتژمێر کاری بەردەوام، کۆبوونەوەی بەرینی سیاسی تەشکیلاتی لە ناو دڵخۆشی بەشداران و نوێ کردنەوەی پەیمان وبەڵێن بۆ خوێنی شەهیدەکانمان کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پێویستە لێرە دا سپاسی گەرم ئاراستەی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ بکەین کە ئەرکی خانەخوێی ئەو کۆبوونەوەی گرتە ئەستۆ.

**کومیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**لە دەرەوەی وڵات**

# سمینارێکی ئاکادیمی بۆ کۆمەڵێك ئەکادیمیستی کورد لە زانکۆکانی بەریتانیا و کوردستان لە لایەن ناوەندی کولتووری و فەرهەنگی کوردستانی ڕۆژهەڵات

ناوەندی کلتوری و فەرهەنگی کوردستانی رۆژهەڵات ڕێکەوتی ١٣ ئۆکتۆبری ٢٠١٨ لە کلیسای سەوزی ئیلینگ سمینارێکی ئاکادیمی بۆ کۆمەڵێك ئەکادیمیستی کورد لە زانکۆکانی بەریتانیا و کوردستان پێك هێنا

بەرێزان:

پروفیسۆر کۆچەر بیرکار خاوەنی خەڵاتی سالی ٢٠١٨ فیلْدز بۆ بیرکاری.

دوکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین

بەرێز ئەحمەد کارە

بەرێز بەهمەن رۆستەمی تەبار

بەرێوەبەری بەرنامە کاک بەختیار مەحمەد جێگری شارەوانی کینزیگتۆن و چەلسی لەندەن

بابەتی سمینارو و باسەکان لەسەر ئەوە بوون کە چۆن ئاستی خوێندنی باڵا لە کوردستان بەرزکەینەوە و چۆن رووبەرووی گرفتەکان ببینەوە؟

ئامانجی سمینارەکە وتوێژ بوو لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕێگەی تازە بۆ سەرخستنی ئاستی ئاکادێمیك لە کوردستان و پەیوەندیدانی ئەکادێمیستانی کورد لە زانکۆکانی بریتانیا و تاراوگە بەهاوتەریب و هاوتاکانیەوە لە زانکۆکانی کوردستان.

لە سمینارەدا هەرکام لەبەرێزانی بەشدار بوو روانگەو بۆچونی خۆیان لەبوارە جیا جیاکاندا خستەروو و باس و لێدوانی لەسەر کراو هەروەها بەرێز کۆچەر بیرکار راوبۆچونی خۆی لەسەر شێوەی بەرێوەبردن وانەکان لە زانکۆکانی کوردستان و ئیمکانات و رێگە خۆش کردن بۆ خوێندکارانی کورد بۆ رەخساندنی گەشەکردن و پێگەیاندنیان لەهەموو بوارەکان. لەسەر خۆی و ژیان و بەسەرهات و خۆپێگەیاندنی باسێکی بۆ بەشداربووان کرد.

دوکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر زانکۆکانی کوردستان و هەروەها خوێندکاران و ئەو خۆێندکارانەی رەوانەی دەرەوە کراون بۆ ئیدامەی خوێندن و خۆپێگەیاندنی زیاتریان باس و لێداوانێکی پێش کەش کرد.



جێگای ئاماژەیە کە لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد دزەیی و دوکتۆر خەتاب شێخانی بەنوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەلاتی رێزلێنانی زانکۆی سەلاحەدین حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێشکەشی پروفیسۆر کۆچەر بیرکار کرد و هەروەها بانگێشتی بەرێزیانی کرد بۆ کوردستان.
بەرێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا و کاک کەیوان رەسولی بەشداری سمینارەکە بوون و لەنیزێکەوە لەگەل کۆرگێرانی سمینارەکە ئال و گۆری بیروڕایان کرد.
جێگای ئاماژەیە کە بەشێکی بەرچاو لە خوێندکارو رەوەندی کوردی لەبریتانیا ئامادەی سمینارەکە بوون.
ئەم سمینارە دەکرێ بەیەکێك لەکارە سەرکەوتووەکانی ئەم ناوەندە بنرخێندرێت و کارەکەیان جێگای دەست خۆشانە بوو.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**


















# هاوکات دەگەڵ چلەی ماتەمینی شەهیدانی ١٧ی خەرماناندا، لە پەرلەمانی بریتانیا، گرووپی پارلەمانتارانی بریتانیایی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا

رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ زایینی، بەمەبەستی دامەزراندنی گرووپی پارلەمانتارانی بریتانیایی بۆ رۆژهەڵات و باکور و رۆژئاوای کوردستان، لە پەرلەمانی بریتانیا کۆبوونەوەیەک بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەم کۆبونەوەیە بە وتەیەکی بەڕێز «لۆید راسێل مۆیل» ئەندامی پارلەمانی بریتانیا دەستی پێ کرد و کورتەباسێکی لەسەر گرووپی پارلەمانتارانی پارلەمانی بریتانیا بۆ کاروباری باشوور کوردستان پێشکەش کرد و هەر لەو پیوەندییەدا دوو پێشنیاری خستە روو کە یا ئەو گرووپە گەورە بکرێتەوەو بەشەکانی تری کوردستانیش لەخۆ بگرێت، یا ئەوەی کە بەجیا و بۆ هەرکام لە رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوای کوردستان گرووپی تایبەت بە خۆیان هەبێت و گرووپێك بە ڕەزامەندی و بەپێی پسپۆڕیی پارلەمانتارانی بریتانیایی پێک بێ. دوای باس و راوێژ و لێکدانەوەی ئەو بابەتە،بەشدارانی کۆبوونەوە بڕیاریان دا کە بۆ هەر بەشەی کوردستان گرووپی تایبەت پێک بێ و هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵگیرێ.

ئەندامانی پارلەمانی بریتانیا کە بەشداری ئەو کۆبونەوەیە بوون، بریتی بوون لە بەڕێزان:

١- لۆید راسێل مۆیل
٢-خاتوو کەیتی ئۆسامەر
٣-کریس ویلیامسۆن
٤-ساندی مارتین
٥-کریس ستێفن
٦-لۆرد مۆریس گلاسمەن
٧- لۆرد هایلتۆن

جێی ئاماژەیە کە چەندین ئەندام پارلەمانی دیکە ئامادەگییان دەربڕیوە بۆ ئەو کارەو لە کۆبوونەوەکەدا نێویان خۆیندرایەوە و بڕیارە لە کۆبونەوەکانی داهاتوودا



لەگەڵ ئەندامانی تری پارلەمانی بریتانیاش وتوویژ بکرێت و بەپێی پسپۆری و شارەزایی خۆیان لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەسەر گرووپەکاندا دابەش بکرێن و دوای رەزامەندی و واژۆی ئەو پارلەمانتارانە لەلایەن پارلمانی بریتانیاوە، سێ گرووپی پارلەمانتاری بۆ هەرکام لە رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوا بە فەرمی دەست بە کارەکانی دەکات. بەڵام پێشوەخت لەو کۆبوونەوەدا بەرێزان «ساندی مارتین» بۆ گرووپی رۆژهەڵات و خاتوو «کەیتی ئۆسامەر» بۆ باکوور و «لۆید راسێل مۆیل» بۆ رۆژئاوای کوردستان وەک بەرپرس دیاری کران و بۆ دەسپێك، بە تێکرای دەنگ بەرێز کاک «ئیبراهیم دۆگوز» بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

لەم کۆبوونەوەدا، جگە لە بەرێز «مەولوود سوارە» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەری بەشێك لە حیزب و لایەنەکانی باکوور و رۆژئاوای کوردستانیش ئامادە بوون.

شایانی باسە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژ ساڵە لە هەوڵی ئەوەدایە کە هاوشێوەی گرووپی پەرلەمانتارانی بریتانیایی بۆ باشووری کوردستان، گرووپێکی ئەوتۆش بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێ، لەو پەیوەندییەشدا، رۆژی پێنجشەممە ١٣ی سپتامبری ٢٠١٨ نوێنەر حیزب لە بریتانیا بەرێز «مەولوود سوارە»، دانیشتنێکی دەگەڵ گرووپی پەرلەمانتارانی بریتانیا بۆ باشووری کوردستان پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەدا، پێداگری لەسەر دامەزراندنی گرووپێکی تایبەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە و هاوکات دەگەڵ ئاماژەدان بە هێرشی مووشەکیی ٨ی سپتامبری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهیدبوونی ١٤ کەس لە رێبەران و کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە و هاوکات برینداربوونی زیاتر لە ٤٠ کەس، نەبوونی گرووپی تایبەت بە رۆژهەڵاتی بە گرفتێکی گەورە لە قەڵەم دا و روونی کردەوە کە پێویستە دەنگ و رەنگی رۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزراندنی گرووپێکی تایبەت لە پەرلەمانی بریتانیا و شوێنە پەیوەندیدارەکان، جێگە و پێگەی خۆی هەبێ و نادیدە نەگیرێ. هەر ئەو کات بڵێن درا کە دەگەڵ ئەوەیدا ئەو بابەتە لە بەرنامەی کارییاندایە، بەڵام هەنگاوی بەپەلەی بۆ باوێژن و بیخەنە بواری کردەییەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**
**١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨**









# دیداری نوێنەری حیزب لە پارلمانی بریتانیا

ناوەندی هەواڵ-بریتانیا: ڕێکەوتی ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ بەڕێز مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب سەردانی پارلمانی بریتانیای کرد و لەگەڵ بەڕێز ساندی مارتین ئەندامی پارلمانی بریتانیا کۆبۆوە. لەم کۆبوونەوەیەدا دوو لایەن باسیان لە ڕووداوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست و هەروەها هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و شەهید بوونی ١٤ئەندامی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەی حیزبەکەمان کرد.

لەم دانیشتنەدا نوێنەری حیزب لەسەر هێرشی موشەکی بۆسەر کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها لەسەر هەلسوکەوتی کۆماری ئیسلامی، ملیتاریزە کردن و ئیعدام و گرتن و کوشتنی کۆڵبەرانی کورد و نانەوەی ناسەقامگیری و نائارامی بۆ خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوا.

جێگای ئاماژەیە کە بەڕێز ساندی مارتین ئیستا بەرپرس و سەرۆکی گروپی پارلمانتارانی بەریتانیایە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرێزیان لەم دانیشتنەدا بەپەرۆشبوونی خۆیان لە ئاست دەنگ نەدانەوەی ئەو کردەوە گەورەیەی دژی حیزبی دێموکرات لە میدیاکان و لە ئاستی نێونەتەوەی‌دا دەربڕی و رایگەیاند ئەم کارەسات و خەسارە گەورە ئەوجۆرەی پێویست لە میدیاکاندا گرنگیی پێ نەدرا. هەرلەم پیوەندیەدا بەلێنی دا کە یارمەتی دەرو هاوکار بێت بۆ گەیاندنی دۆزی رەوای گەلەکەمان بە شوێنەپیوەندیدارەکان.

هەروەها لەم دانیشتنەدا نامیلەکەی هێرش بۆسەر قەلای دێموکرات و بەشێك لە کارنامەی ڕەشی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لەژوورەوە و دەرەوەی کوردستان، لیستی زیندانیانی سیاسی، نامیلکەی شەوی یەلدای خوێناوی، ناساندن و زانیاری لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەشێك لەڕاگەیندراوەکانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و هەروەها تیرۆرکردنی فەرماندەی بەوەجی حیزبەکەمان شەهید قادر قادری پێشکەشی بەڕێزیان کرا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**





# بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنگرەی شوورای نەتەوەی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز (شورای میللی نیروهای مبارز احواز)

ئەمرۆ ڕێکەوتی ٢٤ی نوامبری ٢٠١٨ لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات بەرێز مەولوود سوارە بەهاوڕێیەتی کاک کیوان ڕەسولی بەشداری کۆنگرەی شوورای نەتەوەی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز (شورای میللی نیروهای مبارز احواز) یان کرد و لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری حیزب لەبریتانیا پەیامی سکرتێری گشتی حیزبی پێشکەشی بەشدار بووان کرد.

**ئەوەش دەقی پەیامەکەیە:**

**پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شووڕای نەتەوەیی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز (شورای میللی نیروهای مبارز احواز)**

بە نوێنەرایەتی لەلایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتان کە بە کۆنگرەی دەوڵەتی ئێران و جیناتە تێرۆریستییە بێ سنوورەکانی (دولت ایران و جنایتهای تروریستی فرامرزی آن) ناودێر کراوە، جوانترین پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و هیوادارم کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی بهێنێ و ئامانجەکانی وەدی بێنێ.

زۆر خۆشحاڵ دەبووم لە نیزیکەوە بەشداری یەکەمین کۆنگرەی دۆستانمان، شووڕای نەتەوەیی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز بوایەم، بەڵام لەبەر هەلومەرجی تایبەت لە کوردستان بەداخەوە بۆم نەکرا حزووری ڕاستەوخۆم هەبێ. بۆیە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا ڕادەسپێرم بە نوێنەرایەتیی ئەمن و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی لە کۆنگرەکەتاندا بەشداری بکا و سڵاوی گەرمی ئێمەتان پێ بگەیەنێ.

**دۆستانی بەرێز!**

دەبینین کە شووڕای نەتەوەیی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز بە تیشک خستنەسەر جیناتە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هیچ سنوورێکی نەناسیوە کۆنگرەی خۆی دەگرێ، وە بە حەق ئەمە دەربڕین و ئاماژەیەکی زۆر ڕاستە و لەجێی خۆی دایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لەو ڕۆژەوە کە هاتووەتە سەر کار بە تێرۆر، گرتن، زیندانیکردن، ئەشکنجە و ئێعدامی



خەباتکارانی خەڵکی ئێران بە تایبەتی لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە وەک کورد، عەرەب، بلووچ و تورکەمەن، جینایەتگەلی زۆر سامناکی خوڵقاندووە. ئەم ڕێژیمە باشترین تێکۆشەران و ڕێبەرانی بزووتنەوەی سیاسیی ئێرانی تیرۆر و ئێعدام کردوە، بە جۆرێک دەکرێ بڵێین تیرۆر و لەنێوبردنی ئێرانییەکان لە دەرەوەی سنوور تەنیا گۆشەیەکی بچووکی جینایەتەکانی ئەم نیزامەیە. ئەم ڕێژیمە ئێستاش هەر وا بە شێوەیەکی نادێموکراتیک و سەرەڕۆیانە بە سەر خەڵکی بەڵالێدراوی ئێراندا حوکمەت دەکا و، لە سۆنگەی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە نابەرپرسیار و دژی گەلییەوە؛ خەڵکی وڵات بەرەوڕووی قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مەعیشەتی بوونەتەوە. سەرووەت و سامانی زۆر و زەوەندی ئێران لە جێگای ئەوەی بۆ ئاوەدانیی وڵات و خۆشبژێوی خەڵکەکەی تەرخان بکرێ، خەرجی دەزگای سەرکوت و دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی ناوچە دەکرێ؛ سیاسەتێک کە لە نێوخۆی وڵاتدا تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و بە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانیش گەورەترین مەترسیی هەر بۆ سەر ئەم خەڵکە درووست کردووە و دوور نییە لە سۆنگەی ئەم ڕەفتار و کردەوانەی ڕێژیمەوە ئێران بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەری دیکە بچێ و بەهۆی ئەوە خەڵکی ئێران تووشی نەهامەتی و نائەمنیی زیاتر ببن.

### دۆستانی خۆشەویست!

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە باوەری تەواوی بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان هەیە، لە پێناو مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستانی ئیراندا، زیاتر







له ٧٣ ساڵه تێ دەکۆشێ. دروشمی سەرەکیی حیزبی ئێمە «دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا»یە و، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو شێوەکانی خەباتی سیاسی، ڕێکخراوەیی، دیپلۆماسی، جەماوەری و پێشمەرگانە کەڵك وەردەگرێ و جیددیترین پشتیوانی بزوتنەوەی خەڵک و چالاکیی مەدەنی لە وڵاتە. وە هەر لەم ڕوانگەیەوە دەروانێتە جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیکی فیدارال لە ئێراندا و دابینکردنی هەموو مافێکی نەتەوایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی، دینی و مەزهەبی لەم وڵاتەدا و؛ بە مافی ڕەوای هەموو ئەم نەتەوە و جۆراوجۆرییانەی دەزانێ خەبات و تێکۆشانیان بۆ مافەکانیان هەبێ. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بە ڕێزەوە دەروانینە تێکۆشانی «شوورای نەتەوەیی هێزە خەباتکارەکانی ئەحواز». بۆیە داوای سەرکەوتنتان لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەکەم و، ئارەزوو دەکەم خەڵکی عەرەبی احواز لە سایەی خەباتی شێلگیر و مافخوازانەی خۆیاندا سەرجەم مافە نەتەوایەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەدی بێنن.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گۆڕینی نیزامی نادێموکراتیکی ئێران و جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیک کە تێیدا مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا دابین کرابێ، ئامادەیە لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییە دێموکراتیکەکان هاوکاریی هەبێ، بە تایبەت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران و باوەڕمان وایە کە یەکیەتی، هاوکاری و هاوپێوەندیی ئەو هێزانە زامنی چەسپاندنی دێموکراسی لە وڵات و دابینکردنی مافی پێکهاتەکانە.

جارێکی دیکەش بە نوێنەرایەتیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەتان لێ دەکەم و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**مستەفا مەولودی**
**٢٤ی نوامبری ٢٠١٨**



# کار و
# تێکۆشانی
# حیزبی دێموکراتی
# کوردستان
# لە بریتانیا
# ٢٠١٩

# ماڵئاوایی لە کادر و فەرماندەی حیزبەکەمان کاك کەماڵ بەدری

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی جانیوێری ٢٠١٩ی زایینی، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کە لە وڵاتانی سکاندیناوی و ئوروپاوە هاتبوون و چەندین کەسایەتی سیاسی و نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی، لە شاری لەندەن،ی پایتەختی وڵاتی بریتانیا و لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی ئەم شارە، تەرمی هاوڕێی ئازیز و کادری لێهاتوو و خۆشەویستی حیزبەکەمان کاک سەید کەماڵ بەدری بە خاک سپێردرا.

سەرەتا کۆڕی یاران لە سەر تەرمی هاوڕێ سەید کەماڵ بەدری کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بۆ دوایین جار ماڵئاوایی لەو هاوڕێ خۆشەویستەیان بکەن. پاشان سندووقی هەڵگری تەرمی سەید کەماڵ لە لایەن هاوڕێی و دۆستانیەوە بەئالای پیرۆزی کوردستان ڕازێندرایەوە و تاجە گولینەی وەفاداری لەسەر بەر دەم تەرمەکەی دانرا. ئینجا ڕێورەسمەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێ سەید کەماڵ و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن هاوڕێ مەولوود سوارە یەکێك لەدۆستە نیزیکەکانی لەگەڵ بەخێرهاتنی دۆستان و میوانەکان، پەیامی حیزبی دێموکراتی







کوردستان لە بریتانیا پێشکەشی ئامادەبووان کرد. بە ئەو دا تێکۆشەری دێرینی و ئەندامی پێشووری ڕێبەری حیزب هاوڕێ سدیق بابایی کە چەندین ساڵ لەگەڵ هاوڕێ کەمال بەدری پێکەوە پێشمەرگە بوون، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێز بابایی باسی لە ئازایەتی، قارەمانەتی، لێزانی و دڵسۆزی سەید کەمال کرد و مەرگی ئەو خۆشەویستەی بە خەسارێک بۆ گەل و بزووتنەوەی کوردایەتی ناوبرد. ئینجا هاوڕێ ئیرەج سامی کادری دێرین و یەکێک لە هاوڕی نزیکەکانی سەید کەمال هۆنراوەیەک کە لە کاتی ژیانی دا وێردی زمانی سەید کەمال بوو، لە سەر گۆڕەکەی خوێندەوە و پێشکەشی کرد بە ڕۆحی نەبەزیوی ئەو هاوڕی ئازیزەی.

جێگەی ئاماژەیە کە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی سەید کەمال دا چەندین کەس لە هاوڕێ بیانیەکانی ئامادە بوون. هاوڕێ مەولوود سوارە وێڕای دەربرینی سپاس و پێزانینی خۆی و حیزبی دیموکرات بۆ ئامادە بوونیان، داوای لە خاتوو « هایکی » کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە نزیکەوە هاوڕیی سەید کەمال بوو کرد کە بە ناوی خۆی و هاوڕێیانەوە وتەیەک پێشکەش بکا. خاتوو هایکی وێڕای دەربڕینی سپاسی خۆی و هاورێکانی، لەگەڵ یەکێک لە ڕفیقەکانی گۆراییەکیان پێشکەش بە ڕۆحی سەید کەمال کرد، کە لە شەوی کریسمێس دا خوێندبوویان و سەید کەمال سەرەڕای نەخۆشی و نارەحەتی بەڵام زۆری پێخۆش بوو.

ڕیورەسمی بە خاکسپاردن و دوایین ماڵئاوایی لە هاوڕێ سەید کەمال بەدری بە چەند وتەیەکی هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب دیموکراتی کوردستان کۆتایی پێ هات، کە تێدا وێڕای سپاس و پێزانین بۆ ئامادە بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕی و دۆستانی کە لە چەندین وڵاتی ئوروپاییەوە ڕوویان لە شاری لەندەن کردبوو، بۆ جارێکی دیکە یادی سەید کەمال بەدری بەرز ڕاگرت. پێویست بە ئاماژەیە کە کاک سەید کەمال بەدری یەکێک لە فەرماندە و کادرە بە وەج و لێهاتووەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ۳۱ی دەسامبری ۲۰۱۸ی زایینی، پاش چەندین مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، چاوە پڕ لە هیوا و ئاواتەکانی لە سەر یەک دانا و ماڵئاوایی لە گەل و حیزبەکەمان کرد.

ئەوەش دەقی پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە لە سەر گڵکۆی سەید کەمال خوێندرایەوە:

دۆستان، هاورێیان و ئازیزانی خۆشەویست!

لەدەوری یەکدی کۆبووینەوە هەتا هاورێیەکی بەوەفا، پێشمەرگە و قارەمانێکی دیکەی میللەتەکەمان ، بە هەموو رێز و وەفاوە بەرەو مەنزڵگەی ئەبەدی خۆی بەرێ بکەین. هەمومان وەک ئەرک و وەزیفەی گشتیمان، هەریەکەو لە گۆشەیەکی وڵاتانی لێک دووررا، هاتوین خەمی لەدەستدانی هاورێمان کاک سەید کەماڵی بەدری، ئەو پێشمەرگە و فەرماندەیەی کە هەموو تەمەنی خۆی پێشکەشی خەباتی رزگاری خوازانەی میللەتەکەی و حیزبەکەی کرد، دەگەڵ









یەکتر بەش بکەین.

کاک سەید کەماڵ، ڕۆڵەی بەوەفای حیزب و میللەتەکەمان، بۆ هەموومان وەک یەک جێگای ڕێز و خۆشەویستیە و هەمومان وەک یەک داخدار و خەمباری کۆچی ئەم ئازیزەمانین، بەڵام کۆڕێک لە هاوڕێیانی زۆر نزیکی کاک سەید کەماڵ لە ڕێگای زۆر دوورەوە بۆ دوایین دیداری ئەم خۆشەویستە، شەو و ڕۆژیان بڕی و گەیشتنە لای. ئێزن دەخوازم لێرە بە ناوی هەموان دەپێشدا سپاسگوزاری ئەوان بم و پاشان بە دڵەوە هەموو لایەکتان بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە پیرۆزە بەخێر هاتن بکەم.

ئەمرۆ، پێشمەرگەیەک، فەرماندەیەک، ڕازدارێک وکەسێک بەرێ دەکەین کە بە دەیان پێشمەرگە کە زامی برینی دوژمنیان بە لەشەوە بوو، بە دەستە پڕ لە خۆشەویستی و لێ زانی ئەو، لە مەرگ ڕزگاریان بووە.

ڕۆڵەکانی خەباتکاری میللەتەکەمان هەر هەمویان بۆ هەموومان جێگای ڕێز و خۆشەویستین، بەڵام تایبەتمەندێک کە کاک سەید کەماڵ لە زۆربەمان جیا دەکاتەوە، ئەوە بوو، کە کەماڵی ئێمە، لەوپەڕی نەداری و بێدەرەتانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا، خۆاردەمەنی و پێداویستیەکانی خۆی و بنکەی پێشمەرگەی دەگەڵ نەدارانی گوندەکان دابەش دەکرد.

کاک کەماڵ بەدری، چ وەک پێشمەرگەیەکی ئاسایی، چ وەک فەرماندەیەکی ئازا و بەجەرگ و تەڕاح، چ وەک کادری دەرمانی، یان کادری ئەمنیەتی بۆ پاراستنی پێشمەرگە و کۆی هەیکەلی حیزبەکەی، وەک کەسێکی سادە وساکار، ڕازدار و هێدی و هێمن، لە هەموو ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو و جێگای هیوا و پشت پێ بەستن بوو.

پاش ئەوەی بە ناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر، بە هۆی ژیانی تایبەتی خۆی ماوەیەک لە بەشێک لە نزیکانی دابڕا و ناچار بوو، جۆرێک بژی کە بەداخەوە بەشێکمان بۆ ماوەیەک لیی بێ هەواڵ بووین. دواتر خۆی وەک جاران پەیوەندی دەگەڵ هاوڕێیانی، دەگەڵ دۆست و ڕەفیقانی پێشوی گەرم کردەوە و وەک هەمیشە بۆوە بە کەماڵی ڕوخۆشی لەبەردڵان و کەسە ڕوح سووکەکەی جاران. بەڵام زۆر بەداخەوە نەخۆشی و شێر پەنجە مۆڵەتیان نەدا، کاک کەماڵ بەدڵی خۆی بەئارەزوەکانی کە گەورەترینیان ڕزگاری میللەتەکەی بوو بگا.

کاک سەید کەماڵی بەدری، ئازیز و هاوڕیی هەموومان، لە دوور وڵاتی، دوور لە باوەشی گەرمی ئازیزان و بنەماڵەی و کۆڕی هاوڕێیانی چاوی پڕ لە هیوای وێک نا و بەجێی هێشتین. ئەو بەجەستە لە ناومان نەماوە، بەڵام یاد و خۆشەویستی کاک کەماڵ قەت لە دڵان دەرناچێ.

**سپاس بۆ بەشداری و هاوخەمی هەموو لایەک.**

**سەری ڕێز و نەوازیش بۆ تەمنێک خەبات و فیداکاری کاک سەید کەماڵی بەدری.**

**ڕوورەشی بۆ داگیر کەرانی کوردستان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بریتانیا**











# له شاری ستۆکهۆڵم کۆڕیادێك بۆ ڕێزگرتن له هاوڕێی کۆچکردوو کاك ئەبووبەکر ڕاد بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە ٢ی فێوریەی ٢٠١٩ی زایینی، ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ بە بەشداریی نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و سەدان کەس لە خزم، دۆست و هاوڕێیانی کاک ئەبووبەکر ڕاد، کە لە چەند وڵاتی ئوروپایی و سکاندیڤاوە ڕوویان لە ستۆکهۆڵم کردبوو، لەلایەن بنەماڵەی نەمر ئەو ئازیزەوە و بە هاوکاری کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و کومیتەی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو. ئەو کۆڕیادە لە کاتژمێر یەک و نیوی پاشنیوەڕۆوە دەستیپێکرد و تا پێنجی ئێوارە درێژەی خایاند. ڕێوڕەسمەکە بە وتەی بەخێر هێنانی میوانان لە لایەن هەردووک بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە کاک عەلی فەتحی و خاتوو فریشتە عەبباسی بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێکرد. پاشان پەیامی بنەماڵەی ڕاد لە لایەن









برای کاک ئەبوو ڕاد، ڕۆژدین ڕادەوە پێشکەش کرا. ئەوجار داوا لە هێزە سیاسییەکان کرا پەیام و وتاری خۆیان بەبۆنەی ئەو ماتەمەینەوە پێشکەشبکەن. ئەو هێزانەی وتاریان خوێندەوە بریتی بوون لە:

– پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن ڕێزدار کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

– حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن بەرێز کاک عەلی عەزیزی

– کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (کنک)

– پژاک

دوابەدوای هێزە سیاسییەکان، ئەوجار پەیامی چەند کەسایەتی ناسراوی کورد خوێندرانەوە.

بڕگەی دوایی ڕێوڕەسمەکە تەرخانکرا بۆ پێشمەرگە و دۆستانی کاک ئەبووبەکر کە لە نۆرەی خۆیاندا قسەیان لەسەر کەسایەتی ئەو کرد و ئەرکی ئەمەگناسی خۆیان بەجێ گەیاند. سەرجەم ٢٥ پەیام و وتار لەو بۆنەیەدا پێشکەش کران.

**پەیامی ڕێزدار مامۆستا عەبدوولا حەسەنزادە**

**پەیامی ڕێزدا کاک جەلیل گادانی**

**کاک ڕەحیم موحەممەدزادە**

**کاک سەعید بەگزادە**

**کاک هاشم ڕۆستەمی**

**کاک ئەحمەد شەریفی**

**زۆر بەڕێز کاک سەلاح گادانی**

**ڕێزدار مامۆستا ئاشق**

**نەرمە ئاهەنگێکی بلاوێن، بە فلووتی هونەرمەند جەمال فەتحیان**

**پەیامی ڕیزدار براییم لاجانی**

**پەیامی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی**

**پەیامی ڕێزدار کاک سەدیق بابایی**

**پەیامی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دیموکرات**

**بەڕێز عەزیز شیخانی**

**پەیامی سپاس و پێزانینی بنەماڵەی راد لە لایەن کاک ئالان راد**

پێویست بە ئاماژەیە کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی هاوڕێ تێکۆشەر و خۆشەویست و ئەندامی پێشوویی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک ئەبووبەکر ڕاد پاش ماوەیەکی دووردرێژ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، ماڵئاوایی لێکردین و ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی فێوریەی ٢٠١٩ی زایینی لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی سوید بە خاک سپێردرا.











# هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران

لە ڕۆژەکانی ٢٣ و ٢٤ی فێوریەی ٢٠١٩، هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران کە لە ئەنجامی لێکگەیشتن و هاوکاریی دە ڕێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی پێک هاتووە، دەسپێکی کار و تێکۆشانی خۆی بە ڕەسمی ڕاگەیاند.

ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ڕەسمیی دەسپێکی هاوکاریی ئەو دە ڕێکخراوە لە چوارچێوەی ئەو هاوپێوەندییە نوێیەدا ڕۆژی ٢٣ی فێوریە لە سالۆنێکی هانۆڤەر کە بە دروشمی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی و بەلووچی و چەند زمانێکی بیانی ڕازابۆوە و سروودی شۆڕشگێڕیی بە زمانی نەتەوەکانی ئێران تێدا بڵاو دەبۆوە، بەڕێوە چوو. لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا کە سەدان کەس لە چالاکانی سیاسیی نیشتەجێی ئاڵمان و وڵاتانی دیکەی ئورووپا بەشداری بوون، دوو کەس بە نوێنەرایەتیی هەر کام لە دە ڕێکخراوەکە بە زمانی نەتەوەی خۆیان بەخێرهاتنی بەشدارانیان کرد و ئارەزووی سەرکەوتنیان بۆ گردبوونەوەکە خواست. دواتر بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی خولەکێک بێدەنگی ڕاگیرا.

پاش پەردەلادان لەسەر ناو و لۆگۆی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران و وەبیرخستنەوەی کورتە مێژوویەکی کار و هەوڵەکانی دامەزراندنی ئەو هاوپێوەندییە لەلایەن ڕەئوف کەعبی و شاهۆ حوسێنییەوە، بەرپرسی هەیئەتەکانی هەر کام لە دە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکەی ئەندام لەو هاوپێوەندییەدا وتاری لایەنەکانیان پێشکەش کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا بە سەرپەرستیی د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و لە هەریەک لە خالید حەسەنپور بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکان و مەولود سوارە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سوڵتان گولاوی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان پێک































هاتبوو.

ئاسۆ حەسەن زادە لە وتارەکەی خۆیدا بۆ ئەم کۆبوونەوە بەرینە لەپێشدا وێڕای دەسخۆشی لەو کەسانەی بۆ پێکهێنانی ئەو یەکگرتنەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تێکۆشاون، ئیشارەی بە گرینگیی ئەو یەکگرتنە لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا کرد و بەردەوامی و سەرکەوتنی هاوپەیمانییەکەی بەوە بەستەوە کە هاوپێوەندی پێکهاتەی خۆی فراوانتر بکاتەوە و سازوکاری بەکردەوە بۆ جێخستنی بنەماکانی و وەسڵ بوونەوەی زیاتر بە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لە ئێراندا هەموو چین و توێژەکان قوربانیی هەمان دەسەڵاتی سەرەڕۆ و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیین، بەڵام شێوە و ئەندازەی قوربانی بوونی هەمووان وەکیەک نەبووە. هەربۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی بۆ تێپەڕین و کۆتایی هێنان بە سەرچاوەی هاوبەشی نەهامەتییەکان کە کۆماری ئیسلامییە و لەسەر بنەمای روانینە هاوبەشەکان یەك بگرێ، بەبێ ئەوەی فرەچەشنییەکان و جیاوازیی دۆخی تایبەتیی هەرکام لە چین و توێژ و پێکهاتەکانی ئێران لەبیر بکا. لەو پێوەندییەشدا د. ئاسۆ ئیشارەی بەوە کرد کە رێککەوتنی هاوپێوەندییەکە سەبارەت بەو پرسانەی کە هێشتا بابەتی دابەشبوون و ناتەبایی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیین لەگەڵ ئەوە کە هەڵبژاردنەکانی روون و ئازایانەن، بەشێوازێکی کراوە و سیاسی و گشتگیریش مامەڵەی لەگەڵ کۆی پرسەکان کردووە. بۆ شیکردنەوەی ئەو مەبەستەش جێگری سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەی بە دانپێدانانی هەرە راشکاو و بەجێ بە وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتیی پێکهاتەکانی ئێران کرد و هێندێک پێشنیار و رێکاری بۆ بەرپەرچدانەوەی دژایەتیی بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەگەڵ فیدرالیزم و مافی نەتەوەکان خستەڕوو.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆتایی قسەکانیدا هەروەها ئیشارەی بە پێویستیی یەکخستن و پوخت کردنەوەی روانینی هێزەکانی خوازیاری نەمانی کۆماری ئسیلامی بۆ کۆمەڵێک پرسی دیکەی وەك شێوازی خەبات، فاکتەری نێونەتەوەیی، پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگا و چۆنیەتیی دروستکردنی پێوەندی لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و خەباتی خەڵک لە نێوخۆی ئێران کرد.

بەشی دواتری رێورەسمەکە بۆ بەرنامەیەکی هونەری پێکهاتوو لە چەند پارچە شێعری سیاسی و موزیکی رەسەنی نەتەوەکانی ئێران تەرخان کرابوو.

ئینجا پەیامەکانی گەیشتوو بەو رێورەسمە لەلایەن پێشکەشکارانی بەرنامەکەوە خوێندرانەوە. پاشان دەرفەت درا بە بەشێک لە میوانەکانی رێورەسمەکە کە کاک عەزیز ماملێ

کەسایەتیی کوردی دانیشتووی فەڕانسە یەکێک لەوان بوو کە دید و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو هاوپێوەندییە نوێیەی هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی بخەنە ڕوو.

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا بڕیارنامەی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران لەلایەن یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بەرنامەکەوە خوێندرایەوە. لەو بڕیارنامەیەدا وێڕای ئاماژە بە چل ساڵ حاکمیەتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی و خەبات و خۆڕاگریی خەڵک لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا، پێویستیی یەکگرتنی هێزە گۆڕانخوازەکانی ئێران لەو هەلومەرجە چارەنووسسازە وەبیر هێنابۆوە. بڕیارنامەکە هەروەها وێڕای ئاماژە بە گرینگترین تەوەرەکانی ڕێککەوتنی دە ڕێکخراوی سیاسیی کورد و ئێرانی بەتایبەت سەبارەت بە دێموکڕاسی و کۆماری بوونی دەسەڵاتی سیاسی و جیایی دین لە دەوڵەت و فیدرالیزمی نەتەوایەتی، هەڵوێستی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ دژایەتیی سیاسەتی شەڕخوازی و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و پێویستیی یەکخستنی هێز و پۆتانسیەلی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندبوو.

لە درێژەی کارەکانی پێوەندیدار بە دەسپێکی چالاکیی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران، ڕۆژی ٢٤ی فێوریە کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی هەیئەتەکانی نوێنەری دە حیزب و ڕێکخراوەکەی ئەندام لەو هاوپێوەندییەدا بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی گردبوونەوەی ڕاگەیاندنی دەسپێکی تێکۆشانی هاوپێوەندی، بەرنامەڕێژی بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو هاوپێوەندییە و پلانی کار و چالاکییەکانی لەمەودوای کرا.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێک کە لە مانگی نۆڤامبری ڕابردوودا بڵاو کرایەوە پێک هاتووە. ڕێکخراوەکانی دامەزرێنەری ئەم هاپێوەندییە بریتیین لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز، حیزبی خەڵکی بەلووچستان، یەکگرتنی دێموکڕاتیکی ئازەربایجان-بێرلیک، ئیتحادی فەدائیانی خەڵکی ئێران، شوورای کاتیی سۆسیالستەکانی چەپی ئێران، بزوتنەوەی کۆماریخوازانی دێموکرات.



# دیدارێك لەگەڵ بەرێزساندی مارتین ئەندامی پارلمان و سەرۆکی گرووپی پارلمانتەرانی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان





ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٩ بەرێز ڕەزا کەعبی جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاک حەمید مورتەزا زادە ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبریتانیا سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەیان کرد و دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرێز ساندی مارتین ئەندامی پارلمان و سەرۆکی گرووپی پارلمانتەرانی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا.

ئەم دیدارە بۆ باس و لێدوان لەسەر دوایین ڕووداوەکانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ئاگادار کردنەوەی بەرێزیان لە نوێترین هەنگاوی دە حیزب و ڕێکخراوی ئێرانی و کوردستانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیمی ئیسلامی، بۆ هاوکاری و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە پێناو ئازادی و یەکسانی لە ئێران دا، بوو.

بەشێکی تری کۆبونەوەکە باسێکی گشتی لەسەر کەیسی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی و هەروەها دوایین ئالوگۆڕەکانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەست تێوەردان و خراپەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو.

هەر لەو دیدارە دا باس لە نەرمی نواندنی وڵاتانی ئوروپا و داگیرساندنی چرا سەوزی بۆ ئێران و پشت نەگرتنی گەلانی ئێران لەلایەن وڵاتانی ئەوروپایی و هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی تا ئەمڕۆ، هاتە بەرباس و پەنجەی ڕەخنەی بۆ درێژ کرا.

بەرێز ساندی مارتین، وێڕای دەربڕینی خۆشحالی خۆی لەم دیدار و چاوپێکەوتنە، پشتیوانی خۆی لە جوڵانەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی و پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە ئەو ڕژیمانە درەنگ یا زوو دەڕۆن و کورد و نەتەوەکانی تری ناو جوگرافیای ئێران بە مافەکانی خۆیان دەگەن.

پێویست بە ئاماژەیە کە ئەم کۆبونەوەیە، دەسپێکێک بوو بۆ واڵا کردنی دەلاقەی دۆستایەتی و هاوئاهەنگی و دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سیاسی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆکردنەوەی وزە و تواناکان و خستنە سەر یەکی بیرو بۆچوونەکان یەک دەنگی و یەک وتاری بە دیوی دەرەوە دا و بە تایبەت لەگەڵ کەسایەتی و دەسەلادارانی وڵاتانی بیانی و درێژە دان بە کاری دیپلوماسی هاوبەش.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**

# سەردانی بنکەی سەرەکی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە لەندەن



رۆژی سێشەممە ٥ی مارسی ٢٠١٩ی زایینی کاتژمێر سێ پاشنیوەڕۆ بەرێزان کاک رەزا کەعبی جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و مەولوود سوارە ئەندامی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاک حەمید مورتەزا زادە ئەندامی رێبەری و بەرپرسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبریتانیا، دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەریز لویس ئەیالا سکرتێری ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست پێک هێنا.

لە سەرەتای دیدارەکە دا بەرێز لویس ئەیالا باسێکی لە دوایین کۆبونەوەی ئیس ئای کە لە کۆماری دۆمینیکەن بەسترا کرد. پاشان باسێکی گشتی لە سەر وەزعی رێکخراوی سوسیالیستی ئینتێرناسیۆنال کرد و هەروەها ڕاپۆرتێکی کورتیشی لە دواین سەفەری خۆی بۆ ونزوێلا و وەزعی نالەباری ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتە و دۆخی نالەباری خەلک پێشکەش کرد هاوکات باسی لە داخوازیەکانی خەڵکی ونێزوێلا و چارەسەری کێشەکان لە رێگای سیاسیەوە کرد..

لە تەوەرەێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا باسێکی تێروتەسەل لە سەر رۆژهەلات نێوەراست بە گشتی و ئێران و کوردستان بە تایبەتی هاتە ئاراوە و دوایین هەوال و زانیاریەکان لەسەر کوردستان، هەروەها ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ١٠ حیزب و لایەنی کوردی و ئێرانی و پێکهێنانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران دا و هەروەها دوایین گوڕانکارییەکان لە رۆژئاوا و باکووری کوردستان باسێکی تری درانە سکرتێری رێکخراوی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیت.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**

# دیداری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پارلمانی بریتانیا

ڕێکەوتی ١٩ی مارسی ٢٠١٩ هەیئەتێک لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەردانی پارلمانی بریتانیایان کردو لە دوو دیداری جیاوازدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەندامانی پارلمان کرد.

ئەم چالاکیە بەمەبەستی بەرجەستەکردنەوەی دەنگ و ڕەنگی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکەم هەنگاوی ئەم ناوەندە بۆ کارامەکردن و کاری دیپلوماسی و دیدارە سیاسیەکان لەبریتانیا بوو.

لەم دیدارانەدا تیشك خرایە سەر دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پێکهاتنی ئەم ناوەندەو چالاکییەکانی ئەم ناوەندە لەداهاتوودا، هەروەها باس لە دامەزرانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران لە نێوان ١٠ حیزب و لایەنی سیاسی ئێرانی و کورد کرا.

لەیەکێك لەم دیدارانەدا کە لەگەڵ بەرێز لۆرد مۆریس مارك گلاسمەن بەرپرسی کۆمیتەی پارلمانتەرانی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەکانی تری ئێران پێکهات، ناوبراو پشتیوانیی خۆی بۆ کورد و نەتەوەکانی ئێران دەربڕی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران - بریتانیا**



# دریژەی کارو چالاکیەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ڕێکەوتی ٢٦ی مارسی ٢٠١٩ هەیئەتێکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەردانی پارلمانی بریتانیا دا چاویان بە بەرێز لۆید راسل مویلی ئەندامی پارلمانی بریتانیا و وتەبێژی ئەندامانی پارلمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت.

ئەم دیدارە لەپیوەندی لەگەل چالاکردنی ناوەندی هاوکاری بۆ کاری هاوبەش و دیپلوماسی لەبریتانیا و زیاتر ناساندی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو.

لەم دیدارەدا ناساندنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەروەها دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆبونەوەکەی هانۆفەر لەمەر «دامەزرانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران» لە نێوان ١٠ حیزب و لایەنی سیاسی ئێرانی و کوردو، هەروەها بەرنامەکانی نەورۆزی و گیران و ڕاونانی خەلکی کوردستان وەك کاری ڕۆژانەی کۆماری ئیسلامی باسی لێوەکرا.

هەروەها لەم دانیشتنەدا باس لە گرتنی دوو کۆبونەوە لە داهاتووی نیزێك لە پارلمانی بریتانیا، بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان کرا.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران - بریتانیا**



# به دروشمی "نا" یەکی تر بە کۆماری ئیسلامی، خۆپیشاندانێك لە لەندەن بەڕێوەچوو

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ۳۱ی مارسی ۲۰۱۹ی زایینی، کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێکی بەرین بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردستانی و ئێرانییەکانی دانیشتووی شاری لەندەن و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە تایبەت ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کاتژمێر ۲ی پاشنیوەڕۆ لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی کۆنەپەرست و تێرۆریست پەروەری ئیسلامی ئێران بەڕێوە چوو.
دروشمی سەرەکی ئەو خۆپیشاندانە، بۆ جارێکی دیکە وتنی " نا" یەکی تر بوو بە ڕژیمی ئیسلامی و سیستەمی دەسەلات دارییەتی ئەو ڕژیمە سەرکوتگەرە کە ماوەی ٤٠ ساڵە جگە لە شەڕ و ماڵوێرانی و ئێعدام و ئەشکەنجە هیچ شتێکی دیکەی بە دیاری بۆ گەلانی ئێران نە هێناوە.
لەو خۆپیشاندانە دا دەیان دروشمی جۆراوجۆ بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی بۆ سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی حکومەتی ئیسلامی لە لایەن خۆپێشدان دەرانەوە بە دەنگی بەرز گوترانەوە و سروودی شۆڕشگێڕانەی ئامادە بووان ترسی خستبووە دڵی بەکرێگیراوانی جێگیر لەو باڵوێزخانەیە. هاوکات شەقام و گۆڕەپانی بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیم بە ئاڵای کوردستان ڕازیندرابووەوە.
پێویست بە ئاماژەیە کە چەندین کاناڵی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لە شوێنی خۆپیشاندانەکە ئامادە بوون و کاناڵی تەلەفزیۆنی ئێران ئینتێرناسیۆنال، ڕێپۆرتاژێکی لە خۆپیشاندانەکە ئامادە کرد و چاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵ هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب پێک هێنا.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران - بریتانیا**






Missile Attack of the
Islamic Republic of Iran
on the Headquarter of
Kurdistan Democratic Party
(KDP-IRAN) in Koysanjaq
8th September 2018










"نا"
بۆ ڕژیمی ئیسلامی ئێران
با بە وتنی «نا»یەکی تر بۆ ڕژیمی ئیسلامی ئێران، داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانمان دەستەبەر بکەین.
بەدەم بانگەوازی ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و دژبەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لەندەن، لە ژێر ناوی «نا بۆ کۆماری ئیسلامی، بژی بۆ ئازادی» خۆپێشاندانێکی بەربڵاو لە لایەن هەموو ئازادیخوازانی ئێران بە مەبەستی هاودەنگیی لەگەڵ خەڵکی ناڕازی ئێران بۆ ڕاماڵینی ئەو ڕژیمە دژی گەلییە بەڕێوەدەچێت.
کات: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣١ی مارس ٢٠١٩ی زایینی. کاتژمێر ٢ تا ٣.٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ
شوێن: بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە شاری لەندەن
design by morad bahramian
Embassy of The Islamic Republic of Iran
16 Princes Gate, Knightsbridge, London
31 March, 2019 - At: 14:00 to 15:30
Cooperation Center of
Iranian Kurdistan's Political Parties

# ئێوارە خوانێك بۆ دوکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سولیمانی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ڕێکەوتی ۹ی ئاپریلی ۲۰۱۹ لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕان لەلەندەن ئێوارە خوانێك لە یەکێك لە ڕستۆرانەکان بە بۆنەی هاتنی دوکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سولیمانی ساز درا.

بۆ ئەم ئێوارە خوانە بەشێکی بەرچاو لە بەرپرس و نوێنەرانی حیزب و لایەناکانی کوردستانی بانگێشتن کرابوون کە بەڕێزان مەولوود سوارە و ئاکام ڕەحیمی بەنوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەشداریان کرد.

سەرەتا بەڕێز دوکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سولیمانی لەگەل سوپاس و پێزانین بەخێرهاتنی میوانەکان و بەشداری بەرپرسانی حێزب و لایەنەسیاسیەکان بۆ ئەم ئێوارە خوانە لەسەر دواین گۆڕانکاری و بەگشتی وەزعی کوردستان و کارو چالاکیەکای و خزمەت گوزاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها لەسەر زەرورەتی تەبای و پێکەوە کارکردن و یەکتر قبولکردن باسێکی پێشکەش کرد، پاش چەند کەس لەهاوڕێیان لەگەل بەخێرهاتنی بەڕێزیان نەزەر و بۆچونیان لەسەر کوردستان و هەروەها قامکیان لەسەر بەشێك لەکەم و کوریەکان دانا.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**







# سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٦ی ئاپریلی ٢٠١٩ هەریەك لە بەرێزان مەولوود سوارە و ئاکام رەحیمی بەنوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لە بریتانیا کرد و لەلایەن بەرێز کاک کاروان جەمال نوێنەری حکومەتی هەرێم و کاک خسرو ئاژگەیی بەرێوەبەری کاروباری سیاسی و میدیای حکومەتی هەرێم لەلەندەن پێشوازیان لێکرا.

ئەم دیدارە بۆ پیرۆز چوون بە ئۆفیسی تازەی نوێنەرایەتی و هەروەها دیدار تازەکردنەوە و سەردان بوو.

لەم دیدارەدا باس و لێدوان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و هەروەها ناوچەکە و جێگەوپێگەی کورد و یەکیەتی و تەبایی کورد لەهەموو بەشەکان کرا و وەک ئەولەویەت و پێداویستیی هەنوکەیی کورد لەهەموو بەشەکان تەکیدی لەسەر کرایەوە و بە پێویست زانرا کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی وڵات وەك بالوێزخانەیەك بۆ هەموو کورد سەیری بکرێت و هەموو لایەك وەک مالی خۆیانی بزانن.

لەبەشێکی دیکەی قسەکاندا بە شێوەی گشتی خوێندن و خۆپێگەیاندنی لاوان لە دەرەوەی وڵات بەرز نرخێندراو لەو بەشەدا ئیشارە بە دامەزرانی ناوەندێك بۆ خوێندنی باڵا کرا پێ لەبەر ئەوە داگیرا کە کۆکردنەوەی خوێندکاران و ئاکادیمیستانی کورد بەمەبەستی هەرچی باشتر پێگەیاندن و دروست کردنی ئالقەی پیوەندیی نێوان زانکۆکانی کوردستان و زانکۆکانی ئوروپا لەئەولەویتی کاری ئەم ناوەندە دەبێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران - بریتانیا**





# بەڕێوەچوونی سمینارێك بۆ بەڕێز جاوید ڕەحمان ڕێپۆرتەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران، لە پارلەمانی بریتانیا

کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥ مەی ٢٠١٩ی زایینی، لە پەرلەمانی بریتانیا لە شاری لەندەن، لە لایەن ئە نجومەنی گەشەپێدان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سمینارێک لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاییینەیەکان بۆ پروفسۆر جاوید ڕەحمان ڕێپۆرتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران پێکهێنرا. سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەری پانێلەکە بەڕێز جیم شانۆن ئەندام پەرلەمانی سەربەخۆ بۆ ناوچەی سترانگفۆرد سەر بە وڵاتی سکۆتلەند، کورتەیەك لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دا باس کرا. دواتر بەرپرسی ئەنجومەنی گەشەپێدان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێز موسا زاهیدی بە چڕ و پڕی باسی لە سەر پێشێلکاری مافی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و بە تایبەت لە ناوچەکانی ئەهواز ، کوردستان و بەلوچستان کرد وهەروەها باسی لە پێشێلکرانی بەرچاوی مافی مەزهەبی کەمینەی مەزهەبی بەهایی و یارسانییە کان کرد.

پاشان پرۆفسۆر جاوید ڕەحمان باسی لە باردۆخی گشتی و هەنووکەیی مافی مرۆڤ لە ئێران کرد. دواتر دڵگرانی خۆی دەربڕی کە ناتوانێ وەك ڕێپۆرتەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران، سەردانی ئەو وڵاتە بکات و لە نزیکەوە گوێ لە سەربوردەی ئەو کەسانە بگرێ کە مافەکانیان لە لایەن سیستەمی قەزایی کۆماری ئیسلامی پێشێل کراوە. هەروەها باسی لە کەمایەتی مەزهەبی و نەتەوەیە کان کرد و نموونەی کوردی هێناوە کە لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە لە ژێر گوشار دان و بەشێکی بەرچاو لە زیندانیانی سیاسی ئێران کوردن.

پاشان بەڕێز جەمشید ئەمیری نوێنەری بەلووچستانی ڕۆژئاوا لە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ بەلوچستان، باسی لە ڕەوشی بەلووچەکان لە ئێران کرد. بەڕێزیان باسی لە هەوڵی ڕژیم بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای بە لوچستان کرد و باسی لەوە کرد کە نزیك بە میلیونێك لە هاووڵاتیانی بەلوچستان لە



مافی هەبوونی پێناسی ئێرانی بێبەشن.

هاورێ یونس خەدیوی موکری بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەشداری ئەو سمینارەی کرد. بەڕێزیان لە باس و خواسەکان دا چالاکانە بەشداری کرد و باسێکی گشتی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا کرد و پاشان باسی لە ڕەوشی کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ باشوور کرد، کە لە بەرامبەر تەنیا ٦ دۆلار کرێبار دا ڕۆژانە سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغانی فیشەکی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە موشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ٨ی سیپتامبری ٢٠١٨ لە لایەن کۆماری ئیسلامی کرد کە ڕژیم سەروەری خاکی وڵاتی ئێراقی پێشێلکرد. پێویست بە ئاماژەیە کە هاورێ یونس خدیوی موکری بڵاوکراوەکانی حیزبی لە سەر موشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ڕەوشی زیندانیانی سیاسی کورد و کۆڵبەرانی کورد پێشکەشکرد بە بەڕێز جاوید ڕەحمان کرد. لە کۆتایی سمینارەکە دا کات درا بە بەشداربووان کە پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان بێننە بەرباس و لە لایەن پرفسۆر جاوید ڕەحمان و بەڕێز جیم شانۆن وەڵام درانەوە. ئەو پانێلە کاتژمێر ٣ ی دوانیوەڕۆ بە کاتی لەندەن کۆتایی پێهات و هیوا خوازرا کە کۆڕ و کۆبوونەوەی لە م بابەتە درێژەیان هەبێ بۆ باشتر کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دا.

**نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا**





# کورد، حیزبی دێموکرات و ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست

مەولوود سوارە

INTERNACIONAL
SOCIALISTA

## ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست

ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست گەورەترین فۆرۆمی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکانی دونیایە. ئەو ڕێکخراوە ڕابردوویەکی دووورودرێژی هەیە و بە میراتگری ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە کرێکارییانە دادەنرێ کە کاتی خۆی لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ڕێبەرانی مارکسیستی دامەزرابوون. بەڵام بەدرێژایی مێژووی خۆی زۆر ئاڵوگۆڕ و هەوراز و نشێوی بەخۆوە دیوە و تەنانەت چەند جار بەرەو دابڕان و هەڵوەشانیش چووە. لەڕاستیدا کێشەی ئیدئۆلۆژی و سیاسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و ڕووداوەکانی پاش شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ڕاستەوخۆ شوێنەواریان لەسەر ئەو ڕێکخراوەیەش دانابوو. ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە شکڵ



و ماهیەتی ئێستایدا لەڕاستیدا هەمان ئەو ڕێکخراوەیە کە ساڵی ١٩٥١ لە کۆنگرەی فرانکفۆرت دامەزرایەوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئیس ئای، ڕێکخراوە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکرات و کرێکارییەکانی دونیا دەگرێتە خۆی. ئەگەر لە سەرەتاکانی دەورەی نوێیدا زۆرتر پارتە چەپە ئوروپییەکانی دەگرتە خۆی، دواتر مەیدانی چالاکی و بازنەی ئەندامەتیی ئەو ڕێکخراوەیە فراوانتر بۆوە بۆ قارەکانی دیکەش بەتایبەتی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ئوروپای ڕۆژهەڵات. وەك ئامانج، ئیس ئای بۆ ئامانجەکانی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە دونیادا تێ دەکۆشێ.

ئەم ڕێکخراوەیە هەر چوار ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێ و تاکوو ئیستا ٢٤ کۆنگرەی گرتوە و لە نێوان کۆنگرەکاندا ساڵێ دوو جار کۆبونەوەی شوورا دەگیرێ. سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئەم ڕێکخراوەیە ئەندام و دۆستانی ڕێکخراوەکە دابینی دەکەن.

ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە چەندین کۆمیتەی بەرێوەبەری و بڕیاردان پێك هاتووە. ئەوەی لە هەمووبان زیاتر بۆ ئێمەی کورد گرینگی هەیە ئەوەیە کە لەنێو ئەو کۆمیتانەدا کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بریاری دا کۆمیتەیەك بۆ پرسی کورد بە ناوی گرووپی کاری کورد پێك بێ و لە ساڵی ١٩٩٠ ئەم کۆمیتە دەستی بە کارەکانی کرد. ئەم کۆمیتەیە چەندین کۆبونەوە و بریاراتی گرینگی لە پیوەندی لەگەڵ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان داوە. دوایین جار «کۆمیتەی پرسی کورد» لە ڕێکەوتی ١٢ی ئاپریلی ٢٠١٣ لە کۆبوونەوەی ئیس ئای لە کوردستانی باشوور (سلێمانی) بە بەشداری و تەئییدی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی جێگای گرووپی کاری کوردی گرتۆتەوە.

ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست تاکوو ئێستا ٧ سکرتێر و ٣٤ جێگری سەرۆکی بووە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا بەڕێز جەلال تالەبانی وەک کوردێک و سەرۆککۆماری وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆنگرەی ٢٢ی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە یۆنان بەسترا، بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا و هەتا کۆتایی تەمەنیشی لەم پۆستەدا مایەوە.

ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەیەش وەك زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان دوور نەبووە لە کێشەی سیاسی و بەرێوەبەری و بەداخەوە دوای گرتنی کۆنگرەی ٢٤ لە ئەفریقای باشوور (کیپ تاون) لە ٣٠ی ئۆگوستی ٢٠١٢ لەسەر هەڵبژاردنەوەی دووبارەی بەرێز لویس ئەیالا و هەڵنەبژاردنی خاتوو مۆناسالین،



سەرۆکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئید کێشە کەوتە نێو ئەم ڕێکخراوەیە. لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئێس ئای لە پۆرتۆغال (کاسکای) لە ڕێکەوتی ٤ و ٥ی فێبریوێری ٢٠١٣ کە بەمیواندارەتیی حیزبی سۆسیالیستی ئەو وڵاتە و بە دروشمی ئابووریی جیهان و ڕوانگەی ئێمە بۆ گەشەپێدان و کار و پەرەسەندنی پایەدار بەڕێوە چوو، لە ئێوارە خوانێکدا کە لەلایەن حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان لە پۆرتۆغاڵ پێکهاتبوو و بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسان و نوێنەرانی حیزبەکان بەشدار بوون؛ جارێکی دیکەش باسی شێوەی بەڕێوەبردن و هەروەها قۆرغکردنی دەسەڵات لەدەستی سکرتێری ئێستای «ئێس ئای» دا هاتەوە بەر باس و موناقشەی زۆری لەسەر کرا. بناخەی لێکدابرانی ئەم حیزبانە لە ئێس ئای لەوێوە دەستی پێکرد و بەداخەوە بەشێک لەوان لە ئێستادا بێ ئەوەی وازیان لە ئەندامەتیی ئێس ئای هێنابێ _ جیا لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئید_ ئەو چەند حیزبە لە ڕێکەوتی ٢٢ی مانگی مەی ٢٠١٣ی زایینی ڕێکخراوێکیان بە ناوی «بەرەی یەکگرتوخوازان» دامەزراندوە و کۆنگرەی یەکەمیان لە ڕۆژانی ١١و ١٢ی مارسی ٢٠١٧ لە ئالمان (برلین) بەڕێوە برد.

ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لەسەر یەک لە ٨٥ وڵات ئەندامی ئەسڵیی هەیە کە حیزبی ئێمەش یەکێک لەوانە. ئەو ڕێکخراوە هەروەها ١٧ ئەندامی ڕاوێژکار و ٧ ئەندامی چاوەدێر و سێ ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان و لاوان و پەروەردەی هەیە. لەنێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی ئەسڵیین.

## مەرجەکانی وەرگیران لەو ڕێکخراوە چییە؟

بۆ ئەوەی حیزبێک بە ئەندامی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست وەربگیرێ پێویستە هەڵگری ڕێباز و پێڕەو و پرۆگرامێک بێ کە لەگەڵ ئیدەئال و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەدا، بەتایبەتی لە بواری عەداڵەتخوازی و یەکسانیدا و هەروەها پێوەرە ئینسانی و دێموکراتییەکانی تری ڕێکخراوەکەدا یەک بگرێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە و بەپێی کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تایبەت بە ئەندام وەرگرتن لەو ڕێکخراوەدا، پێشینە و ئیعتباری ئەو حیزبەی دەبێتە ئەندام بە وردی دەدرێتە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە. بە واتایەکی دیکە پێویستە پارتەکە بەشێوەی مەیدانی تاقیکردنەوەی خۆی دابێ و هاوبەشیی لەگەڵ ئیدەئالەکانی ئێس ئای لە مەیدانی کردەوەدا بە ڕوونی سەلماندبێ.



## حیزبی دێموکرات و ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست

سەفەری حیزبی ئێمە بە دەقیقی لە ساڵی ١٣٦٤ بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە دەستی پێکرد، و دواتر ڕێبەری شارەزا و بلیمەتمان دوکتور قاسملوو وەک میوان لە کۆنگرەی شانزدەهەمی ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیستدا بەشدار بوو کە ساڵی ١٣٦٥ لە لیمای پێتەختی پیرۆ بەڕێوە چوو. لەو کاتەوە تا ئێستا حیزبی ئێمە بە ڕێکوپێکی لە هەموو کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی تری ئەو ڕێکخراوەیەدا بەشدار بووە تا ئەوە کە لە ساڵی ١٣٧٥، واتە لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە لە نیۆیۆرک بەسترا، حیزبی ئیمە وەک ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. لەم کۆنگرەیەدا بەڕێز مامۆستا عبدالله حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات وتارێکی پێشکەش کرد. بەداخەوە دوای لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٣٨٥ جێگە و پێگەی ئێمە لەو ڕێکخراوەیەدا ڕوون نەبوو، چون ئەو حیزبە ببووە دوو بەش. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکە دەستمان بە جێخستنەوەی پێوەندییەکانمان کردەوە. حزوور حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیدانی سیاسی و پێشمەرگانە و دیپلۆماسیدا وایکرد کە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست ئەو شانازییەی پێ ببڕێ بۆ دەستەبەرکردنی ئەندامەتیی حیزبەکەمان تێبکۆشێ و ئەم پرۆسەیە سەر بخا. بەمجۆرە لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەو ڕێکخراوەیە لە ٢٧ی نوامبری ٢٠١٥ و لە ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا کە لە لواندا پێتەختی ئانگۆلا بەڕێوەچوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی ڕەسمیی ڕێکخراوەی ئێس ئای وەرگیرا. ئەوەش هەر درێژەی کاری ڕێبەرانی شەهیدی حیزب بەتایبەت دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندییە کە بەمجۆرە کاتی خۆی ئەم دەروازەیان بۆ دەنگی حەقخوازانەی حیزبی دێموکرات و تەنانەت هەموو کورد بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵ نێونەتەوەییەکاندا کردەوە. ئێمە ئێستاش هەر وەکوو پێشوو لە ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست بۆ بردنەپێشی مەسەلەی کورد بەگشتی و مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کەڵک وەردەگرین و وەک پێشووش هەوڵ دەدەین ببینە پردێکی پێوەندی لە نێوان ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست و لایەنە دۆستەکانی دیکەمان بەتایبەتی لە کوردستان. جیا لەوەش پلەی ئەسڵیی ئەندامەتیمان مافی زیاترمان لەبواری ئەندامەتی و بەشداری لە ئۆرگان و کۆبوونەوەکانی ئەو ڕێکخراوەیەدا پێ دەبەخشێ و تێدەکۆشین لە ئاست ئەو بەرپرسایەتیەشدا بین کە لەمەولا زیاتر دەکەوێتە سەر شانمان.

ئەمڕۆ کێشەی کورد زۆر گەورە بۆتەوە و دونیای دەرەوەی ئێستا زۆرتر لە جاران لەگەڵی ئاشنا بووە، بەتایبەت بەهۆی شەڕی داعش و بەرگریی پێشمەرگە کە لە کۆبوونەوەکەی لۆواندایش بە ڕێز و تەقدیری زۆرەوە ئاماژەی پێکرا. ئێمە پێش بە ئەندام وەرگیرانیشمان لەو ڕێکخراوەیەدا لەگەڵ وڵاتانی خاوەن نفووزی جیهان و لەگەڵ بنیاتە نێودەوڵەتییەکان تۆڕێک لە پێوەندییەکانمان دروست کردبوو. بەڵام بەهۆی ئەوە کە پرسی کوردی ڕۆژهەڵات لە چاو پارچەکانی تری کوردستان کەمتر لە ڕۆژەڤی باس و خواسی نێونەتەوەیی دایە، بێگومان بەئەندام بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە «ئێس ئای»دا دەتوانێ گوڕ و تینێکی دیکە بداتە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانمان چونکە ئەمجارە هەم بۆخۆمان لە مەوقعییەتێکی دیکەدا دەتوانین کەڵك لە دەرفەتە لۆبیگەرییەکانی تایبەت بەو ڕێکخراوە بکەین هەم لەگەڵ باقی حیزبەکانی دەستە خوشك ئاسانتر دەتوانین بۆ کێشەی کورد و بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات دۆست و پشتیوان پەیدا بکەین.

## کورد و ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست

هێندێک لایەن بۆ کەمکردنەوە لە گرینگیی ئێس ئای ئیشارە بەوە دەکەن کە ئەو ڕێکخراوە هیچی بۆ کورد نەکردوە. پێویستە بزانین کە ئەو ڕێکخراوە وەك خۆی دەزگایەکی جێبەجێکار نییە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەڵام بەهۆی ئەوە کە فۆرۆمێکی زۆر بەرفراوانە و بەشێوەی دایمی لانیکەم یەک لە سێی ئەحزابی ئەندام لەو ڕێکخراوەدا دەسەڵاتی وڵاتی خۆیان بەدەستەوەیە یا لە حکومەتدا بەشدارن، دەتوانین بڵێین هەم لە ڕووی سەمبولیکەوە هەم لە ڕووی سیاسەتی عەمەلیەوە، شوێنێکی گرینگ بۆ باس و موناقشەی سیاسەتی نێونەتەوەیی و تریبوونێکی باش بۆ ناساندنی کێشەکانی گەلانی بێدەوڵەتی وەک گەلی کوردە.

جیا لەوە کە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست دەتوانێ وەک کەناڵێک بۆ تاقیکردنەوەی کاری هاوبەشی نێوان پارتە کوردییەکان نەک هەر لە بەشێکی کوردستان بەڵکوو لەنێوان هەر چوار پارچەی کوردستاندا کەڵکی لێ وەربگیرێ، لانیکەمی دەسکەوتێکیش کە ئەو ڕێکخراوە بۆ کوردی هەبووە ئەوەیە کە کوردەکان لەوێ توانیویانە تۆڕێکی پیوەندی بۆ خۆیان دروست بکەن وە ئێستاشی لەگەل بێ جێی متمانەترین و دایمیترین شوێنی ناساندنی پرسی کورد بە دونیای دەرەوەیە.

# سەردانی ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ۲۳ی مەی ۲۰۱۹ بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی، و بەڕێز کاک مەولودسوارە ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی سەرەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەریەوە پێشوازییان لێی کرا.

بەڕێز مستەفا شەڵماشی وێرای دەست خۆشی و ماندوونەبوونی لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی ژنان گووتی؛ ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پاش شەهید بوونی سکرتێرە شەهیدەکانی ئەو ڕێکخراوەیە شەهید نەسرین و شەهیدسوهەیلا بە حەق درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازیانن.

بەڕێز شەڵماشی لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی دەور و ڕۆڵی ژنان لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کرد و باسی لە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ هێنانە مەیدانی زیاتری ژنان لە بوارگەڵی جیاواز کرد و هەروەها بە ڕێزەوە سپاسی هەوڵ و ماندووبوونی هەموو ژنانی دێموکراتی کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا لێبراوانە کۆڵەکەی حیزبی دێموکرات بوون.

پاشان مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب باسێکی لە کاروچالاکیەکانی ئەندامانی یەکیەتی ژنان لە دەرەوەی کرد و هاوکاری و پشتیوانی خۆی بۆ ڕێکخراوەکەمان دووبارە کردەوە.

پاشان خاتوو شلێر مەحموودی وێرای بەخێرهاتن، سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە دەستی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروچالاکی ئاواڵە کردووە و هەمووکاتیش پاڵپشت وهاندەری بەڕێوەبەڕانی بووە تا بتوانین بەردەوام بین لە خزمەت بە کار و ئەرکەکانمان لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا و بەتایبەتیش کاری ڕێکخراوەیی.

لە کۆتاییدا باسێکی گەرم و گوور سەبارەت بە جێگە و پێگەی ژنی کورد لە نێوان هەیئەتی میوان و خانەخوێی هاتە گۆڕێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران - بریتانیا**



# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاهەنگی ٤٤ەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بریتانیا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی جون ٢٠١٩، لە سەر بانگهێشتی فەرمی کومیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا، بە سەرپەرستی هاوڕێ کەیوان ڕەسوڵی بەرپرسی کومیتەی لەندەن، بەشداری کرد لە ڕیوڕەسمی ٤٤هەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

هەیئەتی حیزبمان زۆر بە گەرمی لەلایەن ڕێکخەرانی ئاهەنگەکەوە پێشوازیان لێکرا. پاشان بەڕێز کەیوان ڕەسوڵی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە بەشدارەکان ٤٤ مۆمیان بە بۆنەی ئەو ڕۆژەوە داگیرساند. بە دوای ئەو دا پەیامی حیزبی و ڕێکخراوە سیاسییەکان خوێندرایەوە کە لەو بەشەش دا بەڕێز کەیوان ڕەسووڵی پەیامی کومیتەی بریتانیای حیزبی خوێندەوە. بەڕێزیان وێرای پیرۆزبایی ٤٤مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و حیزبی دێموکراتی بە گرینگ و دێرینە وەسف کرد و جەختی لەوەش کردەوە کەپێوەندی و هاوکارییەکانی ڕابردوو ئەتوانن هەوێنێ پتەوترکردنی پێوەندییەیەکی گونجاوتر لە ئێستا و داهاتوو دا بن.

لە بەشێکی دیکەی ووتارەکەدا بەرێز رەسولی باسی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ناوچەکەی کردوو بە پێویست زانی کە لەو ساتەوەختە پڕ هەستیارەدا کە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری بەتایبەتی گرتووەتەوە، هێزە سیاسییەکان بە یەکگرتوویی و یەکریزی لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێستای ناوچەکە مامەڵە بکەن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی بریتانیا**









# دەستەی «خەڵاتی گەل»
# زانا کوردەکەی خەڵات دەکات

شەممە ٢٠١٩/٦/٢٩, کاژێر ٢:٣٠ تا ٥، لە هۆڵی سەرۆکی شارەوانی «کینزیگتن تاون هۆڵ» لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەل بەشێك لەئەندامانی حیزب بەشداریمان کرد لە بەخشینی خەلاتی گەل بە پرویسۆر کۆچەر بیرکار.

ئەم رێ و رەسمە بە مەبەستی بەخشینی خەڵاتێک کە گوزارشت لە گەلی کورد دەکات، بەخشرایە پرۆفیسۆر «کۆچەر بیرکار» کە توانی ئەو شانازییە بە گەلی کورد وەدەست بێنێت و وەک کوردێک ببێتە هەڵگری خەڵاتی «فێڵدس» لە ساڵی ٢٠١٨ دا.

دەستەی خەڵاتی گەل کە دەستەیەکی خۆبەخش و سەربەخۆیە و ئەندامەکانی هەر یەکە و پیشەیەکی جیاوازیان هەیە و گوزارشت لە کوردوستانی گەورە دەکەن، بە ئامانجی درووستکردن کولتووری خۆشەویستی و پێزانین و پێکەوە ژیان، تا ساڵانە بتوانین خەڵاتی گەل ببەخشینە ئەو کەسانەی داهێنان دەکەن لە بوارە جیاوازەکاندا، هاوکات لەو رێگەیەوە ناوبانگێکی شایستە دەبەخشن بە میللەتی کورد و خزمەت بە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورد دەکەن لە هەر کوێی دوونیا بن.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**







خەڵاتی گەل





# ئێوارەخوانی سالانەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێوارە خوانێکی لە پارلمانی بریتانیا بە بەشداری بەشێکی بەرچاو بە میوانی کورد و بیانی و نوینەری حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان لە پارلمانی بریتانیا ساز دا.

لەم ئێوارەخوانەدا لەلایەن نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەریز کاک کاروان جەمال باسێك لەسەر کوردستان و دواین گۆرانکاریەکانی ناوچەو بەتایبەت کوردستان پێشکەشی بەشدار بووان کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگێشتی ئەم ئێوارە خوانە بوو کە بەرێز مەولوود سوارە بەنوێنەرایەتی حیزب بەشداری ئەم ئێوارە خوانەی کرد و لەگەل بەشێکی بەرچاو لە دۆستان و هاورێیان دیداریان تازە کردەوە.

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**

















# مەراسمی پێرلاشێز و پەیمان نوێکردنەوە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی١٣ ی جولای ٢٠١٩ زایینی بەرامبەر بە ٢٢ ی پوشپەڕی ١٣٩٨ ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی سیاسی حیزبە کوردستانی و ئیرانیەکان و دۆستانی بیانی، لە گۆڕستانی پێرلاشێز،ی شاری پاریس، وڵاتی فەڕانسە و لە ٣٠هەمین ساڵەی تێرۆری وییەن دا کۆبونەوە. سەدان کەس لە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و دژبەری ڕژیمی ئیسلامی ئێران، کە بەشێکیان لە وڵاتانی دیکەی ئوروپاوە ڕوویان لە پاریس کردبوو، بە مەبەستی سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی تیروری ناجوامێرانەی ڕێبەری هەڵکەوتووی گەلی کورد و سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو و هاوڕێیانی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و دوکتۆر فازڵ ڕەسوڵ و دووپات کردنەوەی وەفاداری بە ڕێبازە پیرۆزەکەیان لە پیرلاشیز پێک گەشتن.

ئامادەبووان لە بەردەرگای گۆڕستانی بەناوبانگی پێرلاشێزەوە کۆبوونەوە و پاشان بە ڕێپێوان بەرەو گڵکۆی دوکتۆر قاسملوی هەمیشە زیندوو ڕێکەوتن و بەرنامەکە پاراستنی چرکەساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکەمان دەستی پێکرد.

پاشان خاتو شیلان مودەڕەسی وەکو پێشکەشکاری بەرنامەکە بە زمانەکانی کوردی و فارسی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و دواتر تێکڕا گوێبیستی سرودی ئەی شەهیدان بووین.

پاشان بەڕێزان کاک سەعید بیگزادە و کاک مەولود سوارە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چەپکە گوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەش بە گڵکۆی شەهیدان کرد..

بەشی یەکەم بەرنامە بە وتەکانی بەڕێز کاک سەعید بیگزادە بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات دەستی پێکرد. لە درێژەی مەڕاسیمەکەدا وتە بەنرخەکانی دوکتۆر قاسملوی مەزن لە لایان پێشکەشکاری بەرنامەکەوە دەخوێندرانەوە.

پاشان هاوڕێ سوڵتان گوڵاوی «بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان» پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئیرانی پێشکەش کرد.

دواتر کاک مەنسور خوسرەوی هاوسەری شەهید خاتو سوهەیلا قادری کە بۆ بەشداری لە مەراسیمەکەدا لە کوردستانەوە هاتبوو، پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دووهەمین وتاری مەراسیمەکە بە زمانی فەڕانسەوی لە














لایەن کەسایەتی سیاسی دوکتۆر عەزیز مامڵێ پێشکەش کرا. بە دوای ئەو دا بەڕێز دوکتور فردریك تیسۆ دۆستی لەمێژینە گەلی کورد چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد کە لەلایەن دوکتۆر عەزیز مامڵێ،وە لە فەڕانس،یەوە وەرگێڕایەوە سەر کوردی.



ئینجا بەڕێز مەولوود سوارە لە وتەیەک دا لە لایەن کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حدک،وە سوپاسی دوکتور فردریك و هەموو دۆستانی فەرانسەوی کرد کە هەمیشە پشتیوانی جولانەوەی بەرحەقی کورد بوون ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئەو پشتیوانەیە دەربری.



هەروەها هەرلەو پیوەندیەدا بەڕێزان کاک سەعید بیگزادە و مەولوود سوارەوە وێنەیەکی تایبەتی دوکتۆر قاسملوو کە لە سەر فەرشێک نەخشیدرابوو، وەک وەفایەک بۆ ئەو دڵسۆزییەی بەڕێزیان پێشکەش بە دوکتۆر فردریك تیسۆ کرد.

هاوڕێی هێژا کاک مەولود سوارە پەیامی سکرتێری ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بەڕێز لویس ئەیالای پێشکەشی ئامادەبووانی کرد.



یەکێکی تر لە وتاربێژەکانی بەرنامە کەسایەتی سیاسی بەڕێز دوکتۆر حوسەین لاجوەردی بوو کە پەیامی پشتگیری و هاودەنگی خۆی بۆ حیزب و تیکۆشەرانی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستان دووپات کردەوە.

دواتر چەپکە گوڵی ڕێز و وەفای بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە لایان خاتوو شەوبۆ وەنەوشە و کاک مەنسور خوسرەوی پێشکەش بە گڵکۆی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر کرا.



لە درێژەی مەڕاسیمەکەدا چەندین پەیام لە لایان نوێنەری ڕێکخراوە بەشدارەکانەوە پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

پەیامی «سازمان اتحادیه فداییان خلق ایران» بە زمانی فارسی لە لایەن خاتو ایران دخت انصاری،ئەندامی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە.














On Monday 13th of July 1989
The Kurdish Leader
Dr. Abdulrahman Ghassemlou
was assassinated by Iranian
terrorists in Vienna.

















پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن هاورێی تێکۆشەر فەرزانە ڕەشیدزادە

پەیامی «شورای دیموکراسی خوازانی ئێران» لە لایان هاوڕێ ئەدیسۆن فەرمەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە بریتانیا

پەیامی «کۆمبەندی هاوپەیوەندی بۆ ئازادی و بەرامبەری لە ئێران» لە لایەن هاوڕێ ئارش زەمانی ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە فەرانسە.

پەیامی کۆنفیدڕاسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا لە لایان بەرێز ولات نەهری.

پێویست بەئاماژەیە، بەشێك لە ئەندامانی بنەماڵەی نەمران دوکتۆر قاسملو و عەبداللەی قادری ئازەر ئامادە رێ و رەسمەکە بوون.

لە کۆتایی مەراسمەکەدا بەرێز کاک سەعید بەگزادە وێرای دەربرینی سپاس و پێزانین بۆ ئامادەبوونی بەشداران کۆتایی بە مەراسمەکە هێنا و ئینجا تێکرای ئامادە بووان بە مەبەستی نۆێ کردنەوەی بەڵێن و ڕێز لە شەهیدانی میکۆنوس چوونە سەر گڵکۆی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕییانی و تاجە گولینەی ڕێز و وەفا لەلایەن بەرێز کاک خانەی ماملێ و هاورێی تێکۆشەر کوێستان گادانی،یەوە خرایە سەر گڵکۆی پیرۆزیان.

کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٣٠ سالەی شەهیدانی وییەن

**نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - بریتانیا**


























# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٣٠ی ساڵەی تیرۆری شەهیدانی ڤییەن شەقامەکانی لەندەنیان هەژاند.

ڕێکەوتی ١٥ی جولای ٢٠١٩ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە لەندەن بە بەشداری ئەندامان و لایەنگرانی لایەنکانی ناوەندی هاوکاریی و هەروەها ڕەوەندی کورد لە بریتانیا خۆپێشاندانیان بۆ نارەزایەتی و بیرهێنانەوەی بیرورای گشتی لەمەر تیرۆری ناجوێمێرانەی شەهید دوکتۆر عبدالرەحمان قاسملو ڕێبەری جولانەوەی کورد و کاك عبداللە قادری ئازەر لە ڤییەن ڕێکخست.

ئەم خۆپێشاندانە بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد

پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستان لەلایەن کاک فەرید دەیهیم بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا پێشکەشی بەشدار بووان کرا.

پەیامی همبستگی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران لەلایەن کاک کەیوان ڕەسول ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا پێش کەش کرا.

ئەو جار بە دروشم دان بەرەو باڵوێزخانەی ئوتریش وەرێ کەوتن

لە کۆتای بەرنامەکەدا سوپاسنامەی ناوەند لەلایەن کاك مەحمەد ئەفەندی ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا خوێندرایەوە.

لەو خۆپێشاندانە بەدەیان دروشمی کوردی، فارسی ئینگلیسی دران هەروەها چەند شیعر و پەخشان پێشکەش کرا.

کاتژمێری ٤ی پاشنیوەڕۆ کۆتای بە خۆپێشاندانەکەدرا.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**




































# نە لەبیرت دەکەین، نە لێیان خۆش دەبین بەرژەوەندیی پشتگیری لە جووڵانەوەی کورد!



**لە ژمارە ٧٥٤ی ڕۆژنامەی کوردستان و ٣٠ ساڵەی تێرۆری شەهیدانی وییەن و ووتارێکم بەم بۆنەیەوە.**

٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژێکی لەبیرنەکراو و تاڵ بۆ کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆری دکتۆر قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێمۆکرات و ناسراوترین ڕێبەری کوردەکانی ڕۆژهەڵات تێپەڕی. دوکتۆر قاسملوو پاش بەشداریی لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست کە لە سوئێد بەرێوە چوو، بۆ وتوویژ و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران و، درێژەی وتووێژەکان دەگەڵ نێردراوانی دەوڵەتی ئێران چوو بۆ وییەن.

قاسملوو لەسەر ئەساسی ئەو فکرە کە هەر لە بنەڕەت ڕا کورد خوازیاری شەڕ و کوشت و کوشتار نییە و، لە لایەکی دیکەش ڕاست لەو کاتانەدا کە ڕێژیمی ئێران پاش هەشت ساڵ شەری وێرانکارانە دەگەڵ ئێراق تازە ئاگربەس و کۆتاییهێنان بە شەڕی قبوول کردبوو و، واویدەچوو کە پێویستی بە بڕێک ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی وێرانی خۆی هەبێ، بۆ نیشاندانی نیازپاکیی زیاتری کوردەکان و بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی کوردستانیش بگرێتەوە، هەوڵی سازان و ڕێککەوتنی دەدا. هەر بەو مەبەستەش بێ لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنیی دانیشتنەکان دەگەڵ بەرواڵەت دیپلۆماتەکانی ڕێژیمی ئێران چووە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەو بە نییەتی باش و کۆتاییهێنان بە شەڕ لە کوردستان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران ڕێگای وتووێژی گرتە بەر. لایەنی بەرانبەریش واتا دەسەڵاتدارانی ئێران لە جیاتی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، وەک سیاسەت و ئیدە و رەوشتی نەگۆریان، کە کوشتن و تێرۆر و لەنێوبردنە، پڵانیان بۆ کوشتنی قاسملوو و هاورێیانی داڕشتبوو.

تێرۆری وییەن، نە یەکەم پیلانی تێرۆریستیی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو و، نە لە دوای ئەم تێرۆرەش کۆتاییان بە سیاسەتی حەزفی فیزیکیی نەیاران و جیابیرانیان هێناوە. لە ماوەی هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لە ئێران، هەتا ئیستا زیاتر لە شەست هەزار کەس لە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون. زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد لە باشوری کوردستان، بێ لەبەرچاوی گرتنی سەروەریی وڵاتی جیران لە لەلایەن تیرۆریستەکانی ئیرانەوە تێرۆر کراون. بەدەیان کەس ڕفێندراون و بێسەروشوێن کراون. لە زۆر وڵاتی ئوروپایی و تەنانەت وڵاتانی بەشەکانی دیکەی جیهانیش کردەوەی تیرۆریستی بەهۆی بەکرێگیراوانی سەر بەو ڕێژیمە لە دژی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کراون.

تێرۆر و لەنێوبردنی نەیاران و جیابیران بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شتیکی شاراوە نیە و هەموان لێی ئاگادارن. کوردەکان و نیشتمانەکەیان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراون و، ئەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەچێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی بەردەوام و بێ پسانەوەیان هەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا هەوڵ دەدرا تەنانەت دەنگدانەوەی خەباتەکەشیان کپ بکرێ، ئیستا ئەم خەباتەیان بۆ ناشاردرێتەوە. ئەوانەی پێشتر قاسملوویان ناسیوە، دەزانن کە کەسایەتی و بیر و ئەندیشەی ئەو پیاوە دەیتوانی لە چارەسەرکردنی زۆر لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یارمەتیدەر بێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەی چۆن بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی وڵاتی ئوتریش، کاتێک ئەو ڕێبەرە سیاسییە کوردە لە ڤییەن تیرۆر کرا، بە بەرچاوی هەموو جیهان و تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندە ئابووری و بازرگانییەکانی دوو وڵات، کە بێگومان ئەوەندە زۆریش نەبوون کە هەموو بایەخە مرۆڤایەتیەکانیان بۆ ژێرپێ بخرێ، تێرۆریستەکانی ناردەوە تاران؟ ئایا نەدەبوو وڵاتانی ئوروپایی کە ناوەندی دەسەڵاتی دێمۆکراتیکی جیهانن، و بۆ خۆیان دەڵێن لەسەر مافی مرۆڤ بە جوابن، لە ئاست ئەم ساتوسەودا شەرماوییەدا نارەزایەتیان دەربڕیبا؟ بڵێی کوردەکان بتوانن ئەم غەدرەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لەبیر خۆیان بەرنەوە؟

سێ ساڵ پاش ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە بنکە و ماکەی تێرور و کوشت و کوشتار. ئەم ڕێژیمە نەک هەر لە نیوخۆی وڵاتدا ژیانی لە خەڵک کردوە بە جەهەننەم، بەڵکوو بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی رەشی مەزهەبی، چاوی تەماحی بڕیوەتە وڵاتانی دیکەی ناوچە. بەبەرچاوی هەموو گەورە هێزەکان دەست لە کاروباری نیوخۆیی وڵاتانی ناوچە وەردەدا و ئیددیعای بەش و دەسەڵاتی هەیە. ئەوان لەهەر جێگایەک بن، کوشتن و ژێر پێنانی بایەخەئینسانیەکان بەدیاری دێنن، و کوردیش ئیستا لەو چوار وڵاتەی دراوسێدا بە گشتی بوونەتە قەڵخان و دەبەرانبەر تێرۆر و تێرۆریسم و دەسەڵاتە دواکەوتۆکاندا پێشەنگی خەبات و قوربانیدانن. بۆیە نارەوایە ئەگەر ئەم فیداکارییانە بێ وڵام بن و خەبات و قوربانیدانی ئێمە لە پێناوی ئەو بایەخ و ئامانج و پرەنسیپانەی کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی جێگای ڕێزن، نەبیندرێ و بە تەنیا بهێڵدرێتەوە.

هەموو لایەک باش شارەزان کە کورد ئیستا گەورەترین میللەتی بێ وڵاتی جیهانە و بە توندترین شیوەی مومکین سەرکەوت دەکرێ و پێش بە چوونە پێشی دەگیرێ. حەق وایە و دەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایە کە کورد بایەخی زیاتری پێ بدرێ و پشتی خەباتە ڕەواکەی بگیرێ.

لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری قاسملوو و هاوڕێیانیدا جارێکی دیکە وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی ئەو کەسایەتییە گەورە، پەیمانی وەفاداری نوێ دەکەینەوە کە لەجاران زیاتر لەسەر خەباتی رەوای گەلەکەمان شێلگیرتر بین و، تا وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزوەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدەمان، دریژەدەر و پێشمەرگەی ڕێگا و ئامانجەکانی بین.

**بەرەو جیهانێکی بێ کوشتار، بەرەو داهاتوویەکی بەدوور لە سەرکوت و سڕینەوە و بێمافی بۆ نەتەوەی کورد.**

# ٧٤ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەرز نرخێندرا

حیزبی دێموکرات یەکەم حیزب نەبوو کە دامەزرا بەڵام یەکەم حیزب بوو کە قەڵا چۆڵکراو قەڵای بەرخۆدانی چۆڵ نەکرد یەکەم حیزب بوو کە جەستەی بەبرینی تەوری ستەمکاران هەڵا هەڵا کرا بەڵام مایەوە و لەسەر پێ ڕاوەستا.

ڕێکەوتی ١٧ی ئۆگوستی ٢٠١٩ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا مەراسمێکی شیاو و جوانی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٤ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو بەشی جیاوازدا بەڕێوە بەرێوە برد.

سەرەتا لەلایەن پێشکەشکاری بەرنامە خاتوو مینا سوارە بەخێرهاتنی میوانەکان و نوێنەری حیزب و لایەنەکانی کوردستانی و نەتەوەکانی تری ئێران کرا.

ئەوجار بەرنامەکە بەسروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد لەلایەن خاتوو ژاڵە و بەشداربووانەوە

دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان.

ئەوجار بەڕێز کاک ئیدیسۆن فەرامەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەگەل بەخێرهاتنی میوانەکان و داوای لەبەڕێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە بفەرموون بۆ پێشکەش کردنی سمینارەکە.












**بەشێکی کورت لەووتەکانی کاک خالید عەزیزی لەسمینارەکەدا:**
**لێدوانی کاک خالد عەزیزی لە ڕێوڕەسمی ٧٤مین، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەورازگەلێکی زۆری بڕیوە لە پێناو چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کودستان و فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گواستنەوەی بیری دەوڵەتداری بووە نێو چین و توێژە جیا جیاکانی ڕۆژهەڵات و هەر لەم پێوەندییە دا، نەک هەر بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو بۆ باشووری کوردستانیش بوو بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەتداری کردن.

جێگە و پێگەی ڕێبەرانی شەهید و ئەندامانی حدک لە مێژووی ئەو حیزبەدا، کارنامەیەکی زێڕینە لە بەردەوام بوونی حدک لە ڕێبازی کۆماری کوردستان.

کۆماری ئیسلامی بە سارۆخ لێیداین و ڕاستە ئێمە سارۆخمان نەبوو وڵامیان دەینەوە، بەڵام لە سارۆخ کاریگەر تر، مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بوو کە میلوێنان کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیان وت، گەر بە سارۆخ لە ڕێبەرانی ئێمە بدەن، ئێمەش لێرە بە مانگرتنمان سرنجی هەموو وڵاتانی دونیا ڕادەکێشین بۆو موشەکباران کردنەی ڕێبەرانمان.

هاودەنگ بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکەوە بۆ دانیشتن لەتەک کۆماری ئیسلامی ئێران بە نێوەنجی لایەنێکی ئرووپایی، نیشاندەری تەبایی نێوان حیزبەکانە کە پێویستە بە هێند وەرگیرێ.

بەشێك تری سمینارەکە تەرخان کرا بوو بۆ پرسیار و وڵام. لەلایەن خاتوو مینا سوارەوە پەخشانێك پێشکەش کراو ئەوجار















































لەلایەن نوێنەری حیزب و لایەنەسیاسیەکانەوە مۆمی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەی پێشەوا قازی هەڵکران هەروەها نێوی حیزب و لایەنەکانی سیاسی کوردستانی و نەتەوەکای ئێران کە بەم بۆنەوە پەیام و بروسکەی پیرۆزبایان بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ناردبوو، بەڵام لەبەر کەمی کات تەنیا نێوەکانیان خوێندرانەوە لەگەڵ سوپاس و رێزی یەکجار زۆرمان.

١-بزووتنەوەی گۆران
٢- پارتی سۆسیالیستی کوردستان
٣- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٤- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
٥- پارتی دێموکراتی کوردستان
٦- یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
٧- حزب تزامن دمکراتیك اهواز
٨-جبهە متعد بلوچستان
٩- حیزبی مردم بلوچستان
١٠ یەکگرتویی ئیسلامی کوردستان
١١- یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
١٢- مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن
١٣- بەرێز بنی تورف عەزیزی نوسەر و شاعری ئەهوازی

پەزیرای لەمیوانان و سەرفی شام بۆ ئەو بەشە لەبەرنامەکە و پشودانێك تەرخان کرابوو.

**بەشی دووهەمی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ بەشی هونەری کە لەلایەن هونەرمەندانی خۆشەیستەوە ژالە سەباح رەواندوزی، کاک رەوەز گەلالەی و کاک سالا تاسید بە گۆران و موسیقا بەرنامەکەیان رازاوەتر کرد.**

لیرەدا بەپێویستی دەزانین بەنێوی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا سوپاس و پێزانینی تایبەت لە بەشی پەزیرای و تیمی چاوەدێری رێ و رەسمەکە بکەین کە ئەو پەری زەحمەتیان کێشا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**





Join us to celebrate
74th anniversary
Of the Kurdistan Democratic Party (KDP-IRAN)
پیرۆز بێت یادی ٧٤ساڵەی
دامەزراتی حیزبی دیموکراتی کوردستان
کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەم بۆنەوە لە دوو بەش دا
ئەم مەراسیمە بەرێوە دەبات بەشێکی سمینار و بەشی دووهەمی بە بەشداری
چەند هونەرمەندی خۆشەویستی گەلەکەمان.
ریکەوتی ١٧ی نۆکوستی ٢٠١٩، کاتژمێر ٤ی پاش نیوەرۆ
(نرخی بلیت بە خواردن و خواردنەوە ٢٥ پوند)
بۆ پەیوەندی گرتن:
٠٧٩٥١٩٣٢٦٠٣
سالار ناسید
ژاڵە
رەوەز گەلالە
سەباح رەواندوز
ناونیشان:
IMPERIA
Banqueting Hall & Conference Room
6 Cavendish Parade, Bath Road, TW4 7DJ
(Opposite Hounslow West Tube Station)














# سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ تێکۆشەری دێرین کاك هاشم کەریمی لە یەکێك نەخۆشخانەکانی شاری لەندەن

رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢ی سپتامبری ٢٠١٩هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا سەردانی پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات بەرێز کاک هاشم کەریمی لە نەخۆشانە کرد

لەو سەردانەدا بەرێز کەریمی سپاسی و ماندوو بوونی کارو چالاکیەکانی حیزبی لە وڵاتی بریتانیا کرد و خۆشحاڵی خۆی لە بەسەر کردنەوە دەربڕی.

کاک هاشم کەریمی یەکێک لە ڕێبەرانی ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دیموکراتە کە دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆی کردە قوربانی ئامانجەکانی کەلەکەمان. بەڕێزکاک هاشم لە کۆنگرەی ٣ی حیزبەوە چووە ڕیزی ڕێبەرییەوە هەتاکۆنگرەی ١٠ ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی حیزب بوو.

هەیئەتی حیزبی هیوا چاکبوونەوەی بەپەلە و سەلامەتییان بۆ ئەو تێکۆشەرە خۆشەویستەی گەلەکەمان خواست.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان – کۆمیتەی بریتانیا**



# ئاگاداری:

ئاگاداری هەموو کوردستانیان و ئازادیخوازانی دانیشتووی وڵاتی بریتانیا دەکەین کە لە یەکەمین ساڵوەگەڕی هێرشی موشەکی ڕژیمی تێرۆریستی ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و قەڵای دیموکرات لە شاری کۆیە و هەروەها لە ٢٧هەمین ساڵیادی تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەر و سەرکردەی زانامان دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕیستورانی میکۆنۆس لە ئاڵمان، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی بۆ ڕیسوا کردنی ئەو تێرورانە و مێژووی پڕ لە خوێن و کوشتاری ئەو ڕژیمە نگریسە لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەڕێوە دەچێ.

کات: ڕۆژی یەکشەممە
ڕێکەوتی ٨-٩-٢٠١٩
کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ

Embassy of The Islamic Republic of Iran
16 Princes Gate,
Knightsbridge,
London SW7 1PT, UK

**حیزبی دیموکراتی کوردستان — کۆمیتەی بریتانیا**



# خۆپیشاندانی ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لەندەن

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٨ی سپتامبری ٢٠١٩ کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بە مەبەستی ڕیسوا کردنی ٢٧مین ساڵیادی تێرۆی ناجوامێرانەی ڕێبەری زانا و هەمیشە زیندوو، دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنوس و هەروەها یەکەمین ساڵوەگەری مووشەکبارانی قەڵای هەمیشە خۆڕاگری دێموکرات بە دەستی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی، خۆپیشاندانێکیان بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزب و نوێنەری چەند ڕێکخراوی دۆست و هاوپەیمان، لە بەر دەم باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی لە شاری لەندەن ڕێکخست.

ئەم خۆپیشاندانە گەورەیە بە چرکەیەک بێدەنگی لە لایەن بەشداربوانەوە دەستی پێکرد و دواتر سروودی ئەری ڕەقیب و دواتر سروودی ئەی شەهیدان لەلایەن بەشدار بووانەوە دەستپێکی بەرنامەکە بوو پاشان بەرێز کەیوان شێرزاد بە کورتی باسی سیاسەتی٤٠ ساڵەی ڕژیمی تێرۆریستی ئێرانی دژ بە حیزبی دێموکرات وگەلی کورد کرد و چۆنێتی تێرۆری دکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی وە هەروەها مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تەقینەوەکەی شەوی یەلدای خوێناوی و هەروەها شەهید کردنی ٤ ئەندامی و دۆستی حیزبەکەمان لە حەوتووی رابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئەو ڕژیمە فاشیستە بۆ بەشداربووان هێنایەوە بەرباس. هەلکردنی مۆم بەنیشانەی ڕێز و وەفا بەشەهیدان لەلایەن بەشداربووانەوە بەشێکی ئەو خۆپیشاندانە بوو.

دواتر خۆپیشاندانەکە بە دروشمی جۆراوجۆر کوردی و فارسی و ئینگلیسی هەروەها و چەندین پەخشان و سروودی شۆرشگێری بۆ مەحکومکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستیانە درێژەی کێشا.

بەرێز ئەدیسۆن فەرامەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەشی بەشدار بووان کرد

لە بەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکە بەرێز حافز فازلی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی تەزامن ئەهواز بەنوێنەرایەتی شورای دمکراسی خوازان ووتەیەکی لەو پێوەندیەدا پێشکەش کرد و وێڕای مەحکومکردنی مووشەکبارانی بارانی قەڵای دێموکرات،جەختی لەوەکردەوە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران دەبێت دژی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکرەنگ و یەکدەنگ بن.

لە کۆتایی بەرنامەکە بەرێز کاوە مودەرسی لەلایەن کۆمیتەوە سپاسی بەشداربووانی کرد و بەڵێنی دا بە خوێنی شەهیدان کە تا دوا هەناسە بەردەوام بن لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جێگای ئاماژەیە کە شوێنی خۆپیشاندانەکە بەئالا و ئارم و دروشم وێنەی ڕێبەرانی شەهید و هەروەها وێنەی موشکبارانی ١٧ی خەرمان و هەروەها پەیامێك بەئینگلیسی لەسەر ڕووداوەکەی ٨ی سپتامبر لەنێو خەلکانی بیانی بلاوکرایەوە.

کاتژمێری ٤ی پاشنیوەڕۆ کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**



**بیرورای گشتیی جیهان**
**کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان**
**بەشدارانی ماف خواز لە بزووتنەوەی کوردان**
**بەشدارانی بەڕێز، تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لێرە کۆبووینەوە، هەتا لە یەکەمێن ساڵیادی کارەساتێکی سامناک و دژی گەلی، کە لە ٨ ی سێپتامبری ٢٠١٨ بەرانبەر بە ١٧ ی خەرمانانی ١٣٩٧ خولْقێنرا، ڕێز بگرین و زۆر بەرزی بنرخێنیین. لەو ڕۆژە دا، ڕێژیمی سەرەڕۆیی دینی و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتیی و لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مافخوازەکانی، ئەو گەلەی بەتایبەتی کردە ئامانجی جینایەتکارانەکەی.

کەرسە و چەکە مودێرنەکانی نزیک دوو دەیەی سەدەی بیستویەکمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بە ئیمکانی و پووڵی دەیان میلیۆن کەس لە گەلانی ئێران کە بۆ بەرگری لە ئاست شەڕی وڵاتانی هێرشکاردەبوو کەلکی لێوەرگرێ، سەدان کیلومێتر دوور لە جوغرافیای ئەو وڵاتە، دێموکراتەکان- کە بەتەمەنترین تێکۆشەران و فیداکارترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلەیان لە مێژووی پڕ لە شانازی ڕێبازی کۆماری کوردستان و ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کورستانیان لە مێژووی پڕ کەند و کۆسپی خەبات دا، هەبوە و هەیە- بەکار هێنا.

پلینۆمی سیاسی و پڕ باسی ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کە زۆر ژیرانە و ژێربێژانە، لە فەزایەکی مەدەنی و کاری ڕۆژانەی خۆی لە قەڵای دێموکڕات دا، دەرد و مەینەتییەکانی گەلانی ئارایی لە ئێرانیان تاوتوێ دەرکرد و سەبارەت بە بەهێزکردنی ناوەندە هاوبەشەکانی پێک هاتوویی سەرانسەری و ناوچەیی و چۆنیەتیی بەرفراونکردنیان، و لەنێو ئەوان دا، لێک نزیک کردنەوەی هێز و لایەنە خەباتکارەکانی کورد لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری دا، تاوتوێ دەکرد، بە فڕەکەکانی بێفڕکەوان و مووشەکەی بالیستیکە دوورهاوێژەکانی سپای پاسداران، هێرشی زۆر دڕدانە و تێرۆریستی پێکرا.

لەوهێرشە قین لەدڵە نیزامییە دا، بەداخەوە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان — کە پتر لە ١٢ ساڵە ژێربێژانە و مەنتیقی- لە هەموو ڕەهەندەکانی تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بیر و تەدبیری ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی، لە باشووری کوردستان و دەرەوەی نیشتیمان، بە پشتیوانی ئەندامان، خەڵک، لایەنگر و دۆستانی، کاریگەری گرینگی لەنێو کورد و ناکوردەکان و کۆڕ و کۆمەڵە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانی بیانی داناوە و بەرەو نیهادینە بوونی شوناس و ئادرەسێکی بەتوانا، هەنگاوێ زۆر مەزنی ناوە، گەورەترین قوربانی کردەوە شۆڕشگێڕیەکانی بۆوە.

لەو هێرشە پڕ شوورەیی و دژی مرۆڤانە دا، دوژمن کە سەری سەودا سەری ئازادی ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی بەتەواوی مەبەست بوو، بەداخەوە ١٦ کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی گەل — کە قاڵبووی ماوەی تێکۆشانی سەخت و دژواری ٤٠ ساڵەی قوتابخانەی دێمۆکڕات بوون- و لەنێو ئەوان دا، ٦ ئەندامی ڕێبەری و لەنێو ڕێبەریش دا، دوو ژنە تەوار ئاسای بەرزفڕی دێموکڕات، بەداخەوە گیانیان لێ ئەستێندرا. نزیکەی






٥٠ کەسیش برینی جۆراجۆریان تووش کرا. دیسان بەداخەوە لە نێو بریندارەکانیش دا، بەڕێوەبەران و تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان- کە ڕێبەرە کانی کۆن و نوێیەکەیان خەڵتانی خوێن کرابوو- تەنانەت ژمارەیەک لە منداڵەکانیشیان، زۆر قورس زامدار بوون.

هەروەها، لەو هێرشە قێزوەنە دا، بەداخەوە دوو پێشمەرگەی حدکاش گیانیان لێ ئەستێندرا. کاروانی شەهیدانی ئەمجارە ی دێموکڕاتەکان، لە ٢٠ کەس نزیک بۆوە.

کارەساتی ١٧ خەرمانان بەشێکی دیکەی زۆر جێی تێڕامانی هەبوو. بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە سێ لاوی کوردی تێکۆشەر و نارازی مەدەنیی — کە دوو کەسیان زانیار و لوقمانی مرادی- دوای نزیکە ١٠ ساڵ زیندانی کران بە تاوانی نەکردوو، بە بەسەرداسەپانی گیان لێئەستاندن و رامین حوسێن پەناهی تێکۆشەری سیاسی و پێشمەرگەی دەستبەسەر کراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێر، لە زیندانی کۆماری پەت و سیدارە، ئێعدام کران.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێنج (٥) ڕۆژ دوای ئەو کردەوە تێرۆریستییە، وڵامێکی پڕ لە بێزاری و تووڕەیی خامۆشی لە خەڵکی کوردستان وەرگرتەوە. خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا بە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی، کاریگەرترین وڵامیان بە تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات و تاوانەکانی دیکە دایەوە. هەر بۆیە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی کوردستان، حەماسەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەی پڕشکۆی ڕۆژهەڵات، ڕێفراندۆمێک بۆ ڕاگەیاندنی هاودەنگیی خەڵکی کوردستان لە پشتگیرییان بۆ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەتی ١٧ ی خەرمانان بوو. چوونکە سەرجەمی ئەو کردەوە دژی ئینسانیانە ویژدانی میللیان هەژاند.

**بەڕێزان!**

لەکاتێک دا، یادی یەک ساڵەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکەینەوە کە لە ١٧ سێپتەمبەری ئەمساڵیش ٢٧ مین ساڵوگەڕی جینایەتی میکۆنۆسە. لەو کارەساتیش دا، دکتور سادق(سەعید) شەرفکەندی- سکرتێری زانا و بە توانای، دوای تێرۆڕی دکتور قاسملووی بلیمەت- و هاوڕێیانی کاک فەتاح عەبدوولی، کاک هومایون ئەردەڵان و کاک نووری دێهکوردی، لە ڕێستووڕانی میکۆنۆس لە گەڕەکێکی شاری بەڵینی ئاڵمان، کە بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی دژی سەرۆیی دینی لە ئیران دا، لەگەڵ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی چەپ لە را و راوێژ دابوون، بەدستی رەش و پڕ لەخوێنڕێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەداخەوە گیانیان لێئەستاندرا.

دکتور شەرفکەندی و هاوڕێیان حیزبی لەگەڵ نووری دێهکوردی- تێکۆشەری ڕێی ئازادی و مافی ئینسانی و وەرگێڕ- لە کۆبوونەوەکانی ئینترناسیۆنال — سوسیالیست، کە دوای ڕێکخراوایی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو کاتی دا، گرینگترین ڕێکخراوە بوو، بەشدار بوون. لەوێ دا، بە بوونی کورد و حیزبی دێموکڕات، گرووپێ کاری کوردان دروست بوو. دواتر لەبەشی ژنان ئەو ڕێکخراوەیەش دا، بەشداری ژنان و کچانی تیکۆشەری دێمۆکڕات، تریبوونی پڕ باسی ئەوێیان بۆ باسی دەرد و ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ژێردەسەڵاتی داگیرکاران لە لایەک و مافخوازی کورد و پێشێلکرانی مافەکانیان لە لایەکی دیکە لە ڕۆژە ڤ و بەرنامەی کاری خۆیان دا، دانا.

ئێمە لێرە وێڕای بەرز و بەڕێز ڕاگرتنی یادی کارەساتەکانی دڵتەزێنی ١٧ ی خەرمانان و ١٧ ی سێپتامبر، کە لە تاوانە گەورەکانی کارنامەی رەش و ئەستتوری جینایەتەکانی پتر لە ٤٠ ساڵەی نگریسی کۆماری ئیسلام ئێرانن، وەک نەریتی بەرەوامان لە خەبات و تێکۆشان، بەڵینی خۆمان لەگەڵ خوێنی شەهیدان و نەمران نوێ دەکەینەوە و هاوپشتیوان و هاوسۆز لەگەڵ بنەماڵە بەڕێزەکانیان، بە چالاکی و هەوڵەکانمان هەتا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان و گیان لێئەستێندراوان، درێژە دەدەین و بۆ یەکریزی و یەکگرتوویی لە هەموو پتانسێلەکانی خۆمان کەلک وەردەگرین.

**سڵاو لە تێکۆشەران و زیندانییە سیاسیی و مەدەنیی و هاوپشتیوانەکانیان**
**سەرکەوێ خەبات رەوای مافخوازی و فرە رەهەندی نەتەوەکەمان**
**پەرە گرتوو و پتەو بێ یەکگرتوویی و یەکڕیزیمان**
**حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**
**٨ ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ (١٧ ی خەرمانای ١٣٩٨)**




























































Keep
religion out
of the state





# میوانداریێك لە دوکتۆر فردریێك تیسۆ لە لەندەن

رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٩-٩-٢٠١٨ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لەندەن میوانداریان لە بەڕێز دکتور فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشوی فەرانسە لە هەولێر و یاری بە وەفای دکتور قاسملووی نەمر و دڵسۆزی هەمیشەی حیزبی دێموکرات کرد.

لەو چاوپێکەوتەندا بەڕێز دکتور فرێدریک وێڕای سپاس و دەستخۆشی لە ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب لە بریتانیا هیوای سەرکەوتنی بۆ حیزبی دێموکرات خواست و دووپاتی کردەوە کە وەکو هەمیشە پشتگیری لە مافە رەواکانی حیزب دەکات بۆ رزگار بوونی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

هەروەها لەو کۆبونەوە دۆستانیەدا بەڕێز کەیوان رەسوڵی بە نۆنەرایەتی لە لایەن کۆمیتەی بریتانیا سپاسی هەوڵەکانی بەڕێز دکتور فردریکی کرد کە لە ئاستی نێوەدەوڵەتیدا کردویەتی و هیوای سلامەتی بۆ بەرێزیان خۆاست
شایانی باسە لەو کۆبونەوەیدا بەڕێز مەولود سوارە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و بەڕێز دوکتور فردریک باسی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و بە تایبەتی لە ئێران کردوو جەختیشیان لەوە کردەوە کە لەو کاتە هەستیارەدا گەلی کورد لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە کۆدنگی و یەکریزی هەیە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**






# «بۆ جەماوەر نەوەك بۆ ڕێژەیەكی كەم لە خەڵك»

## ئەوە دروشمی ئەمساڵی كۆنفرانسی پارتی كرێكارانی بریتانیا بوو كۆنفرانسی ساڵانەی پارتی كرێكارانی بریتانیا لەشاری برایتۆن بەسترا

حیزبی دێموكراتی كوردستان وەك هەمیشە و وەک حیزبی دەستە خوشك بۆ ئەم كنفرانسە بانگێشتن كرابوو.

لە بەشی نێونەتەوەییدا كە ڕۆژی ٢٣ی سپتامبری ٢٠١٩ بەڕێوەچوو، بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لەبریتانیا بەشدار بوو.

بەداخەوە كۆنفرانسی ئەمساڵیش وەك ساڵی ڕابروو بەهۆی كێشە نێو خۆییەكیان و هەروەها كێشەی «برێگزیت» باسێكی ئەوتۆی نێونەتەوەیی تێدا نەبوو. لە سمینارو دانیشتنەكاندا، ئەگەری هەڵبژاردن لە مانگی نوامبرو و هەروەها ریفراندۆم باسی زۆربەی هەرەزۆری كۆبونەوەكان بوون.

كاتژمێری ١٢ی نیوەرۆ بۆ بەشی نێونەتەوەیی، پارتی كرێكاران بانگێشتی بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەكانیان كرد بۆ سەرفی نەهار و لەم نیوەڕۆ خوانەدا وەزیری گەشەپێدان و هەروەها وەزیری ژینگەو یەكێك لە ئەندامانی پارلمانی ئەورووپا لەسەر لیستی پارتی كرێكاران، روانگەو بۆچونی خۆیان لەسەر برێگزیت و مانەوە و نەمانەوە بە شەرت و بێ شەرت لەسەر هاتنەدەریان لە بازاری ئەورووپا بۆ بەشداربووان باس كرد.

كاتژمێری ٦ی ئێوارە، ئێوارەخوانێك بۆ بەشداربووانی نێونەتەوەیی ڕێكخرا كە لەو كۆبونەوەیەش دا هەریەك لەبەرێزان جێرمی كۆربین سەرۆكی پارتی كرێكاران و هەروەها خاتوو ئیمیلی ترۆنبێری وەزیری دەرەوە لە (سایە) و بەرێز شارداری لەندەن بەرێز سەدیق خان لەگەل بەخێرهاتن و سوپاسی بەشداربووان كۆی باسەكان هەر «برێكزیت» بوو.

لە میانەی كۆنفرانسەكەدا بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی رێبەریی حیزب چاوی بەبەشێكی بەرچاو لە میوانان و بەشداربووانی كۆنفرانسەكە كەوت و لەم دیدار تازەكردنەوەیەو لەمیانەی باسەكاندا لەسەر رووداوەكانی كوردستان وەبیرهێنانەوەی ١٧ی خەرمانان دوای ساڵێك بەسەر تێپەرینی موشەك بارانی قەلای دێموكرات باسی زۆربەی دیدار و چاوپێكەوتنەكان بوو.

لەم كنفرانسەدا نامیلكەی موشەك بارانی قەلای دێموكرات جارێكی دیكە بۆ تازەكردنەوەو لەیاد نەكردنی ئەم كارەساتە لە نێو بەشێكی زۆری بەشدار بووانی كۆنفرانس و هەروەها










مێزی کنفرانسەکاندا بلاوکرایەوە.
بەشێکی بەرچاو لەدیدار تازەکردنەوە لەگەل بەرێزان:
جۆن هیلاری سەرۆکی بەشی هەماهەنگی نێونەتەوەی پارتی کرێکاران
بەرێز فابین هەمیلتۆن وەزیری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، ئەندامی پارلمانی بریتانیا.
بەرێز جێرمی کۆربین سەرۆکی پارتی کرێکارانی بریتانیا.
خاتوو ئەمیلی تۆربۆری وەزیری دەرەوەی بریتانیا (لەسایە) ئەندامی پارلمانی بریتانیا.
سەدیق خان شارەداری لەندەن و ئەندامی پارلمانی بریتانیا.
بەرێز کاک کاروان جەمال نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێز کاک خسرو ئاژگەیی بەرێوەبەری کاروباری سیاسی و میدیا لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان،کاک شێرکۆ حەبیب بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان لە قاهیرە و هەروەها بەرێز ئیبراهیم دۆگوز شارەداری لەمبێس و کاندید لەیبەر بۆ پارلمانی بریتانیا.

هەروەها بەشێکی بەرچاو لە نوێنەری و سەرۆکی حیزبەکانی دەستەخوشك و سەفیر و بالوێزەکانی وڵاتانی بەشدار لە کنفرانسەکە.

**ئەم حیزب و لایەنانەی کوردی بەشداری کنفرانسەکە بوون:**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**پارتی دێموکراتی کوردستان بەرێز شێرکۆ حەبیب**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک رزگار ئالانی**
**یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کاک هاوار حاجی**

**نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا**

























UKVIA
SME Labour
UKVIA
AN ECONOMIC SUCCESS STORY


SME Labour
sme4labour.org
CREATING JOBS ACROSS THE UK
UKVIA
TOP 10 FACTS ABOUT VAPING
WHAT DO WE DO?















# بەشداری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی بریتانیا دژ بە هێرشی ڕژیمی داگیرکەری تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان

هاوکات لە گەڵ دەستپێکردنی هێرشی دڕندانەی حکومەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا شان بە شانی کوردانی تاراوگە، وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و پاڵپشتی لە خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی بریتانیا بەشدارێکی بەرفراوانیان کرد و وێڕای ئیدانەکردنی توندی ئەو هێرشە نارەوایە، سپاسی پێشمەرگە قارەمانەکانیان کرد بۆ خۆڕاگری و بەرخۆردانی بێ وێنەیان دژ بە حکومەتی تورکیە.

شایەنی باسە کە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەریتانیا لە سەر داوای ڕێبەری حیزب و دوابەدوای پەیامی بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز مستەفا مەولوودی، ڕژانە سەر شەقامەکانی بریتانیا و بە شێوازێکی بێوێنە و بەردەوام پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەربری.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، وێڕای مەحکومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستێی حکومەتی تورکیە، داوا لە کۆمەڵگای نێوە دەوڵەتی و وڵاتانی زلهێزی دۆنیا بە تایبەت وڵاتی بریتانیا دەکات کە بە هانای کوردانی خۆڕاگری ڕۆژئاوا بچن و خۆڕاگری و شەری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان دژ بە گرۆپی تیرۆریستی داعش لە بیر نەکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**












STOP




DEFEND
STAND



**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**[ نوێنەرایەتی بریتانیا ]**

ئیمەیل:

info@kdppress.org

kdpeu@yahoo.com

وێبسایتەکان:

www.kurdistanukurd.com

www.kdpmedia.org

www.kdppress.org

www.kurdch.tv

www.shehid.com

www.lawan.com

www.xoragri.com

www.chawnews.com

www.rabari.org